# بەهەشتی یادەوەری




ئامادەکردنی

عومەر حاجی عەلی زەنگنە

ساڵی ٢٠١١

﴿بەناوی یەزدانی بەخشندە و میهربان﴾

﴿ وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِى ٱلْأَرْضِ مَرَحًا ﴿١٨﴾ ﴾ لقمان: ١٨

*** **بەهەشتی یادەوەری** ***

عومەر حاجی عەلی زەنگنە

خورماتوو — کەرکوك

گەرەکی — سەربازی

لە بڵاوکراوەکانی نووسەر .



١- تاریخ إمارات زنگەنە و إداراتها.
٢- قطوف الحكمة .
٣- لەبیرم دێ ژانەکانی کوردو شۆڕشی ئەیلول .
٤- گەلی کوردو یەکتا پەرستی .

ئەم پەرتووکانەش ئامادەی چاپ کردنە .

١- بەهەشتی یادەوەری .
٢- ئاڤێستا و یەکتا پەرستی .
٣- گوڵزاری شاعیران .
٤- کەلتووری کوردەواری .
٥- كنز المعارف .
٦- دیوانی (ڕێبوار) شعر .
٧- ئەم زانیاریانە بزانە

ناوی پەرتوک : بەهەشتی یادەوەری .

نوسەر- عومەر حاجی علی زەنگنە.

شوێنی چاپ * نووسینگەی ڕۆژ * خورماتوو .

تیراژ- ٥٠٠

نۆرەی چاپ- چاپی یەکەم

پیاچونەوە- دەستەی زانایانی ئاینی خورماتوو .

ژمارەی سپاردە ( ١ ) ساڵی ٢٠١٢ز پێدراوە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانەکان /هەولێر

بەڕێوەبەرایەتی کتێبخانەی کەرکوک

پێشکەش :

پێشکەشە بە گیانی پاکی پەیامبەری خۆشەویست حەزرەتی (موحەمەد) درودی خوای لەسەر بێ – وهەموو یارانی کە ئەم ئایەت و فەرموودە پیرۆزانەیان لێوە گەیاندراوە،

پێشکەشە بەو مرۆڤە بەئەمەکانەی ئێستاو رابوردوی گەلەکەمان کە هەمیشە شانازی بەرابوردوی باپیرانمانەوە دەکەن ، وانەو چێژ لە بەسەر هات و هەڵسوکەوتە جوانەکانیان وەردەگرن ، پەیرەوی ئاموژگاری و رێنمایەکانیان دەکەن ، رابوردوی پیرۆزی ئەوان بۆ نەوەکانی دوای خۆیان دەکەن بەسەر مەشقی ژیانیان بۆ بەدەستهێنانی ژیانێکی ئاسوودەو بەختەوەر ، لەسەر رووناکی و زانیاریەکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆز ،

پێشکەشە:

**بەگیانی پاکی (وەستا محمد جۆلا زەنگنە) وئەو شاسوارانەی کۆمەڵگەکەمان تەنها ڕێنمایەکانی قورئانی پیرۆزو فەرمودەکانی پەیامبەری خۆشەویستمانیان کردوە بە ئامانج و هیوای بەختەوەریمان لە هەردوو جیهاندا ،**

﴿ وَقُلِ ٱعْمَلُوا۟ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ ﴿١٠٥﴾ ﴾ (التوبة: ١٠٥)

الحمد لله رب العالمين ، والصلاة والسلام على سيدنا (محمد) وآله وصحبه أجمعين ،

أما بعد :

ئەوەی زۆر رون و ئاشکرایە لەلای هەموو مرۆڤێك کە خاوەنی هزرو هۆشیاری بێ ، تا چی رادەیەك بیری منالی ولاویەتی تیژە ، هەر منداڵێك تەندروست چاك و هۆشیار بێ ، هەر جۆرە گۆرانكاری و روداوو بەسەرهات و زانیاریەك بەسەریاندا تێپەڕبێ وبە چاو ببینێ و بەگوێ گوێ بیستیان بێ ، ئەو بەسەر هات و رووداو زانیاریانە ، ئەگەر خۆشی و کامەرانی بێ ، یا مایەی نیگەرانی و دڵ ئازاری ، ئەوا ئیتر ئەو بارو دۆخە و رووداوە ، زۆربە چاکی لە مێشك و دەروندا تۆمار دەبێ و دەچەسپێ ، ئەمەیش لە شێوەی ئەوەی کە نوسەرێکی زۆر کارامە و شارەزا بیان نوسێتەوە لەسەر کاغەز و لاپەڕەیەکی سپی ، یان لەشێوەی نەقاش و، وەستایەکی زیرەك و سەردەرچو لەسەر تەختە مەرمەڕێك سپی بە پێنوسێکی پۆلاین هەڵی بکۆڵێت و تۆماریان بکات ، هەربەو شێوەیە لە مێشك و هزردا جێگەی خۆیان دەکەنەوە و دەچەسپێنێت ، ئیتر بۆ هەتا هەتایی دوای ژیان لەم جێگایەدا دەمێنێتەوە ، مەگەر پیری و نەخۆشی کوشندە و مردن بتوانێ ئەم نەقشو نیگارە و نوسراوانە بسڕنەوە ، ئەم کارەیش کارێکی یەزدانیە و ئادەمی زادی بەم جۆرە و بەم شێوەیە دروست کردوە ، هەربۆیە ئێستا دەبینین بە هەزاران پیاوی گەورەو زانای بەناو بانگ دروست بونە و لەهزرو بیرو مێشکیاندا بەهەزاران جۆرە زانیاری گەورە و زانستی جۆراوجۆر کۆبونەتەوە لە ئەنجامدا ئەگەر بۆیان گونجابێت خستویانەتە سەر لاپەڕەکانی کاغەز و ئێستا ئەم خەڵکەی سەر گۆی ئەم زەویە لە دوای ئەوان سود لە زانیاریەکانیان

وەردەگرن بۆ خۆیان و بۆ نەوەکانی داهاتویانیش بەکاریان دەهێنن ، منیش وەك یەکێك لەم کۆمەڵکەیەدا لەتەمەنی منالیمەوە هەتاکو هەرەتی لاویەتی و بونم بە مرۆڤێکی ئاسایی ، زۆر لە نزیکەوە لەگەڵ خودا لێخۆشبوی مامم(وەستا محمدجۆلا)ی زەنگنەدا ژیاوم ، لە شێوەی باوك و باوکێکی جگەر سۆزە هەڵسوکەوتی لەتەکمدا کردوە ، وەکو کوڕێکی بەئەمەك و دڵسۆزیش گوێم بۆ فەرمایشتەکانو ڕێنمایەکانی هەڵخستوە ، ئەم پیاوە گەورە بە نرخە کانێکی گەوهەر بو پڕ لە گەوهەروو دوڕ و مرواری ، کانیاوێکی سازگاری سادەی ساردو شیرین بو ، بەهیچ جۆرێك کانزایەکی تاڵ و سوێر و بێکەڵکی تێکەڵ نەبو ، تۆزو ڕەشە باو گەردەلولکەی زەردی ژیانی سەر دەمەکەی خۆی کاریان نەکردبوە سەری ، ئاوە روون و سازگارەکەی لیڵ و شلیونە کردبو ، خۆی لە خۆیدا میوەیەکی بەتامو قوتویەکی پڕ لە هەنگوینی سادەو بێگەردی ناو چیاکانی کوردستان بو ، هەمیشە چرایەکی گەشی پرشنگ داری پڕ لە روناکی زانیاری ئاینی و کۆمەلایەتی بو ، رووناك کەرەوەی کۆڕ و کۆبونەوەی ناو دیوخانەکانی کوردەواری بو لە زەمان و لەدەورو بەرەکەی خۆیدا ، جێگای پرسووراو جێ بەجێ کردنی کارە پیرۆزەکان بو بۆ ئەو مرۆڤانەی لەدەورو بەرەکەیدا دەژیان بە رەعیە و بەسەرەك هۆزەکانیشەوە ، لەگەڵ پیاو ماقولان و زانایاندا لەگەڵ پیاوە گەورەکاندا رۆژان و شەوانی بەسەردەبرد ، لەگەڵ رەعیەو هەژاراندا رەعیە و هەژار بو ، منالی جوتیارەکان و هەژارانی دەوروبەرەکەی زۆر خۆشدەویست زۆر هانی دایکانی دەدا پاك و خاوێنی بە خێو یان بکەن دەیفەرمو(ئەمانە پیاوانی دوارۆژی گەلەکەمانن ، من باوەرم وایە ئەمانە لە ئێمە زیرەك تر و پیاوتر و سوار چاکتر دەبن) لە بەر ئەوەی هۆکارەکانی ئەم پیاوە زۆر کاری کردوتە سەر ژیانم ، ئێستا وهەتاکو لە ژیاندا ماوم هەڵسوکەوت و وتە بەنرخەکانی ورێنمایە پیرۆزەکانی لە یادو هزرما ماوەتەوە ورەنگیان

داوەتەوە ، هەر رێنمایەکی جوان و هەر هەڵسوکەوتێکی پیاوانە و سەرکەوتوانە بەچاو دەبینم ئەوکاتە لە شێوەی زەنگێك لە گوێچکەکانمدا دەزرنگێتەوە هەر کارو کردارێکی چاکە و هەررێی نما وە ، ئەو پیاوە گەورەیەم دێتە پێش چاو بەیادما دێت و کارە پیرۆزە کانی لە پێشم زەق دەبنەوە ، بۆیە ناچارم بڵێم ئەم وشە جوانانە و ئەم کارە شایستانە هەموویان لە کارو رەوشتە جوانەکانی (وەستا محمد) دەچن ، بۆ ئەوەی ناوی ئەم پیاوە بەرێزە و کارو رەوشتە جوانەکانی لە یادمان نەچن و لەگەڵ خۆمدا نەیان بەمە نێو گڵەوە، تەمەنمیش کەوتوەتە سەرەوەی شەست ساڵیەوە ، مردنیش نزیکترین کەسەو برا گەورەی هەموانە ، لەبەر ئەم هۆیانە بریارم دا ئەوەی لە یادەوەریەکانی لە مێشکمدا تۆمارکراوە ونەسراوەتەوە وئەوانەیش لە دووتۆی دەفتەرو پەرتوکە کۆنەکانمدا بەناوی ئەوەوە تۆمارکراون هەموویان کۆ بکەمەوە بیان کەم بە پەرتوکێك و بلاوی بکەمەوە ، ئەمەیش لە پێناوی ئەوەدا پاشماوەکانی خۆی بەتایبەتی و کۆمەلانی خەڵکی ولاتەکەم بەگشتی سودێکی لێوەربگرن ، ئەوەی ئاشکرایە لە لای هەمو خاوەن هەستێکی ئەمرۆ ئەو هەڵسوکەوتو بۆچون و بیروراپانەی ئەو سەردەمەی ئەم پیاوەمان تێدا ژیاوە لە گەڵ بیرو بۆچونی ئەم کاتەی ئێمەدا هەندێك گۆران و گۆرانکاری تێدا دەبینرێت لە هەموو بوارەکانی ژیانەوە — ئەوکاتەی (وەستا)ی رەحمەتی تێدا دەژیا تایبەتمەندێکی خۆی هەبو ، ئەم کاتەیش کە ئێمە تێیدا دەژین تایبەت مەندیەکی خۆی هەیە، هەرجۆرێك بێ من باوەرم لە چیای (جبل ناسازو بەرزایەکانی دێوەلان و گردە سەرێڵندە کەی قوڵتەپە) بە هێزو بەرز ترە بۆ گەواهی و بە پێزی و بەنرخی وتە و بۆچونەکانی ئەم پیاوە ، بۆیە دەتوانم بڵێم (گەوهەرو دورو مرواری) بەلای خاوەنەکانی خۆیانەوە ، هەرچەندە بمێنێ و دێرین بێت ئەوەندە بەهادار و بەنرختر دەبێ ، هەر بۆیە کورد گوتویەتی

(من لە ئاینێکی بێپەیام ، خەرگە و سیوانکم بۆ چییە):(من کەزێری بێخەوشم ، سەنگی مەحەکم بۆ چییە)

ئەو ئامۆژگاری و ڕێنماییانەی (وەستا محمد) کە هەمیشە ئاماژەی بۆ یان دەکرد ، بەگشتی پێک هاتبون لە ئایەتەکانی قورئان و فەرمایشتە بە نرخو پیرۆزەکانی پەیامبەری خۆشەویست و وتەو کارە جوانەکانی پیاوچاکان ، بێگومان هەر مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ ئاماژە بۆ ئەم مەبەستە گرنگە بکات ، ئاماژەی بۆ تەواوی ڕێو شوێن و بۆچونەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام کردوە ، یەزدانی گەورە و میهرەبان زۆر بەڕاشکاوی و بەئاشکرا ئاماژەی بە تەواوی و بتەوی و بێ کەموو کوڕی ئاینی ئیسلام کردوە، ئاینی ئیسلام کە دواترین هەمو ئاینەکانی ئاسمانیە و بەبێ هیچ کەمو کوڕێك بۆ سەر ئەم رووی زەویە دابەزیوە لەگەڵ گۆڕان و چەرخی جیهاندا هەر تازەیەو هەر بە نوێیی دەمێنێتەوە و لەگەڵ هەمو کات و زەمانێکدا گونجاو لەبارە ، بۆ ئەم مەبەستەیش یەزدانی گەورە لە قورئانی پیرۆزدا بەپەیامبەری خۆشەویست دەفەرمێت ، (ٱلْيَوْمَ أَكْمَلْتُ لَكُمْ دِينَكُمْ ﴿٣﴾ المائدة: ٣)[1] هەر شتێك یەزدان بە پوختو پتەو تەواوی لە قەڵەم بدات ، مرۆڤ ناتوانێ بەهیچ جۆرێ کەموو کوڕی لێبدۆزێتەوە ، لەبەر پیرۆزی ئەم پەرتوکە و پەیوەندی ڕاستە و خۆی بەئاینی ئیسلامەوە، وام بە چاك زانی ناوی بنێم (بەهەشتی یادەوەری) یەزدانی گەورە و مهربان لە سەرەوەی مەبەست .

عومەر حاجی عەلی زەنگنە

خورماتوو – کەرکوك

٢٠٠٥/٧/١

(١)مائدە / ٣

# ﴿کورته باسێك له بارەی ژیانی وەستا محمد جۆڵاوە﴾

ناوی محمده ناسراوه به محمد جۆڵای زەنگنه کوڕی ڕەزا کوڕی فتاح کوڕی ئەحمەد که ناسراوه به ئەحمەد هەدله کوڕی محمد بەگ کوڕی محمود بەگ کوڕی خەلیل بەگی شاعیره که ناز ناوەکەی (ذالنون)یه کوڕی سلێمان بەگی شاعیره کەنازناوەکەی (زەبونی)ە کوری مستەفا بەگ سوپا سالاری ئەمارەتی زەنگنەیه کوڕی میر سمایلی میری ئەمارەتی زەنگنەیه ، له ساڵی ١٨٨٨ز له ئاوای (باوه)ی ناوچەی قەره حەسەن هاتوەته دونیاوه ، له ئاوای (باوەوساڵەی و مامشەو تاوێر بەرزو کەرکوك و تاڵەبان) ژیاوه ، له بەرواری ١٩٧٠/٨/١ز له ئاوای (مامشه) بەکارەساتێکی دڵ تەزێن کۆچی دوای کردوه ، له گۆرستانی (خەلیفه باپیر) نێژراوه ، ئەم زاته پیاوێکی باڵابەرزی گەنم ڕەنگ بو ، هەتاکو تەمەنی هەشتا ساڵی و کۆچی دوایی پشتی نەچەمابوەوه پیری بەدەموو چاویەوه بەزۆری به دەرنەکەوتبو ، مووەکانی دەمووچاوی هێشتا ڕەشی زۆر تێدامابوو ، ئەم پیاوه ، بەشێوەی خوێندنی ئاسای ئەو سەردەمه له (حجره)و خوێندنگەکاندا نەی خوێندبو ، بەهۆی زیرەکی و لێهاتوی خۆیەوه تێکەڵاوی لەگەڵ مامۆستایان و خوێندەوارندا توانیبوی ئەوەنده فێره خوێندەوای بێ کارەکانی خۆی پێ ئەنجامبدات ، زۆربەی زۆری سورەته کورتەکانی قورئانی پیرۆزی له بەر کردبو تەنها له ڕێگای گۆی گرتنی له مامۆستایان و فەقیەکان و خوێندەواران ، زۆربەی جەنگ و غەزاواتەکانی زەمانەی پێغەمبەر (ﷺ) وزەمانەی خەلیفەکانی ڕاشدینی له بەرکردبو بەشێوەیەك دەیگێڕانەوه بەجوانی هەر وەکو خۆی ڕاستەو خۆ بەشداری تێاندا کردبێت ، ئەویش وەك جەنگەکانی (بدر ، حنین ، قەڵای خەیبەر) جەنگی (الجمل) له دەوروبەری بەسره له نێوان (امامی عەلی)(خ.ل) ودەستەی یاوەران(طلحة – وزبێر)و ژمارەیەکی تردا ، ئەم پیاوه ژماردنی دەزانی لەیەکەوه هەتا چەند ملوێنێك بەنوسین دەینوسینەوه ،

لەگەڵ سەرهەڵدانی بیرو باوەری کوردایەتیدا لە شاری کەرکوك ئەم پیاوە هاندەرێکی بەتین بو بۆمان بەتایبەتی بۆ دەستەی لاوانی گەرەکی شۆرجە کە لەو سەردەمەدا لە گەرەکی شۆرجە دادەنیشت ، لە ساڵەکانی ١٩٦٢-١٩٦٣ز لە لایەن کاربەدەستانی بەعسەوە هەردوو خانوەکەی بەر شۆفەڵ دران و رووخێنران هەرچەندە تاپۆی خۆی بون و بەناوی خۆیەوە تۆمارکرابون ، ئەمەیش لە پێناوئەوەدا کە کوردە و کورد پەروەرە ، بەناچاری دووبارە رووی کردەوە لە ناوچەی قەرەهەسەن و ئاوای (مامشە)ی ئاوەدانەوەکرد ، میری بەعەس بەوەیش رازی نەبوو ئاوایەکەیانی سوتان و ژمارەیەکی زۆری لە دانیشتوانەکەی شەهیدکرد کە هەموویان کوری جوتیاری رەشورووت بون ، بەناچاری بەخێزانەکەیەوە رویان کرد لە دەڤەرەکەی باپیری لە ناوچەی زەنگنە لە ئاوای (تاڵەبان) دانیشت کورەکانی چەکی کوردایەتیان هەڵگردو زۆربەیان بوون بە پێشمەرگە (رحیم)ی کوری کرا بە یارمەتی دەری بەتالیۆنی(محمد زبیر بەرزانی) خۆیشی سەرگەرمی خزمەت کردنی پێشمەرگەکانی ناوچەی گەرمیان بو لە ماڵی خۆیدا کاتی سەردانیان دەکرد — لە لایەن سەرکردەکانی شۆرشەوە زۆر جێگای رێز بو زۆریان خۆشدەویست ، لە دوای بەیانە پیرۆزەکەی ١١ / ئازاری ساڵی ١٩٧٠ لەگەڵ خێزانەکەیدا گەرایەوە بۆ ئاوای (مامشە) و هەر لەو ساڵەیشدا بەرووداوێکی دڵتەزێن کۆتای بەتەمەنە پڕ لە شانازیەکەی هات ، پیاوێکی زۆر ئاین پەروەرو لە خواترس بو ، لە هەر ئاوایکدا ژیا بەبێ نوێژی جمعە و جەماعەت نەبوە ، مزگەوتەکە ئەگەر دێرین بوە نویی کردوەتەوە ، ئەگەر مزگەوتی تێدا نەبوبێ مزگەوتی تێدا دروستکردوە لەگەڵ هاوکاری کردنی خێرخوازانی ئاوایەکە دا ، مەلاو بەرنوێژی بۆ مزگەوتەکە دەهێنا و بەگوێرەی توانای یارمەتی و هاوکاری لەتەکدا دەکرد بەتایبەتی لە بارەی بژێوی مەلاوە زۆر هەوڵی دەدا هەتاکو دڵی رازی بێ لەگەڵ ئاوایەکدا بژێ ئەگەر

مەلاو بانگدەر ئامادە نەبوایە بانگی دەداو پێش نوێژی دەکرد ، زۆر حەزی دەکرد واجباتی کۆمەڵایەتی جێ بەجێ بکات ، لە شێوەی واجباتی (تەعزیە – شایی – سەردانی نەخۆش) لە هەمووی زیاتر سەردانی خزم بەجێ هێنانی سیلەی رەحم ، زۆر رێزی لە مێوانان دەگرد لە هەر ئاوایەکدا ژیابێت ، جێگایەکی تایبەتی (میوانخان)ە یەکی دروست دەکرد بۆ خزمەتی کەسوکارو غەریبان ، زۆر بەتەنگی دڵی دەرهاوسیەکانیەوەبو ، ناموسی هاوسیەی بەناموسی خۆی دەزانی کەسەکانیانی بەکەسی خۆی دەزانی ، سەرەڕای کاری تایبەتی خۆی کە جوتیاری بو ، لە هەمان کاتیشدا پزیشکێکی عەشایەری زۆر زیرەك بو ، چارەسەری هەموو نەخۆشیەکی دەکرد ، جەراحێکی زۆر سەردەرچو بو بۆ گردنەوەی شکستە و بریتی قوولْ ، ئەوەی شایەنی باسە ئەم کارانەی دەکرد تەنها لە پێناو (رەزابونی یەزدانی گەورەدا) دەیکرد هیچ جۆرە پارەو پولێکی لەکەس وەرنەدەگرد ، سەرتاشێکی سەردەرچو بو زۆربەی دانیشتوانی ئاوای هەر لە لای ئەو سەریان دەتاشی ، لەبەر جوانی کارەکانی و هەڵسو کەوتی پیرۆزی ، خەڵکەکەی ناچار کردبو کە زۆر رێزی لێبگرن و بەگوێرەی رێنمایەکانی ئەو هەڵسوکەوت بکەن ، بۆیە دانیشتوانی ئاوایەکەی خۆی و ژمارە یەك لە ئاوایەکانی دەوروبەری هەمیشە پرسوڕایان پێەی دەکردوو ئەویش زۆر بە ژیرانە رێ نماییانی دەکرد بەتایبەتی سەرۆك هۆزەکانی ناوچەکان .

١–شێخ فاتح تاڵەبانی ئاوای(ساڵەی) ٢– شێخ فائق تاڵەبانی ئاوای (باوە) ٣– شێخ حبیب تاڵەبانی ئاوای (سیامند سور) ٤– شێخ جبار جباری ئاوای زەوج ٥– سید عزیز سید صالح ئاوای (ئەورۆز) ٦– شێخ رحیم ٧– شێخ فتح الله تاڵەبانی ئاوای (تاڵەبان) ئەمانە و ژمارەیەکی تر لە پیاو ماقوڵان و کەسایەتیەکانی ناوچەکە .

((... [illegible] ئایەتەکان لەبارەی سەلماندن و ئاشکراکردنی زات و ناوی پەروەردگاری گەورەی بەخشندە و میهرەبانەوە))

بۆ سەلماندن و ئاشکراکردنی زاتی پەروەردگار ئەم ئایەتە پیرۆزەی دەستنیشان دەکەین بۆ ئامۆژگاری و ڕێنمای کردنمان دەستی دەکرد بەشی کردنەوەی ئایەتەکە .

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ٱلْحَىُّ ٱلْقَيُّومُ ۚ لَا تَأْخُذُهُۥ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ ۚ لَّهُۥ مَا فِى ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَمَا فِى ٱلْأَرْضِ ۗ مَن ذَا ٱلَّذِى يَشْفَعُ عِندَهُۥٓ إِلَّا بِإِذْنِهِۦ ۚ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ ۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَىْءٍ مِّنْ عِلْمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ ۚ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضَ ۖ وَلَا يَـُٔودُهُۥ حِفْظُهُمَا ۚ وَهُوَ ٱلْعَلِىُّ ٱلْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾ ﴾ (البقرة: ٢٥٥).

زاتی پەروەردگار (واجب الوجود) ە بەزمانی عەرەبی (الله) وبەزمانی کوردی(خودا) یە ، ذاتیەکی ئەزەلی و قەدیمە و باقی یە ، هەر بوە و هەر ئەبێ ، غەنی (بالذات)ە پێویستی بە هیچ شتێ نیە لە هەموو شتێ بێنیازە و تاك و تەنیایە و هاو ڕێنەی نیە لە هیچ ڕوویەکەوە نە لە زاتا و نەلە سیفاتدا ، نەلە کردەوەدا ، ئەستوو ئەشەوە نویچکیە دەیگری ، هەرشتێك لە ڕووی گۆی ئەم زەویە لە ڕووی زەویە کانی تر و هەرشتێك لە ئاسمانەکاندا هەیە بەگشتی دروستکراوی دەستی پەروەردگارە و هەر ئەو بەتەنیا خاوەنیەتی و موڵکی ئەون ، ڕاگرتنی و پاراستن و کەموو زۆر بونیان و لە ناوچونیان هەر لە ژێر فەرمان و فەرمانەدی ئەودایە و زۆریش بێباکە لە هەڵسوڕاندنی ئەم زەمین و ئاسمانانە و پارێزگاری کردنیان زۆر بەلایەوە سانا و ئاسایە - لەم بارەیەوە

نمونەیەکی دەهێنایەوە بۆ سەلماندنی بونی یەزدانی گەورە ئەمەی خوارەوە باسەکەیەتی =

دەگێرنەوە رۆژێك پیاوێکی زانای ئیسلام لەگەڵ پیاوێکی دژ بە ئیسلامدا کە زۆر شەیتان و زۆر زان دەبێت دەکەونە گفتو گۆو بەر بەرەکانیەوە ، هەمو رۆژێك دووکات ژمێر لە جێی یەکی دیاریکراودا دادەنیشن ، زانا ئاینیەکە دەیەوێت بەبەرامبەرەکەی بسەلمێنێ کە یەزدان خاوەنی هەمو کەون و کائناتە و هەرخویش هەڵیان دەسورێنێ و ئاگاداریانە ، زۆر هەوڵ دەدات کابرای دژ بە ئیسلام قەناعەت ناکات و لە تەکیدا ناگات بەئەنجام ، زانا ئاینیەکە جێگەو رۆژێکی دیکەی بۆ دادەنات دیسان دابنشین و دەست بکەنە وە گفتو گۆ کەیان ، رۆژی دیاری کراو هەردوکیان ئامادە دەبن لە جێگای دیاری کراودا ، زانا ئاینیەکە بە کابرای بێباوەر دەڵێ پێش ئەوەی دەس بکەین بە گفتوگۆ کەمان دەمەوێت شتێکت بۆ بگێرمەوە کە بەلامەوە زۆر سەر سورهێنەر بو لە رێگای هاتنما لە سەر دەریاکەی تەنیشت شار چاوم پێی کەوت — کابرای کافر و بێباوەر دەڵێ بزانم چۆنە و چیيە ئەو سەر سورهێنەرە ، زانا ئاینیە ئیسلامەکە دەڵی ، لەسەر گوێی رووبارو دەریاکەدا دەستوێژم دەشۆری کە شتێکم بینی سەر بەرەو ژور رووبە رووی ئاوەکە دەرۆیشت بەبارێکی زۆر گرانەوە لە هەموی سەیر تر ئەوەبو کەشتی وانی بەسەرەوە نەبو بەبێ خاوەن دەرۆی کابرای کافر بێباوەر بەزانا ئاینیە ئیسلامەکە دەڵێ ، ئەمە درۆیەکی زۆر گەورەیە چۆن کەشتی بە بارێکی گرانەوە بەبێ کەشتیوان رووبەرووی ئاو بەرەو ژورەدروات ئەمە هیچ راست نیە ، مامۆستا ئاینیە ئیسلامەکە پیەی دەڵێ ئەی کافری دژ بەئاین ئەی ئەم کەون و کائناتە ئەم ئەرزو ئاسمانە بەچی جۆرێك راوەستاوە وشەوورۆژ و زستان و بەهار و هاوین پایز هەمووی دروست دەبێ ئەگەر خاوەن و ئەگەر پەروەردگار و سایەقی بەتوانای نەبێ کە بیسورێنێ ، کابرای بێباوەر

بە گورجی لە سەر دەستی ئەم زانایەدا ئیمان و باوەڕ دەهێنێت و ئیسلام دەبێت و کلمەی (لا اله الا الله — محمد رسول الله) بەزمان اقرار دەکات ، ئەمەی سەرەوە نمونەیەکی زیندوو زۆر جوانە بۆ سەلماندنی وجودی زاتی پەروەردگار.

## ئامۆژگاری و ڕێنماییەکانی بۆ سەلماندنی یەکتایی و تەنیایی پەروەردگاری گەورە

بۆ سەلماندنی و ئاشکراکردنی زاتی پەروەردگار کە تەنیایە و هاوبەشی نیە و لە هیچ کەسێك نەبوە و کەسیشی لێنابێ بە سورەتی پیرۆزی (الاخلاص) ڕێنماییمانی دەکرد .

(بسم الله الرحمن الرحيم)

﴿ قُلْ هُوَ ٱللَّهُ أَحَدٌ ۝١ ٱللَّهُ ٱلصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُن لَّهُۥ كُفُوًا أَحَدٌۢ ۝٤ ﴾ (الاخلاص: ١ – ٤) .

پێغەمبەری ئازدار ، داوای لە پەروەردگار کرد سورەتێکی لە قورئانی پیرۆز بۆ بنێرێت ، هەتا بتوانێ بەکافرو خودا نەناسان بسەلمێنێ کە پەروەردگار تەنیایە و هیچ هاوبەشێکی نیە و هەر خۆی بەتەنیا دامەزرێنەری زەویەکان و ئاسمانەکانە و هەر خۆیشی ڕاگرو هەڵسوڕێنەریانە و بەوانەیشەوە کە تێیاندا دروستی کردوون ، یەزدانی گەورە فەرمانی دا بەفریشتەکان ، لە سەرووی هەموویانەوە حەزرەتی (جبریل)(ع) سورەتی (الإخلاص) لە (لوح المحفوظ)ەوە دا بگرن بۆ سەر زەوی و پێشکەش بە نێردراوی خودای گەورەی بکەن کە دواتر نێردراوی پەروەردگارە ، بۆ سەر نەوەکانی ئادەم ، ئەویش کە حەزرەتی (محمد)ە دروودی یەزدانی لەسەربێ ، حەزرەتی (جبریل)لەگەڵ هەزاران فریشتەدا ئەم سورەتە پیرۆزەیان بەفەرمانی پەروەردگار دابەزان بۆ سەرزەوی ، لەوکاتەدا کە ئەم سورەتە هاتەخوارەوە بەهەزاران فریشتە لە خزمەتیدا دابەزین لەپێشەنگیاندا (جبریل) بو ، هەموو ئاسمانەکان و زەویەکان بەنوری خودا و

لەگەڵ دابەزینی فریشتەکان و ئەم سورەتە پیرۆزەدا ، رووناك و پڕ لە نوری یەزدان بوون ، ئەو شەوو رۆژە پیرۆزە بەیەکێك لە (معجزە) گەورەکانی قورئانی پیرۆز دەژمێردرێت ، لەبەر ئەوەی ئەو هەموو نورەی یەزدان بە سەرزەوی و ئاسمانەکاندا پەخش کرا ، لەبەر پیرۆزی و گەورەی ئەم سورەتە ، لەبەر دابەزینی ئەو هەمو فریشتە پیرۆزانە کە لە خزمەتی ئەم سورەتە پیرۆزە دا دابەزین بۆ سەر زەوی ، ئەم سورەتە پیرۆزە پێك هاتوە لە (٤) چوار ئایەتی کورت لە هەموو ئایەتەکاندا ، سەلماندویەتی ، یەکتای وتەنیای پەروەردگاری گەورە ، کەدەفەرمێت

١- ئەی(محمد ﷺ) بە بێباوەڕەکان و کافرەکان بڵێ ، خودا تەنهایە و هیچ هاوبەشو شەریکی نیە لەو موڵکاندا کە دروستی کردون ، هەربەتەنیا خۆی خاوەنیانە و کەسی تر ،

٢- پەروەردیگارێکی بەدەسەلات و بەتوانا و بەهێزو خۆراگرەو پێویستی بە یارمەتی کەس نیە و هەموو شتێك هەر خۆی دروستی دەکات و خۆیشی لە ناویان دەبات و کەسیش نیە بتوانێ بالادەس بێ ، لە کەس ناپرسێ بۆ ئەنجامدانی فەرمانەکانی تەنها بە ئایەتی (کن فیکون) جێ بەجێیان دەکات .

٣- نەکەس لێدەبێ و نەکەس لێبوە ، نەکەس لەودەچێ و نەلە کەسێکیش دەچێ ، هەر ئەزەلیە و هەر بوە و هەر دەبێ و هەر دەمێنێ ، باقیە و هیچ جۆرە گۆرانکاریەك لە زاتی ئەودا نابێ .

٤- هیچ کەسێ ناگات بەدەسەلات و بەگەورەی و بەتوانای ئەو ،هاووتای نەبوە و نابێ ، هەر زاتی خۆی بەتەنیا خاوەنی هەموو دەسەلاتێکە، هەموو گیان لە بەروو هەموو زەوی و ئاسمانەکان بەفەرمانی ئەو دەجوڵێ و کار دەکەن ، کەس

یارمەتی دەری نیە و پێویستی بەهیچ کەسێ نیە ، هاوتا و هاوریەی نیە و هاوریەتی و هاوتای خۆی لەگەڵ هیچ کەسێکدا بەرامبەر نەکردوە ، یەزدانی گەورە لە سورەتی (الانبیاء ئایەتی٢٢) لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژە بەتەنیایی و گەورەی خۆی دەکات ، بۆ سەرلماندنی پەروەردگاری و تەنیای خۆی دەفەرمێت؛

﴿ لَوْ كَانَ فِيهِمَآ ءَالِهَةٌ إِلَّا ٱللَّهُ لَفَسَدَتَا فَسُبْحَـٰنَ ٱللَّهِ رَبِّ ٱلْعَرْشِ عَمَّا يَصِفُونَ ﴿٢٢﴾ ﴾(الأنبياء: ٢٢)

ئەگەر لە ئاسمانەکان و لە سەر زەویدا چەند خواوەندێك هەبوایە جگە لە پەروەردگار ، ئەم خەڵکانەی تێدا دەژین تۆشی فەساد و گومراهی دەبون و لەوریێکخستنانەی بۆیان دروستکراوە دەر دەچون ، لە بەرزۆر بونی دەسەلاَت دار و هەڵسورێنەر ، پاك و خاوێنی هەر بۆ خاوەنی عەرش و کەسی تر شایانی پەروەردگاری نیە .

(١)سورة الانبیاء الایە ٢٢

## ئامۆژگاری و ڕێنمایی

### (باوەڕی ڕاستی و خۆشەویستی تەواو بۆ پەیامبەر(ﷺ))

خوێندن و زانین و شیی کردنەوەی چۆنیەتی ژیانی نێردراوی خودا کە (محمد)ە (ﷺ) بۆ هەموو خاوەن باوەڕێك لە ئەوپەڕی پێویستی و گرنگی دایەفێربون و زانینی ئەم وانە گرنگە بۆ شی کردنەوە و کار پێکردن و فێربون و زانینی ئاینی ئیسلام پێشڕەویەکی زەق و زیندوە ، لە هەمو ئان و کاتێکدا ، زانینی ژیان و بەسەر هات و هەڵسوکەوت و ڕەوشتی بەرزی ، لە دایك بونیەوە هەتاکو ئەو ڕۆژەی لەلایەن یەزدانەوە فەرمانی پێدرا بۆ سەرپەرشتی ئەم خەڵکەی سەر گۆی ئەم زەویە ، ئەگەر بە شێوەیەکی کورتیش بێت پێویستیەکی گرنگی زۆر گەورەیە هەموو خاوەن باوەڕێك بە چاکی بیزانێ یەزدان فەرمانی پێدا ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلْمُدَّثِّرُ ۝١ قُمْ فَأَنذِرْ ۝٢ وَرَبَّكَ فَكَبِّرْ ۝٣ وَثِيَابَكَ فَطَهِّرْ ۝٤ ﴾ (المدثر: ١ - ٤) . لەم بارەیەوە لەلایەن ڕێنماییانی ئاینی ئیسلامەوە ژمارەیەکی زۆر پەرتوك و نامیلکە نوسراوەتەوە ، هەر هەموویان سودمەندن بۆ خاوەن باوەڕان ، بەتایبەتی ژمارەیەك ڕووداوی گرنگ بەسەر ژاتی پەیامبەر(ﷺ) داهاتوە پێش ئەوەی یەزدانی گەورە شەرەف مەندی بکات و ڕەوانەی سەر نەوەکانی ئادەمی بکات ، لەبەر ئەمە ژیان و بەسەرهاتەکانی دەکرێ بەدوو بەشەوە ، بەشی یەکەم : لە ڕۆژی لەدایك بونیەوە هەتاکو ڕۆژی ناردنی لەلایەن یەزدانی مەزنەوە ، بەشی دوەمی ، لە دوای بونی پەیامبەر و هەتاکو ڕۆژی کۆچی دوایی ، پەیامبەری خودا محمدی کوڕی عبدالله (ﷺ) لە ١٢ ربیع الاول لە ساڵی فیل ، کەبەرامبەر بە ٢٠نیسان ساڵی ٥٧٢ز باوکی عبدالله کوڕی عبدالمطلب کوڕی هاشم ، دایکی آمنة کچی وهب کوڕی عبدمناف کوڕی زهرە یە ، عبدالله آمنەی کچی وەهب مارە کرد لە شاری (یثرب) سێ ڕۆژ لە ماڵی باوکی آمنە دا مایەوە ،

گەرایەوە بۆ مەککە لەگەڵ شیرانەکەیدا ، لە ماڵی عبدالمطلب جێنشین بو ، لەگەڵ دایکیدا زۆر نەمایەوە ، ئامینەی بە ڕگە پڕی بە جێ هێشت و دەرچو بۆ باوکانی ، لە ڕێگای گەڕانەوەیدا لە شاری (یثرب) نەخۆشکەوت و هەر لەوی وەفاتی کرد لەوێ بە خاک سپێردرا ؛

(١) سورة الإنشراح آية ١-٤

هەر بەم جۆرە نێردراوی خودا بەبێ باوك لە دایك بوو ، سەر ئەنجام درایە دایان بە (حليمه السعديه) بردی بۆ دەشتای و بیابانەکانی (بنى سعد) لە وێدا بۆ ماوەی پێنج ساڵ مایەوە ، بەتەواوی فێری زمانی پاراوو پاڵێوراوی عەرەبی بو ، گەڕایەوە بۆ باوشی باپیرەی کە عبـدالمطلب ە ، جوانترین و چاکترین خۆشەویستی و نازی باوکیەتی پێ بەخشی ، لەتەمەنی شەشساڵیدا دایکیشی مرد ، باپیرەی هەستی خۆشەویستی زیاتر کرد ، لەتەمەنی هەشت ساڵیدا باپیرەی وەفاتی کرد درایە دەسی مامەی ئەبی تالیب ، پیامبەر هەر لە شاری مەکەدا گەورە بو لە زۆربەی ڕووداوەکانیدا بەشداری کردوە ، لە تەمەنی بیستو پێنج ساڵیدا خەدیجەی کچی ئەزوەری مارە کرد ، پەیامبەر (محمد کوری عبدالله) لەتەمەنی خۆیدا کەڕنۆشی بۆ پتو خوداکانی ئەو سەردەمەی نەزانینی نەبردوە ، تەنها یەزدانی بێ هاوتای پەرستوە و لەسەر ئاینی باپیرەی (ابراهیم) پێغەمبەر یەزدان پەرستی کردوە ، زۆربەی کاتەکانی لە چیای (گا) لە ئەشکەوتی (حراء) بەیزدان پەرستی بەسەر بردوە ، هەر بەو شێوەیە هەڵسوکەوتی کردوە هەتاکو یەزدانی مەزن لە تەمەنی چل ساڵیدا حەزرەتی (جبریل) لە ڕۆژی دووشەمە لە ١٧ هەڤدەی مانگی ڕەمەزان ناردە خوارەوە بۆ ڕاگەیاندنی ئاینی پاکی ئیسلام ، (جبریل) پێیەی فەرمو . ﴿ ٱقۡرَأۡ بِٱسۡمِ رَبِّكَ ٱلَّذِي خَلَقَ ۝١ خَلَقَ ٱلۡإِنسَٰنَ مِنۡ عَلَقٍ ۝٢ ﴾ (العلق: ١ ــ ٢) ئەم ئایەتە پیرۆزە یەکەم ئایەتە کە لەقورئانی پیرۆز بۆ سەر پەیامبەر دابەزی ، ئەمەیش بەیەکەم ڕۆژی بەرپابونی ئاینی ئیسلام دا دەنرێ ، لە دوای ئەمە ئایەتی (المدثر١-٤) لە دوای ئەم بارو دۆخە پەیامبەر (ﷺ) دەستی کرد بە بڵاو کردنەوەی ئەم ئاینە پاکە لەسەرەتاوە بەنهێنی و لە دوای ماوەیەکی کەم بەئاشکرا ، ئەوانەی بۆ یەکەم جار باوەڕیان هێنا ، لە پیاوان (١-ابو بکرصدیق ٢-لە ئافرەتان خەدیجەی خێزانی لە گەنجەکان عەلی کوری ئەبی تالیب) بێباوەران بڵاو

بونەوەی ئەم ئاینە یان زۆر بە لاوەستەم بو بەناچاری هاواریان هێنا بۆ ئەبی تالیب گوتیان (کوڕی برات سوکایەتی بەخوداکانمان دەکات دەیەوێت ئاینەکەمان لە ناو بەرێت) مامی پەیامبەر کەمێك رێنمای کرد و داوای لێکرد واز لەم کارە بهێنێت ، لەوەلامدا فەرمویان (مامە سوێندم بەیەزدان ئەگەر قورەیش خۆر لەلای راستمەوە دابنێ مانگیش لای چەپم لە پێناوی وازهێنانم لەم فەرمانە ، واز ناهێنم ، هەتا وەکو یەزدان بەتەواوی ئاشکرای دەکات و یان لە پێناویدا دەمرم)[1]

(١)کاتێ ئەمەی فەرمو کافرەکان زۆریان بۆ ابو تالیب هێنابو .

پەیامبەری ئازدار خۆی و هاوەڵەکانی بەدەستی بێباوەڕان زۆر ئازارو ئەشکەنجەدران و ژمارەیەکیش شەهید بون ، بێباوەڕانی قورەیش بریاریان دا بیکوژن ، یەزدانی گەورە پاڵ پشتی بو پیلانە گومڕاکەیانی پوچەڵ کردەوە ، بریاری دا کۆچ بکا بۆ شاری (یثرب) کە شاری مەدینەی ئێستایە ، لەگەڵ ئەبوبەکری صدیقدا لە شاری مەکە دەرچون ، رۆژی هەینی ١٦ربیع الاول کەبەرامبەر ١٦حزیران ساڵی ٦٢٢ز گەیشتنە (یثرب) لە پێش کۆچکردنی بۆ مەدینە و لە دوای کۆچکردنی ژمارەیەکی زۆر لە خاوەن باوەڕان لەدەس گومڕاهان و بێباوەڕان خۆیان رزگار کردو شاری مەکەیان بەجێ هێشت و رۆیشتن بۆ شاری مەدینە بەدوای پەیامبەردا (ﷺ) بۆیە بە(المهاجرین)کۆچبەرەکان ناسران ،بەدانیشتوانی شاری مەدینەش دەگوترا (الانصار) یارمەتی دەران ، ئیتر ، ئاینی پیرۆزی ئیسلام لەم شارەوە دەستی پێکرد بە گەشە کردن و بلاو بونەوە ، هەر لەم شارەوە پەیامبەر (ﷺ)پەیمانی لەگەڵ سەرەك هۆزەبێباوەڕەکاندا بەست هەر لێرەوە جەنگە بەناو بانگەکان دەستی پێکرد و هەر لەم شارەوە شاری مەکە رزگار کراو لەدەستی نەزانین و بێباوەڕان دەرکرا ، هەر لەم شارەوە نێردراوی خودا نامەی بۆ سەرەك دەوڵەتەکانی جیهان نارد لە شێوەی کسرای ساسانی و قەیسەری رۆم بۆ ئەوەی باوەڕی پێبهێنن و واز لە گومڕاهی بێنێن ، لەبەر ئەوەی پەیامبەرمان(محمد)(ﷺ) هەواڵەکانی کە هێنای لەلایەن یەزدانی مەزنەوە هەموی راست و دروست بون ، توانی ئاینە ناراستەکان و پت پەرستان لە ناو بەرێت و گومڕای لە ولا تدا نەهێڵێت خۆشی و شادی و ئازادی و عەدالەت و سەربەرزی بلاو بکاتەوە یەزدانی مەزن پاڵ پشتی بوو ، بۆیە لە لای کۆمەڵانی خەڵك و بەتایبەتی خاوەن باوەڕان بوو بە بەرزترین و خۆشەویسترین ئادەمی زاد لە سەر ئەم زەویەدا ، یەزدانی گەورە دەفەرمێت .

- ﴿ ٱلنَّبِيُّ أَوْلَىٰ بِٱلْمُؤْمِنِينَ مِنْ أَنفُسِهِمْ ۖ ﴿٦﴾ ﴾ (الأحزاب: ٦)

- هەروەها دەفەرمێ[٢]:

﴿ مَّن يُطِعِ ٱلرَّسُولَ فَقَدْ أَطَاعَ ٱللَّهَ ۖ وَمَن تَوَلَّىٰ فَمَآ أَرْسَلْنَٰكَ عَلَيْهِمْ حَفِيظًا ﴿٨٠﴾ ﴾ (النساء: ٨٠)

گوێی رایەڵی و بەشوێن کەوتنی فەرمانەکانی پێویستی سەرشانی هەموو خاوەن باوەڕانە ، پێویستە مرۆڤی خاوەن باوەڕ پەیامبەری نازداری لە خۆی و لەباوك و دایك و هەمو کەسێکی زیاتر خۆش بویەت ، لەبەر ئەوەی ئەو فەرمانانەی لەلایەن ئەوەوە دەرچوە ، ئەو فەرمایشتانەی ئەو فەرموویانە ئەو ئاگاداریانەی ئەو ئاگاداری خەڵکی پێکردە تەوە هەموی لەلایەن یەزدانەوەیە ، هەر بۆیە یەزدانی مەزن لە قورئانی پیرۆزدادەفەرمێ (ما ینطق عن الهوی ان هو الا وحي یوحی)بەواتای پەیامبەری خۆشەویست (ﷺ) هەر لە خۆیەوە هیچ شتێکی نەدرکاندوە بیدات بەدەم باوە ، فەرمایشتەکانی ئەو لەلایەن یەزدانەوە بۆی هاتون و پێی راگەیاندراون و ئەویش وەك فەرمانێك بڵاوی کردوتەوە ، لەبەر ئەم گواهی و روون کردنانەی سەروە پێویستی سەر شانی هەمو خاوەن باوەڕیکە کە پێغەمبەری نازدای لە روحی خۆی و دایك و باب و منالْ و ماڵی خۆی زیاتر خۆشبویەت ، فەرمایشتەکانی ئەو بەفەرمایشی یەزدانی گەورە بزانرێت و مل کەچی هەموویان بێت ، هەتاکو لە هەردووگێتی دا بەسەر بەرزی و بەشەرەف و بەکەرامەتەوە بژێت ، هەر خاوەن باوەرێك بەراستی شوینی رێ و پیەی فەرمایشتەکانی پەیامبەری خۆشەویستمان بکەوێت بێگومان هەمیشە بەختەوەر دەبێت و لە ژیانیدا سەرکەوتوو دەبێ.

---

(١)سورة النساء آیة ٨٠

## (ئامۆژگاری وریٚ نمایکرن)

## (مەرجەکانی باوەڕی ئادەمیزاد لە ئاینی ئیسلامی پیرۆزدا)

١) ﴿آمنت بالله وملائكته وكتبه ورسوله واليوم الاخر وبالقدر خيره وشره من الله تعالى والبعث بعد الموت حق﴾

پێویستە لە سەر هەموو خاوەن باوەڕێکی تەواو ، بەهەموو ماناکانیەوە ، بە بوونی و وجودی یەزدانی مەزن بۆ خاوەنی هەموو زەوی ئاسمانەکان بەزیندەوەرەکانی سەرزەوی و روەك و بەهەموو شتێکەوە ، باوەڕ بەوانەی کە لە ئاسمانەکاندا دروستی کردون ، بە پەری و فریشتە و جنۆکە کانەوە، هەموویان دەس کردی پەروەردگاری گەورە یەو ، نەکەس هاوبەشیەتی و نەکەسیش یارمەتی داوە لە دروستکردنیاندا ، بۆ دروستکردنی ئەم شتانە و هەموو هەڵسوڕانی گیتی تەنها بە (کون فیکون) دروستی کردوون تەنها بۆ پەرستنی خۆی و بۆ بەندایەتی﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ (الذاريات: ٥٦)

٢) باوەڕی تەواومان بەو فریشتە و پەرییانەی ئاسمان کە ئەوانیش لە شێوەی ئێمە بۆ بەندەی و پەرستاری خۆی دروستی کردون ، ئەم جۆرە دروستکراوانەی پەروەردگار زۆر پاك و خاوین و بێنیازن ، نەخەونە خواردن نەشتێکی دیکە نازانن جگە لەبەندایەتی یەزدان و پەرستاری پەروەردگار ، ژمارەیەك لەم دروستکراوانەی یەزدانی مەزن چەندکارێکی دیاری کراوی داوە بەسەریاندا جگە لە بەندایەتی و پەرستنی یەزدان ، ئەم کارانە زۆر بە چوست و چالاکی و راستگۆیەوە هەڵیان دەسوڕێنن ، ئەوانەیش ، لە شێوەی حەزرەتی :

١-جبريل ، فەرمانی گەیاندنی فەرمایشتەکانی یەزدان بە پەیامبەران پێ سپێردراوە ، زۆر بە چالاکی وراستی و بەئەویەری ئەمانەتەوە ئەم راسپاردانەی گەیاندوە بە پەیامبەرانی خودا . بۆیە بەجبریل ئەمین ناوبراوە .

٢- فریشتەی مردن و گیان کێشان ، پیەی دەگوترێت (ملك الموت -یا- عزرایل) لە ناو کۆمەلانی خەلکدا بەم شێوە ناسراوە ، ئەمیش گیان کێشانی دروست کراوانی بەدەستە هەرکاتێك یەزدان فەرمانی بداتێ .

٣- فریشتە میکایل، ئەم زاتە پیرۆزەیش فەرمانی هەلسورانی کە شوو هەواو هەورو باران بارینی پێسپێردراوە ، هەرکاتێ یەزدان فەرمانی بداتێ کارەکەی دەس پێدەکات و بەگوێرەی رێنمایەکان جێ بەجێان دەکات.

٤- فریشتە ئیسرافیل ، ئەم فریشتەپایە بەرزو پیرۆزە یەزدانی گەورە لە پێش دەمیدا (بوق) یەکی دروست کردوە بەگوێرەی گیانی (روح) گیانداران کونی تێدایە ، هەمیشە چاوەڕوانی فەرمانی یەزدانی گەورە یە کە فووی پێدا بکا بۆ مردن و جارێکیش بۆ زیندوو بونەوەی گیان لەبەران ، بۆ ئەوەی لە پێش یەزدانی مەزندا ئامادە بێ بۆ لێپرسینەوە و جیاکردنەوەی دەستەی گومراهیان لە پیاو چاکان و خێر خوازان هەر کەسی پاداشتی خۆی وەربگرێت ، جگە لەم فریشتە پیرۆزانەی ناویانمان هێنا ژمارەیەکی تر هەیە کە یەزدان فەرمانی پێیان سپاردوە ، لە شێوەی ئەو فریشتانەی وان لەسەر ئاگری دۆزەخ و فەرمانی ئازاردانی تاوانباران یان بەدەستە ، جگە لەمانەیش چەند گروپ و کۆمەلێك هەن ئەمانیش فەرمانەکانی یەزدان بەرێوە دەبەن وەهەر خۆی دەزانێ ژمارەیان چەندە و کارو فەرمانەکانیان چی جۆرن

٣) پیویسته باوەڕی تەواومان بەو پەرتوك و نوسراوانە هەبێت کە لەلایەن پەروەردگاری مەزنەوە بەرابەرایەتی فریشتە جبریل(ع) بەپەیامبەرانی خودای گەورە راگەیاندراون ، بۆ رێنمایی کردنی خەڵك بۆ دۆزینەوەی رێگای راست و دورکەوتنەوە لە چەوتیو گومراهی ، ئەمانەیش کە ١- قورئانی پیرۆز کەبۆ(محمد ﷺ) ٢- إنجیل بۆ (عیسی[ع]) ٣- تورات بۆ (موسی[ع]) ٤- زبوور بۆ (داود[ع]) ٥- صحف بۆ (ابراهیم و إدریس و شیت و ئادەم [ع]) چەند پەیامبەریکی تر .

٤) باوەڕی راستەقینە وراست بەو نێردراوانەی کە یەزدانی گەورە لە نێو ئەم گیتیە دا دروستی کردون و لەنەوەکانی ئادەمن وکردنی بەرابەر بۆ بڵاوکردنەوەی رێنمایەکانی خۆی ، کردونی بە پێشرەوی ئەم خەڵکە هەتا لە رێگەی ون بون و گومراهی دووریان بخنەوە رێگای بەختەوەری و سەرکەوتن وشەرفیان نیشان بدەن ، ئەو هەڵبژاردراوانەی خودای گەورە بە گوێرەی زۆربەی پەرتوکە دێرینەکان و شارەزایانی ئاینی ژمارەیان (سەدوو بیستو چوار هەزار) نێردراون ، هەر بەئاشکرابونی ئاینی ئیسلامی پیرۆزو بەهاتنی پەیامبەری خۆمان(محمد)ی کوری عبدالله (ﷺ) هەموو ئاینەکانی تر کۆتاییان پێهات و ئاینی ئیسلام بو بە دوا ئاینی یەزدانی بۆ سەر نەوەکانی ئادەم ، پەیامبەرەکەمانیش دوا پەیامبەروو کۆتای پەیامبەرانە لەسەر رووی زەوی ، بۆیە یەزدان بە پەیامبەرەکەمان دەفەرمیٚ ، ئەی محمد .

﴿ ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ ﴿٣﴾ ﴾ (المائدة: ٣) [١]

٥) پێویستە لەسەر هەموو ئادەمیزادێکی خاوەن باوەڕ ، باوەڕی تەواومان هەبێت بەهەموو ئەورووداوانەی لە ژیانی خۆماندا دەکەونە سەر رێگامان و بەرانبەریان دەبینەوە ، ئەمانە هەموویان لەسەر فەرمانەکانی یەزدان و ئەو

ئەمڕاشەیە کە خۆی بۆمانی دیاری کردوە بەچاك و بەناچاکیانەوە ، بەخێرو بەشەڕیانەوە ، هەمویان لەلایەن یەزدانی گەورەوە دیاری کراون کە بکەونەسەر ڕێگای ژیانمان .

٦) لەسەرمان پێویستە بەراستی باوەڕی تەواو بەتینمان هەبێت بەزیندووبونەوەمان ، لەرۆژو رۆژگاری دوایدا ، واتە رۆژگاری کۆتای ئەم گێتیە ، هەروەها ئامادەبونمان بەگشتی لەپێش دادوەروو پەروەردگاری یەکتا دا بۆ لێپرسینەوەمان لەو کارانەی لە تەمەنی خۆماندا کردوومانە بە چاك و بە ناچاکەکانیەوە ، پێویستە ئەمە بەراستیەکی تەواو بەباوەرێکی راستەقینەوە لە دەروونماندا جێگیربێ ، بەرای من ئەم شەش بەندەی سەرەوە کە باسمان کرد ، لە شێوەی ژوریکی چوار گۆشەیە ، کە پێك هاتوە لە ٤ دیواری لاکانی + لاسەرو لای خوار ٤+٢=٦ ، ئەمە مەرجەکانی باوەڕی تەواوە بەئاینی پیرۆزی ئیسلام ، باوەڕی تەواو لەم شەش خاڵەدایە دۆزرێتەوە ، ئەگەر یەکێك لەم لادیوارانە نەبێ ئەوژورە بە ژور ناژمێردرێ و کەلاوەیە کەلاوەیش جێگای نیشتەجێ بونی تێدا نابێتەوە ،کەواتە هەر مرۆڤێك خۆی بە ئیسلام و خاوەن باوەڕی راستەقینە بزانێ نابێ یەکێك لەم باوەڕانەی کەمبێ ، لەسەرەوەی هەمویانەوە پێویستە وشەی(لااله الا الله محمد رسول الله) بەزمانی و بەئاشکرا لەپێش چاوی کۆمەلانی خەڵك یان چەند کەسێکدا دانی پێدا نابێ .

(١)سورة المائدة آية ٣/

## (مافی دایك و باوك بەسەر نەوەكانیانەوە)

دایك و باوك هەردووكیان پێكەوە هۆیەكن بۆ دروستبون و پەیدا بونی ئادەمیزاد ، هەردوكیان هاوبەشن لە پەروەردە و چاودێریاندا ، بێگومان لە پێناویاندا هەولو كۆشش نەبڕاوە وسەرمایەیەكی زۆر دەبەخشن ، ئەوەی ئاشكرایە دایك زۆرتر ماندوو دەبێت و زیاتر تێدەكۆشێ لەم بوارەدا لە باوك ، لەبەر ئەوە یەزدانی گەورە مافەكانیانی زۆر بەرز نرخاندوە ، لەم روانگەیەوە یەزدانی گەورە و نێردراوەكەیشی كە پەیامبەری خۆشەویستمانە رێنمایمان دەكەن بۆ ئەوەی گوێ رایەڵی فەرمانەكان و رێنمایەكانیان بین و چاكەی زۆریان لەتەكدا بكەین و مافەكانی خۆیانیان پێشكەش بكەین و بەهیچ جۆرێك سەرپێچی لێنەكەین ، لەبەر گرنگی و پێویستی جێ بەجێ كردنی ئەم مەبەستە، یەزدانی گەورە ئەم كارەی بەرامبەر كردوە بە پەرستنی تەنیای و بێهاوتای خۆی ، لە قورئانی پیرۆزدا فەرمویەتی ﴿ وَقَضَىٰ رَبُّكَ أَلَّا تَعْبُدُوٓا۟ إِلَّآ إِيَّاهُ وَبِٱلْوَٰلِدَيْنِ إِحْسَٰنًا ۚ إِمَّا يَبْلُغَنَّ عِندَكَ ٱلْكِبَرَ أَحَدُهُمَآ أَوْ كِلَاهُمَا فَلَا تَقُل لَّهُمَآ أُفٍّ وَلَا تَنْهَرْهُمَا وَقُل لَّهُمَا قَوْلًا كَرِيمًا ﴿٢٣﴾ وَٱخْفِضْ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحْمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرْحَمْهُمَا كَمَا رَبَّيَانِى صَغِيرًا ﴿٢٤﴾ ﴾ (الإسراء: ٢٣ - ٢٤) .

بەراستی ئەم ئایەتە پیرۆزە هەموو مافێكی تەواو ڕاستی دایك و باوك ئاشكرا دەكات كە بەسەر نەوەكانیانەوە هەیە ،ئەوەی كە پێویستە تەواوە بەسەر نەوەكانیانەوە بەرامبەر دایك و باوكیان ئەنجامی بدەن ،

---

(١)سورة الاسراء الایە / ٢٣-٢٤

دڵسۆزی و خۆشەویستی و مل کەچی خۆیان بۆیان نیشان بدەن ، ئەگەر پێویستیان بەیارمەتی و خەرج هەبو یارمەتیان بدەن و دەس بڵاوی خۆیان دەربخەن ، بەهیچ جۆرێك دڵیان ئازار نەدەن ئەگەر بەوشەیەکی زۆر سوکیش بێت ، یەکێك لە هاوەڵانی پەیامبەر پرسیان ئەی نێردراوی خودا لەناو ئەم خەڵکانەدا کێ زۆر چاکە ورەوایە بیکەم بە هەڤاڵی خۆم ، پەیامبەر فەرمویان ، دایکت ، سێ جار پرسی کێ بکەم بە هەڤاڵی خۆم ، پەیامبەر هەر فەرمویان دایکت لە پرسیاری چوارەم پەیامبەر وەڵامی هاوەڵەکەی خۆی دایەوە فەرمویان ، باوکت ، لەم وتە بەنرخو پیرۆزانەی پەیامبەرمان وەدەر دەکەوی و ئاماژە بەوە دەکات کە ماڤ دایك لە ماڤ باوك زۆر ترە و هەمیشە لە پێشەوەیە ، لەسەر هەموو نەوەکانی ئادەمیزاد پێویستە بە شێوەیەکی جوان و بەئەو پەری رێزو خۆشەویستیەوە مامەڵەوهەڵسوکەوت لەگەڵ دایك و باوکدا بکەن ، ئەم فەرمودەی پەیامبەری خۆشەویستمان ئەو دایك و باوکانەیش جیا ناکاتەوە کە باوەڕیان بەئاینی ئیسلام نیە و نەوەکانیان مرۆڤی خاوەن باوەڕن ، ئەم کارە هیچ لەمافەکانیان کەم ناکاتەوە ، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ رێزی تەواو لە دایك و باوکی خۆی بگرێ و مافەکانیان پێشێل نەکەین ئەگەر ئەو دایك و باوکە خاوەن باوەڕو وئیسلامیش نەبن ،

خاڵی دووەم (مافەکانی نەوەکانی ئادەمیزاد بەسەر دایك و باوکانەوە)

١- پێویستە لەسەر هەموو دایك و باوکێك ، نەوەکانیان هۆشیار بکەنەوە کە ئەوان لە چی نەتەوو رەگەزو وهۆز و بنەماڵەیەکن ولەسەر کام ئاینی یەزدانین و رەگەزیان بۆ کام سەرچاوەو نەتەوەیەك دەگەرێنەوە بەمانای ئەگەر پیاوێك ژنێکی هێناو کوڕێکی لێبو پێویستە بدرێتە پاڵ باوکی و هەمو مافەکانی دەستنیشان بکرێت و ئاشکراو دیاربیێ ،

٢- شیردان بەمناڵ لەو کات و ساتەوە کە لە دایك دەبێ پێویستیەکی گرنگی سەر شانی دایکە بۆ ماوەی دوو ساڵ شیری بداتێ ، لەبەر ئەوەی شیری سنگی دایك چاکترین و بەپێزترین خواردنە بۆ منداڵ ، هەر وەها پێویستیەکی زۆر گرنگە لەسەر باوك خەرج و بژێوی منداڵ و دایکە کەیش بدات بەگوێرەی دەسهاتی رۆژانەی لەکارەکانیدا ،

٣- پەروەردە و لە کۆش گردنی منداڵ پێویستی سەرشانی دایکە هەتاکو ئەو کاتەی پێویستی بە خزمەت کردنی دایك نامێنێ پاشانیش باوك بەرپرسە ،

٤- پێویستە لەسەر دایك و باوك ناوێکی پیرۆز و جوانی بۆ هەڵبژێرن .

٥- ئەگەر ئەو منداڵە سەرمایە یەکی بۆ پەیدابو لەهەر لایەکەوە پێویستی سەر شانی دایك و باوکە چاودێری بکەن هەتا منداڵە کە گەورە دەبێ ،

## (ماق برایەتی و دراوسێتی لە روانگەی ئیسلامەوە)

﴿ ۞ وَٱعۡبُدُواْ ٱللَّهَ وَلَا تُشۡرِكُواْ بِهِۦ شَيۡـٔٗاۖ وَبِٱلۡوَٰلِدَيۡنِ إِحۡسَٰنٗا وَبِذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡيَتَٰمَىٰ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡجَارِ ذِي ٱلۡقُرۡبَىٰ وَٱلۡجَارِ ٱلۡجُنُبِ وَٱلصَّاحِبِ بِٱلۡجَنۢبِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِ وَمَا مَلَكَتۡ ﴿٣٦﴾ ﴾ (النساء: ٣٦)

(لا يؤمن أحدكم حتى يحب لأخيه ما يحب لنفسه) رواه البخاري والترمذي

برایەتی و دراوسێتی لە کۆمەڵگەی ئیسلامدا گشتیەکی بەر بڵاوە ، هەموو خاوەن باوەڕێك لەم کۆمەڵگەیەدا بەهەمو چین و توێژو نەتەوە و گەلو هۆزێکەوە تەنها یەك خێزان پێکدەهێنن ئەگەر نیشتمان و زمان و رەنگ و شێوە یانیش لەیەکتر جودابێ ، رەگەز پەرستی لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا نیە ، لەبەر ئەوە یەزدانی گەورە فەرمویانە (إنما المؤمنون إخوه)، بەهیچ جۆرێك باوەڕی تەواوی راست بەدی نایەت ئەگەر هەموو خاوەن باوەڕێکی ئیسلام هەرشتێکی چاکی بۆ خۆی ویست بۆ برا ئیسلامەکەی خۆیشی نەیەوێت ، باوەڕی خاوەن باوەڕان بەدی نایەت و بەرەکەی پێناگات ئەگەر کاری دڵ رەش و ئیرەی لە ناو ئیسلام و خاوەن باوەڕاندا هەبێت ، نیشانە و گەواهی مرۆڤی خاوەن باوەڕ لەوەدایە خۆی بەیەکێك وبە ئەندامێکی ئەم کۆمەڵگەی ئیسلامە بزانێت ، کاری چاکە و فەرسودمەندی ئەم کۆمەڵگەیە بەهی خۆی بزانێ و زیان و کاری نالەبارو گومڕای بەزیانی خۆی بزانێ ، بۆیە پەیامبەری نازدار فەرمویەتی (المؤمن للمؤمن کالبنیان یشد بعضه بعضاً) بەواتای برای ئیسلام بۆ برای ئیسلامی لە شێوەی ساختمانێکە کە هەمو گۆشەکانی بەیەکەوە لکاوە ، بەشێوەیەکی توندو تۆڵ و بەهێز بەیەکەوە پەیوەست کراون ، ئەگەر لایەکی ئەو ساختمان و خانووبەرەیە زیانێکی پێبگات زیانەکە بۆ هەموو خانوەکە دەبێت ، ئەگەر هەر

نوێ كاریەك و نوێژەنیەك لەو ساختمانە داكرا ، جوانی و قەشەنگی و بەهێزی بە هەمولاكانی دیكەی دەبەخشێت ، بۆیە پەیامبەری خۆشەویستمان فەرمویانە (لا یؤمن أحدكم حتى یحب لأخیه ما یحب لنفسه) دەتوانین ئەم فەرمایشتە بەجۆرێك لێكبدەینەوە كە هەمووئادەمی زادێك بگرێتەوە ، باوەڕداران و بێباوەڕانیش بكرێتەوە ، خاوەن باوەڕ ئەوەی بۆ خۆی دەیەوێت باوەڕی تەواوی ئاینی ئیسلامی پیرۆزە ، بەچی جۆرێك بۆ خۆی دەیەوێت و دلی پیەی زۆر خۆشە ، هەر بەو جۆرەیش داواكاربێ لەپەروەردگار بێباوەرانیش هەروەكو خۆی بین بە خاوەنی باوەڕی راستی و پەیڕەوی ئاینی ئیسلام بكەن ولە هەردوو جیهاندا بەختەوەرو سەرفرازبن ، پەیامبەر خۆشەویستمان دەفەرمێ (ومازال جبریل یوصیني بالجار حتى ظننت أنه سیورثه) لەحەزرەتی عائشەوە ، بخاری و مسلم گەیاندویانە ، ئەوەندە بەتین ماق دراوسێی بۆم كردوە وام زانی لە دوای مردنی دراوسێ لە دراوسیەكەی میرات وەردەگرێ هەروەها پەیامبەری خۆشەویست فەرمویانە (یا أبا ذرّ إذا طبخت مرقة فأكثر مائها ، وتعاهد جیرانك)ئەم فەرمودە پیرۆزە لە لایەن یارو یاوەری پەیامبەری خۆشەویست(أبا ذر)ەوە بیستراوە لەلایەن هاوەڵی پەیامبەر (مسلم) گەیاندراوە ، هەروەها (أبو هریرە) هاوەڵی پەیامبەری خۆشەویست وە گەیاندراوە ، پەیامبەر فەرمویەتی (واللە لا یؤمن واللە لایؤمن واللە لایؤمن ، قیل من یارسول اللە قال (الذي لایأمن جارە بوائقە)) متفق علیە-مسلم وبخاری ،

پەیامبەری خۆشەویستمان سێ جار سوێند دەخوات بەپەروەردگار ، دەفەرمێ ئەوكەسە باوەڕی نیە بەئاینی ئیسلامی پیرۆز ئەگەر دراوسیەكەی دڵی لێ رازی و ئامین نەبێ بەم جۆرە ئاینی ئیسلام فەرمانمان دەداتێ دراوسێمان خۆشبوێت و دڵ شكستەی نەكەین ، یەزدانی گەورەمان بەزەی و بەخشندەی خۆی برێژی بەسەر هەمو مرۆڤێكی خاوەن باوەڕی ئیسلامدا بەتایبەتی (وەستا

محمد جۆلا)ی خودا لێخۆشبو ، ئەم مرۆڤە بەرێزو خاوەن باوەرە بەرامبەر بەدراوسێ کۆمەڵێك راو بۆچونی تایبەتی خۆی هەبوە ،

دەیفەرموو:

١- پێویستە لە سەر هەموو خاوەن باوەرێکی راست کۆمەڵگەی ئیسلام رێزلە دراوسێ بگرێت و هەر جۆرە خێرو خۆشیەکی بۆ خۆی و بۆ خێزان و کەسوکارەکەی دەوێت هەربەو جۆرەیش خێرو چاکەی بۆ دراوسێیەکەی بوێت ، ئەمەیش لە بەر فەرمایشتەکەی پەیامبەرمان کە لە سەرەوە ئاماژەی بۆ کراوە ، ئەگەر مرۆڤێك بەنزیکترین کەس لە پێنوس نەدرێت چۆن دەگات بەو پلەیەی کە میرات لەدوای مردنی دراوسیەکەی وەربگرێت ، بەواتای حەزرەتی (جبریل) ئەوەندە بەتین و بە ئەوپەری خرۆشەوە رێزگرتنی دراوسیەی بە پەیامبەرمان گەیاندوە بۆیە گومانیان کردوە دورنیە لە دوای مردن دراوسێ وەك برایەك میرات لە دراوسیەکەی وەربگرێت ،

## (پەیوەندی و بەخشندەی و بەزەیی لە نێوان خزمو کەساند)

## (صله الرحم)

﴿ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلْأَرْحَامَ ۚ (١) ﴾ (النساء: ١)

یەزدانی بەخشندە و مهرەبان لە زۆر جێگە لە قورئانی پیرۆزدا ، فەرمانیان پێمان فەرموە ، یەکتا پەرست و تەنها بەندایەتی پەروەردگار بین ، پەیوەندی نێوانی خۆمان و خزمو کەسەکانمان نەبچڕێنین ، بەردەوام هەوڵی پتەوکردن و بەهێز بونی بۆ بدەین ، یەزدانی مەزن لەیەکێك لەوتە پیرۆزە کانیدا دەفەرمێ کەیە (الحدیث القدسي) دەناسرێت ، (وأقطع من قطعك)[1] هەروەها لەیەکێك لەفەرمایشتەکانی پەیامبەری خۆشەویستدا هاتوە (لایدخل الجنة قاطع)[2] لەم دوو وتە پیرۆزە دا یەزدانی گەورە و پەیامبەری خۆشەویستمان ، زۆر بەراشکاوی ئاماژەیان بۆ ئەم مەبەستە کردوە و زۆریش بەچاکی دەسنیشان و روونیان کردوەتەوە ، بۆ ئەوەی هەموو خاوەن باوەڕێك زۆر بەچاکی گرنگی بەم مەبەستە بدات ، بۆ پتەوکردن و بەهێزبونی پەتی پەیوەندی و بەخشندەی و بەزەیی نێوان خزمو کەس بەشێوەیەکی گشتی ، مانای ئەم مەبەستە تەنها پەیوەندی و فەڕو چاکە وبەزەی و بەخشندەی و خۆشەویستیە لە نێوان ئەو کەسانەدا کەبەخزمایەتی و کەسایەتی بەیەك دەگەن بەگشتی ، مانای ئەم ئایەتە پیرۆزە و ئەم وتە بەنرخانەی پەیامبەری خۆشەویستمان هانمان دەدەن هەمیشە چاکەو فەڕو بەزەی و بەخشندەی بەرامبەر خزموو کەسەکانمان بنوێنین ، ئەگەر لەم وتە بەنرخانە کەمێك وردبینەوە بۆمان دەردەکەوی کە چەندە یەزدانی بەخشندە و مهربان ئەم کارەی بەرزنرخاندوە ، ئەم کارەی

پەرامبەر کردوە بە پەرستنی و پەرستیاری خۆی ، هەروەك لەم ئایەتە و لە چەند ئایەتێکی تردا ئاماژەیان فەرموە ﴿ وَٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ ٱلَّذِى تَسَآءَلُونَ بِهِۦ وَٱلۡأَرۡحَامَ ۝١ ﴾ النساء: ١ [٣]

هەروەها بۆنەیەوە پەیامبەری خۆشەویستمان دەفەرمێت ئەوکەسانەی پەتی پەیوەندی نێوانی خزمو کەسایەتی دەپسێنن و بەیەکجاری واز لە کەسایەتی و خزمایەتی دەهێنن ئەو جۆرە مرۆڤانە ناچنە بەهەشتەوە ، وشەی (الرحم) بەزمانی عەرەبی بەواتای بەخشندەی و بەزەی دێت ئەم وشەیە لە شێوەی رەگی دارێکە کە پەیوەستبێ بە بنەماکەیەوە . یان لە شێوەی رچکە یەکە کە بسترابێت بە شارێگە یەکەوە، هەر بەو شێوەیەیش وشەی رەحم بەستراوە بە وشەی پیرۆزی گەورەی (الرحمن)ەوە ، بەواتای ئەوەی لە ناوی پیرۆزی یەزدانی مەزن جیاکراوەتەوە ، وەلە هەمان کاتدا پەیوەستن بەیەکەوە هەربۆیە پەیامبەری خۆشەویستمان دەفەرمێ (أن الرحم شجنه من الرحمن)[١] بەواتای وشەی رەحم رەگێکە یان رچکەیەکە بەستراوە بە وشەی گەورە و پیرۆزی (الرحمن)ەوە ، یەزدانی مەزن بەم شێوەیە گفتو گۆی لە تەك رەحمدا کردوە لە کاتی دروستکردنیدا کە بەئایەتی (کن فیکون) دروستی کردوە ، فەرمویەتی (الا ترضین أن أصل من وصلك)متفق- بخاري ومسلم

(١) عن ابو هريرة –رواه مسلم .

(٢)رواه مسلم وبخاري .

(٣)سورة النساء – الاية ١

بەواتای تۆ رازی نابی من بەزەیی و بەخشندەی خۆم بڕێژم بەسەر ئەو کسانەدا کە تۆ یاد دەکەنەوەو دەگەن بە تۆ ؟ بەواتای هەر مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ پەتی نێوان خزمایەتی و خۆشەویستی و یارمەتی بەهێز بکات و خزمووکەسی خۆی بەسەر بکاتەوە و یارمەتیان بدات بۆ رێگای چاکە ، یەزدانی گەورەیش بەزەیی و دروودو خۆشەویستی خۆی دەرێژێت بەسەر ئەو کەسانەدا ، بەگوێرەی (فقه) و شەریعەتی ئیسلام خزمو کەس خاوەن رەحم پێلە دێت لەو خزمانەی کە زۆر نزیکن لە ئادەمیزادەوە وەك کورد دەڵێ (برا و خوشکو باوك و دایك و ماموان و خاڵوان) وادیارو وئاشکرایە وەستا (محمد)ی رەحمەتی چێژی زۆری لەم فەرمایشتانەی یەزدانی مەزن و پەیامبەری خۆشەویستمان وەرگرتوە و بەیەکجاری لەگەڵ باوەڕو ناخو خوێنی و گیانیدا تێکەڵ بونە بۆیە بەم وشانەو بەم رێنمایە پیرۆزانە رێنمایمانی دەکردو دەی فەرموو ، ئەی نەوەکانم کورد خاوەنی باوەڕی راستەقینەیە بەیەزدان و بە نێردراوەکەی بۆیە فەرمویانە (خزم قبلەیە ، بۆ کەس نەهاتوە پشت لە قبلە بکات) زۆر ئاشکرایە ئەم وتە بەنرخەی باپیرانمان سەرچاوەکەی لەو ئایەتو وتانەی یەزدان و پەیامبەری خۆشەویستەوە هەڵقوڵاوە دیسان دەیفەرموو (ئەگەر خزم گۆشتەکەتیش بخوات ، هێسکەکانت ناشکێنێ) بەواتای رەحم و بەزەیی و گیانی کەسایەتی خزم رێگا نادات کە زیانی گەورەت بەربکەوێت بەرەو لەناوچون ونەمانت بەرێت ، بەپێچەوانەی پیاوی بێگانەوە کەهەوڵی نەمان و لە ناوچونت دەدات ، هەروەها دەی فەرموو(خاسی خۆتان بۆ خوتان خراپی خۆتان بۆ خۆتان) بەواتای ئەگەر ویستتان لەگەڵ یەکتردا نزیك ببنەوە و خزمایەتی بکەن و بگەن بەیەك ، ئەو نەوانەی کە لە ئێوە پەیدا دەبێ لە چین و توێژی (مێ)واتە ئافرەت هەر لە ناوخۆتاندا بیان دەن بە شوو ، ئەگەر ئافرەتەکەتان زۆر نایاب و لێهاتو بو بێگومان هەر بۆ خۆتان چاکە و چاکی خۆتان بە فیڕۆ لەدەستی خۆتانی مەدەن

، ئافرەتێکی بێکەڵکو بەرچاوی نە بوکەماڵ و جەماڵی تەواو نەبو ئەویش هەر بۆ خۆتان چاکە و هەر خۆتان بەزەیتان پێیداتێتەوە و دەتوانن لەکەمو وکورپیەکانی ببورن و ناشرینیەکەی دا پۆشن ئەمەیش مایەی سەربەرزی و شەرف و کەرامەتتانە ، ئەگەریکەوێتە لای بێگانەیەك دوور نیە وەك خۆتانی بۆ نەکرێت ، ئەم پارچە هۆنراوەیش هەر بەم بۆنەیەوە نوسراوە ؛

(ئەمە رێنمایی حمە جۆلایە)
(خزمی چاك قبلە و پشت و پەنایە)
(کاتی پێویستیت هێزەو دەسمایە)
(خەزینەی پڕەو کۆتایی نایە)
(خزم خراپیش بێت برۆ بەلایە)
(چاك بیدوێنە و بێهێنە کایە)
(نەوەك ناحەزان لەخشتەی بەرن)
(بۆتی پەیداکات دەردووبەلایە)
(شەرتە تا سینەم تێدابێ نەفەس)
(رێبوار ئەم رێ بم بۆ خزموو بۆ کەس)

(١) کتاب (صلە الرحم) زهیر الجیوری ل ١٢٨ — فەرمودەی (قدسیە)

## (ڕاست و ڕاست گۆیی)

## *الصدق والصراحه*

﴿ قَالَ ٱللَّهُ هَٰذَا يَوْمُ يَنفَعُ ٱلصَّٰدِقِينَ صِدْقُهُمْ ﴿١١٩﴾ ﴾ المائدة: ١١٩

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ ٱتَّقُوا۟ ٱللَّهَ وَكُونُوا۟ مَعَ ٱلصَّٰدِقِينَ ﴿١١٩﴾ ﴾ التوبة: ١١٩

یەزدانی بەخشندە و میهرەبان فەرمانی پێمان کردوە ، تەنها ئەو بپەرسین و بەندایەتی بۆ ئەو بکەین ، لەتەك مرۆڤە ڕاست و ڕاست گۆیەکاندا هەڵسوکەوت بکەین ، بێگومان هەموو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ بەندایەتی و پەرستاری هەر بۆ یەزدانی تاك و تەنها دەکات، پەیوەندی و هەڵسوکەوتی لەگەڵ مرۆڤە چاکەکان و ڕاست و ڕاست گۆیاندا دەبێت ،ئەم کارەیش دەبێتە هۆی سەرکەوتنی ئەو مرۆڤە لەهەردووگێتیدا ، مرۆڤی خاوەن باوەڕ هەمیشە دوورە لەو کەسانەوە کە گومڕاو تاوانکارن ، هەمیشە هەڤاڵ و هاوەڵی مرۆڤی چاك و ڕاست و ڕاست گۆ دەبێ ، بەتەنها ئەم ڕێگەیە بە ڕێگەی بەختەوەری و سەرکەوتن دەژمێردرێت بۆ دنیای ئێستا و بۆ دنیای نەبڕاوەی هەتا هەتای بۆ ئەم مەبەستە پێشینانمان . پێشینانی کورد فەرموویانە (ئەگەر لە تەنیش کورەی ئاسنگەرەوە دانیشی پریشکێ ئاگرت بەردەکەوێ ، ئەگەر لە تەنیش گوڵاو فرۆشەوە دانیشی بۆنێکی خۆشت بۆدێ) ، بۆیە پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ هاوریەتی و هاوەڵی مرۆڤی چاك بێت و مرۆڤی گومڕاو تاوانکار وەلاوە بنێت ، پەیامبەری خۆشەویست لەبارەی ڕاستی و ڕاست گۆیەوە فەرموویەتی (إن الصدق یهدی الی البرّ ، وأن البرّ یهدی الی الجنه)[1] عن ابن مسعود (د.خ) بخاری و مسلم گەیاندویانە – ریاض الصالحین ل٤٠٤ بەواتای ڕاستی و ڕاست گۆی مرۆڤ بەرەو چاکە دەبات و چاکەیش بۆ بەهەشت ، هەروەکو ئەمیش درۆ و گومڕاهی مرۆڤ بەرەو هەڵدێرو دۆزەخ دەبات ،

---

(١) عن ابن مسعود – رواه – متفق علیه–بخاری و مسلم

بۆیە پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێك راست و راست گۆ بێت و بەهیچ جۆرێك درۆ نەكات ، ئەگەر سودی كۆمەلانی خەلكی تێدا بوو فتنەیەكی گەورە و ئاژاوەیەكی گەورەی دەكوژاندەوو چەند مرۆڤێكی لە مردن رزگار دەكرد تەنها ئەودرۆیە كە بەرژەوەندی گشتی تێدایە رەوایە ، مرۆڤی خاوەن باوەڕ پێویستە راستی بلێ ئەگەر ئەو ڕاستی گوتنە زیانی تایبەتی خۆی و كەسەكانیشی تێدابێت ، پەیامبەری نازدارمان فەرموویەتی (قل الحق ولو علی انفسكم) بەواتای ئێوە راستی بلێن ئەگەر ئەوڕاستی گوتنە تانیش زیانەكەی بەسەرخۆتاندا بشكێتەوە ، ئەو ڕێنمایانەی وەستا (محمد)ی رەحمەتی دەیانی فەرموو لە چوارچێوەی ئەم وتانەی یەزدانی مەزن و پەیامبەری خۆشەویستمان بەدەر نەبون ، لە ئامۆژگاریەكاندا دیفەرموو ، بەهیچ جۆرێك درۆ مەكەن ، باپیرانی كورد فەرموویانە (پەتی درۆ زۆر كورتە) لەبەر ئەوەی درۆكردن پێچەوانەی فەرمانەكانی یەزدانی مەزنە زۆر بەزووی ئاشكرا دەبن و خاوەنەكەی لەناو كۆمەلانی خەلكدا رسواو سەرشۆڕ دەبێ ، ئێوەیش كاریٚ مەكەن خۆتان رسواو سەرشۆڕی كومەلٚ بكەن ، كورد گوتویەتی (ئەگەر ڕاستی سەركەوتی ، ئەگەر چەوتی زوو كەوتی) بەواتای هەر مرۆڤێك ڕاست و ڕاست گۆبێت ، ئەوا لە هەردوو دنیادا سەربەرزوو سەركەوتو دەبێت ، ئەگەر لەسەر رێگای خوارو درۆ بڕوات زۆربە زووی ئاشكرادەبێت و لەژیانی هەردوودنیادا سەرئەنجامی هەر رسوابونە ویەزدانی مەزنیش نەفرەتی لێدەكات ، وەستا دەی فەرموو خۆزگە ماوەم هەبوایە و بمتوانایە بەدوای ئەو مرۆڤانەدا بگەریایەم و درۆكانیشم ئاشكرابكردایە ، هەروەكو خودا لێخۆشبو (محی الدین غیب الله)ی خەلكی ئاوای (سالەی) زۆر جار بەم كارە پیرۆزە هەلدستا ، هەستی بكردایە بەدرۆی مرۆڤێك بەپەلە دەكەوتە دوای ئەو درۆیەوە بۆ ئاشكرا كردنی لە ناو كۆمەلانی خەلكدا ، ئەگەر پەیوەندی بەجێگایەكی دوریشەوە هەبوایە ،

ئەوەسوارەبوو بەدوایدا دەگەڕا و پرسیارو لێکۆڵینەوەی دەکرد هەتاکو بۆی ئاشکرادەبو ، کورد گوتەنی (هەتاکو درۆکەی دەکردە کونەوە) ئەوکاتە دیفەرموو (درۆزن دوژمنی خودایە و خودایش فەرمویەتی (لعنه الله على القوم الكاذبين) ،

## (پلە و پایەی ئافرەت لە ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا )

﴿ وَعَاشِرُوهُنَّ بِٱلْمَعْرُوفِ ﴾ النساء: ١٩

لەم باسەدا دەمەوێت هەوڵ بدەم ئەو پلەو پایانە ئاشکرا بکەم کە لەئاینی پیرۆزی ئیسلامدا بۆ ئافرەت دیاری کراون، هەر وەها ئەو مافانەی کە پێەی دراوە ئەو چارە نوسانەی بۆ ئافرەتان دیاری کراوە هەموی بەپێچەوانەی یاساکانی ئەورۆژگارە تاریکانەیە کە لە سەردەمی فرعەونەکان و سەردەمی نەزانینی (الجاهلیە) دا هاتونە ، ئەو ستەم کاریو نارەوای و زۆر لێکردنە لەو سەردەمانەدا بەسەر ئەم چین و توێژەدا هێنراوە کە نیوەی کومەڵ پێك دەهێنێ لە هیچ یاسایەکی ئاسمانیدا نەبوە ، تەنها بەیاسای نابەجێ و بەداب و نەریتی ئەو سەردەمانەی رابوردوو چەوسێنراونەتەوە، بەشێوەیەك مامەڵەیان لەتەکدا کراوە بەهیچ شێوەیەك بەمرۆڤیان لە قەڵەم نەداون ، بەئادەمیزاد نەژمێردراون ، بۆ نمونە لە کاتی فرعەونەکاندا ، کچەکانیان بەجوانترین شێوە ئارایش دەکردوو دەیانیان رازاندەوە ، لەهەمان کاتدا ئاهەنگێکی گەورەیان دەگێڕا بەئامادە بونی هەزاران کەس لەسەرەوەی هەمویانەوە باوك و دایکی کچەکان ئامادە دەبون ، هەربەم شێوەیە دەیانیان هاویشتە نێو دەریای (نیل)ەوە بە باوەری خۆیان ئەم کچانە قوربانی خودای ئاون و بەم ئشیوەیە دەریای نیل ئاوەکەی زۆر دەبێت ، کچان بەدەم گریان وهاوارەوە داوایان لە باوك و دایك و ئەو خەڵکە دەکرد کە لەوداوەو لەمردن رزگاریان بکەن ، هیچ کەس نەبو بە فریایان بکەوێت ، یان فرمێسکەکانیان بسرێت ، لەئەنجامدا دەبون بە خۆراکی نەهەنگ و گیان لەبەرانی نێودەریاکە ئەم کارەیش لە پێناوی یاسا نابەجیێەکانی ئەو سەردەمەدا ئەنجام دەدرا و بۆ رەزامەندی فرعەونە دڕندەکانی مسر ،لەدوای ئەم یاسا نابەجییانە یاسای عەرەبەکانی سەردەمی نەزانین (الجاهلیە) هاتە کایەوە ، ئەمانەیش لە فرعەونەکان زۆردارو دڕندە تر

بون ، زیاتر دژایەتی و بەربەرەکانی چیبنی ئافرەتانیان دەکردوو بەهیچ شێوەیەك بەئادەمی زادیان نەدەژماردن ، بەتایبەتی ئەو پیاوانەی سەرۆك تیرە بون و خۆیان بەکەسایەتی هۆزەکەیان دەزانی ، ئەگەر خێزانەکانیان کچیان ببوایە ، نەیان ئەهیشت کەس بزانێ کچیان بوە زۆربە پەلە بەزیندوی دەیان خستە ناو چاڵەوە ، ودەیان کوشت ، ئەم ڕووداوەیان بەشورەی دەزانی کە کچیان بوە ، لە دوای هاتنی ئاینی ئیسلام و کۆتای هاتنی یاساو دەسەلاتی نەزانین لە نیوچە دوورگەی عەربدا ، ئیتر زیندە بەچاڵ کردنی کچان قەدەغە کرا بەپیەی یاسای نوێی ئیسلام تا لە جیاتی کوشتن و زیندە بەچاڵ کردنیان ، ڕێزوو پایەی زۆر بۆ ئافرەت دیاری کرا ، بەگوێرەی ڕێنمای و فەرمایشتەکانی یەزدانی مەزن و پەیامبەری خۆشەویست ، ئاشکرا بو ئەوکەسەی ڕێزلە ئافرەت بگرێ و کچان پەروەردە بکات و جیاوازی نێوان کوڕ و کچ نەکات ، یەزدانی گەورە بەڵێنی بەهەشتی بەرینی پیێ دەدات ،

﴿ وَإِذَا بُشِّرَ أَحَدُهُم بِالْأُنثَىٰ ظَلَّ وَجْهُهُ مُسْوَدًّا وَهُوَ كَظِيمٌ ﴿٥٨﴾ يَتَوَارَىٰ مِنَ الْقَوْمِ مِن سُوءِ مَا بُشِّرَ بِهِ ۚ أَيُمْسِكُهُ عَلَىٰ هُونٍ أَمْ يَدُسُّهُ فِي التُّرَابِ ۗ أَلَا سَاءَ مَا يَحْكُمُونَ ﴿٥٩﴾ ﴾ النحل: ٥٨ ـ ٥٩

ئەم کارو هەڵسوکەوتەی سەردەمی نەزانین بەپێچەوانەی فەرمانەکانی ئاینی ئیسلامە ، پەیامبەری خۆشەویست لەم بارەیەوەدەفەرمێت (ما أكرم النساو الا كريم ، وما أهانهن الا لئيم)ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەتەواوی ماف ئافرەتی لەبەر چاو گرتوە و پاراستویەتی ، ڕێگا دراوە بە ئافرەت کە بەشی هەبێت لە پاش ماوەو میراتی باوك و کەسەکانیدا ، سەربەست کراوە لە بەکار هێنانی مافە تایبەتیەکانی خۆیدا کە ئاینی ئیسلام بۆیانی دیاری کردوە ، بەئەوپەری سەربەستیەوە دەتوانێت سەوداو کڕین و فرۆشتن و گۆڕینەوەی کالا بە کالا بکات ، سەربەستە هەموو شتێك بەکرێ بگرێت و ڕەهن بکات و هەموو پەیمانێکی بازرگانی ببەستێت – ئافرەت سەربەستە بەئارەزووی خۆی شوو

بکات بەفاگاداری باوك و براو کەسەکانی ، ئافرەت لەئاینی ئیسلامدا بەزۆر بەشوو نادرێت ، ئاینی ئیسلام زۆر پەرەی داوە بە مافەکانی ئافرەت و فراوانی کردوە ، ئافرەت بەزۆر نادرێت بە پیاوێك کە ئافرەتەکە پێی رازی نەبێت ، ژن بەژن یان کچ بەکچ گۆڕینەوە و بەشوودان قەدەغەیە و نابێ ئەگەر رەزامەندی تەواوی هەر چوار لای تێدا نەبێت بەگەواهی و شاهیدی دوو پیاوی ژیرو بەتەمەن ، کچ بەبێ مارەیی مارەیەکی دیاری کراو نادرێت بەشوو ، بۆ باوك و براو کەسی کچ نیە مارەیی کچ بخۆن ئەگەر بەرەزامەندی خۆی نەیان داتێ ، هەرکارێك بەپێچەوانەی ئەم کارانەوە بکرێت دژی ئاینی پیرۆزی ئیسلامە و ئاینی ئیسلام رازی نابێت ، بەهیچ جۆرێك ئاینی ئیسلام رێگا نادات ئەوەی بەتواناو بەهێزە مافی مرۆڤی بێتوانا و بێدەسەلات بخوات ، (وەستا محمد)ی خودا لێخۆشبو ئاوی لەسەرچاوەی ئەم کانیاوە سازگارانەنوش کردبو . بۆیە زۆر رێزی لە ئافرەتی ژیرو کارامە دەگرت بۆیە دەی فەرموو ،

١- ئافرەتی کورد لە پیاو کەمترنین و لە پیاویش زیاترنین لە هەڵسوکەوت کردنا .

٢- ئافرەتی کورد رابوردوی پر شانازی هەیە ، شان بە شانی پیاوەکەی جەنگاوە و پارێزگاری لە خاکەکەی کردوە ، خواردن و پێداویستی بۆ جەنگاوەرەکان ئامادەکردوە بریندارەکانی چارەسەر کردوە .

٣- سەربەستانە ماڵ و منداڵ و میوانی خزمەت کردوە ، روو سپیەتی بۆ خۆی و بنەماڵەکەی بەدس هێناوە ، لەبەر ئەم هۆیانە و سەدانی تر رێزگرتن لە ئافرەت پێویستە ،

## (هاندانی مرۆڤ بۆ کار کردن)

﴿ وَقُلِ ٱعْمَلُوا۟ فَسَيَرَى ٱللَّهُ عَمَلَكُمْ وَرَسُولُهُۥ وَٱلْمُؤْمِنُونَ ﴿١٠٥﴾ ﴾ التوبة: ١٠٥

﴿ لِّلرِّجَالِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبُوا۟ ۖ وَلِلنِّسَآءِ نَصِيبٌ مِّمَّا ٱكْتَسَبْنَ ﴿٣٢﴾ ﴾ النساء: ٣٢

له سیسەت و شەست جێگه له قورئانی پیرۆزدا یەزدانی گەورە ئاماژەی بۆ کارکردن کردوه ، فەرمانی پێمان فەرموه که هەمووومان کاربکەین ، بەبێ جیاوازی کردن له نێوان نێرۆ مێ و هەر توێژێك له بواری خویدا ، لەم ئایەته پیرۆزەی سەرەوەدا بەراشکاوی یەزدانی مەزن ئاماژەی بەوە کردوه کەپێویسته هەمو مرۆڤێك کار بکات ، یەزدانی گەورەو پەیامبەری خۆشەویست و هەموو خاوەن باوەڕەکان چاوەڕوانی کارەکانمان دەکەن ، کارەکانمان دەبینن و چاودێریمان دەکەن لەهەڵسوڕاندنی رۆژانەماندا ، ئەگەر بەئەوپەری باوەڕو دڵسۆزیەوە کارەکانمان ئەنجام دا ، ئەوکاته ، یەزدانی گەورە بەبەندایەتی و بەپەرستنی خۆی بۆمان دەژمێرێ ، ئەم هاندان و ئاماژه کردنەی یەزدانی مەزن لەقورئانی پیرۆزدا بۆ کارکردنی مرۆڤی خاوەن باوەڕ ، خۆی له خۆیدا شۆرشێکی کۆمەڵایەتیه که تەقیەتەوە بەسەر ئەو سەردەمو وکاتەدا که ئاینی ئیسلامی تێدا ئاشکرابو ، ئاینی ئیسلام فەرۆچاکەو درو له دبوو یەزدان بەخشی کردبه سەر هەموو گێتیدا ، ئاینی ئیسلام بۆ ئەوەهات جیاوازی و تەمەڵی و تەوەزەلی له نێو گیانی ئەم کۆمەڵگەیه دەربکات ، ئاینی ئیسلام نرخی بۆ مرۆڤ و بۆ مرۆڤایەتی گەڕاندەوە ، سەربەرزي و سەرفەرازی و سەرکەوتنی بۆ بەدەس هێنا، یەزدان هەموو پێداویستیەکی بژێوی و حەوانەوەی بۆمان دابین کرد ، خوانێکی پڕ له خێرو فەڕی بۆمان راخستوه لەسەر گۆی ئەم زەویه ، پڕه له کێڵگه و گژ و گیاو درەخت و دارستان ، بەگوێرەی پێویست کانیاو جۆگه لەو روو بار بەنێوانیاندا بەر پاکراوە ، له ئاسمانەوە بارانی پڕ له فەڕو بەرەکەتیمان بەسەردا دەبارێنێ ، زەویەکەمان پڕه

لەکانزای جۆراو جۆر کەبەئالتون و زێوو گەوهەر دەژمێردرێت ، یەزدان ئەم خوانەی بۆ هەموو مرۆڤێکی سەر ئەم زەویە دروست کردوە ، بۆ بەدەس هێنانی ئەم هەموو فەڕو بەرەکەتە لەسەر ئەم زەویە ، ئەمەیش پێویستی بەکار کردن هەیە ، بەکاری پیرۆزو جوان بەکاریان بهێنین ، پێویستە بەشێوەیەك کار بکەین ژیانمان بۆ ئەم هەمو فەڕو بەرەکەتە و بۆ ئەم زەمینەو بۆ خۆمانیش نەبێت ، تەنها کۆمەڵگکەمانی پیێ ئاوەدان بکەینەوە ، یەزدان پلەی مرۆڤی کرێکاری بەرز نرخاندوە ، بەرامبەر بە بەندایەتی و پەرستنی خۆی لە قەڵەمی داوە ، هەر بۆیە کار کردن بەیەکێك لەپەرست کاریەکانی خۆی داناوە ، هەرچەندە کارکردن فەرمێکە بۆ بەدەست هێنانی بژێوی ژیانی ئادەمیزاد لەهەمان کاتدا ژیانەوەیە و ئاوەدان کردنەوەی ئەم سەرزەمینەبەشێکە لەسەلماندنی بەندایەتی و پەرستنی یەزدانی مەزن ، ئەگەر ئادەمیزاد دەپرسێت یەزدان بۆچی منی دروست کردوە ؟ یەزدانی مەزن هەرخۆی وەڵامەکەی دەفەرمیێ ،

﴿ وَمَا خَلَقْتُ ٱلْجِنَّ وَٱلْإِنسَ إِلَّا لِيَعْبُدُونِ ﴿٥٦﴾ ﴾ الذاريات: ٥٦

کارکردن یەکێکە لە نەهینیەکانی بونی مرۆڤ لەسەر گۆی ئەم زەویە ، ئاوەدان کردنەوەیش بەبەشێك دەژمێردرێت لەبەندایەتی و پەرستاری یەزدان ، ئاینی پیرۆزی ئیسلام هانی هەمو مرۆڤێك دەدات کاربکات ، هەمیشەدژی تەمەڵی و تەوەزەلی و کارنەکردنە ، ئاشکرایە هەموزەنج دەرێك ئامێری کارکردنی نیە و پشت بەمیراتی و دیاری و دەهەنەنا بەستیت ، ئاینی ئیسلام پیەی چاك نیە لەیەزدانی مەزن زیاتر پشتت بەکەسێکی دیکە ببەسترێت ، یەزدان کارکردنی بۆ مرۆڤ دابین کردوە بۆ ئەوەی لە چاوەڕوانی و مل کەچی لایبدات و لەدەرۆزەی و سوالْ کردن دووری بخاتەوە بۆ ئەوەی ئابڕوی پارێزراو بێت و بەسەربەرزی بژێت ، پەیامبەری خۆشەویست دەفەرمیێ (إن الله يحب العبد المحترف ، ويكره

العبد البطال)ئاشكرايه هەموو مرۆڤێكى خاوەن باوەڕ زۆر پێویستی بەرازی بونی یەزدانه ، گەورەترین ترس لەوەدایه کەیەزدان لیەی زویرو توڕه بێت ، بەواتای یەزدانی گەورە لەو مرۆڤانه رازیه و خۆشیانی دەوی کە کاردەکەن ، خۆشی بەو مرۆڤانەدا نایەت کە کارناکەن و تەمەڵ و تەوەزەلن ، عومەری کوری خەتاب خودای لێرازی بێت ، کۆمەڵێکی بینی کاریان نەدەکرد ، فەرمووی بۆ کارناکەن ؟ ، گوتیان پشتمان بەیزدان بەستوه ، عومەر فەرمووی راست ناکەن ! (إنما الموتوكل رجل القى حبة في الارض ، ثم توكل على الله)بەواتای ، هەرکەسێك دانه وێڵه – تۆوێکی – له زەوی چاند پاشان دەڵێت ، پشتم بەخودا بەستوه ، بەگوێرەی ئاینی ئیسلام هەموو مرۆڤێك یەکسانه له ماڵ و پێداویستیەکانی سەر شانی ، پێویسته هەموو مرۆڤێك بەگوێرەی لێهاتوی و زانینی خۆی لەو بوارەدا سەری دەردەچێت کار بکات ، سەرکردەکانی ئیسلام هەمویان کارمەند بونه و کاریان کردوه ، پەیامبەری نازدار شوانی کردوه و پاشان بازرگانی کردوه ، أبو بکر صدیق خودای لێرازی بێت کوتاڵ فرۆش کردوه ، عومەری کوری خەتاب و عوسمانی کوری عەفان بازرگانیان کردوه ، عەلی کوری (ابا تالیب جوتیار بوه ، ئەم کارانه کردویانه لەپێش سەردەمی خەلیفەیەتیدا بوه ، یەزدانی بەخشندە و مهربان (وەستا محمد) ببەخشێت و بەیەهەشتی بەرینی شاد بکات ، هەمیشه هانی کۆمەلانی خەڵك و دەوروبەروو خزمانی خۆی دەدا بۆ ئەوەی کاربکەن و کێڵگەکانیان بەرهەم بهێنن ، دەیفەرموو – رۆڵەکانم لەژیانی خۆتاندا تەمەڵ و تەوەزل مەبن ، یەزدانی مەزن پیاوی بێکاری خۆشناوێت ، ئامارەی دەکرد بۆ ئەو فەرمایشتانەی سەرەوە ، دەیگوت ، پیاوی تەمەڵ و بێکار جلو بەرك ودەستو پەنجەی پاك و خاوێنه و نەرموونیانه ، بەلام ناخی پڕه له ئاخ و دەردو زووخاو ئێرەی ، دەموچاوی نارەزای و توڕەی خودای لێدەباریٚ ، پیاوی کرێکاری پیرۆز جلو بەرگی شڕە و

ئازایی و بوێرە ، ڕووخۆش و دەمووچاوی لە شێوەی گوڵی بەهارە ، کاتی کار کردنتان بەئەوپەڕی دڵسۆزیتانەوە کاربکەن ، سرنجی خەڵك بۆ لای خۆتان رابکێشن ، تەنها بۆ سەلماندنی خۆش و تامو چێژی کارکردن جۆڵا لەکاتی کارەکەیدا کشە لە مامر بکات لەکارەکەی دوا دەکەوێت ، زۆربەی ئەو ئاقرەتانەی بەرچاوی نین ، کارو کوڕی چاك بەرهەم دەهێنن ،

## (هاوڕێ و هاوەڵی چاك)

(خير الاصحاب عند الله تعالى ، خيرهم لصاحبه)رواه الترمذي

پەیامبەری مەزن ، لەم وتە پیرۆزەدا بۆمانی رون کردوەتەوە چی جۆرە مرۆڤێك دەتوانین بەهاوەڵ و هاوریەی خۆمان پەسندیان بکەین وبیکەین بە برادەری خۆمان، دەفەرمێت چاکترین هەڤاڵ و هاوڕێ لای یەزدانی مەزن ئەو مرۆڤەیە ، چاکە و فەڕی بۆ هاوەڵو هاوریە کەی هەبێت ، پێویستە چاکە و فەڕێك بێت بۆ هەردوو دونیا سودی هەبێت ، هاوڕیەتی مرۆڤی خاوەن باوەڕی راستی بە یەزدانی گەورە و پەیامبەرەکەی ، هەمیشە سوود بە هاوەڵی خۆیان دەگەیەنن ، هاوەڵەکانیان بەگوێرەی فەرمایشتەکانی خوداو پەیامبەری خۆشەویست رادەهێنن ، هەمیشە بەرەو رێگای ڕاست و بەندایەتی و یەزدان پەرستی ڕای دەکێشن ، لەورێگایانە دووری دەخەنەوە کە بەرەو هەڵدێری گومراهی و خراپەکردن دەرۆن ، برادەری خاوەن باوەڕ هەمیشە چاوێکی گەشو دووربینێکی چاکە بۆ هاوەڵەکەی ، بەرەو رێگاو باوەڕی راست و سەرکەوتنی گەورە دەیبات لە هەردوو گێتیدا ، بەئەوپەری دڵسۆزیەوە لەسەر بەرە ژوورەو هەورازەکانی ژیاندا . سەری دەخات ، بێگومان هاوەڵی کردەوە ناشرین و گومراە و بێباوەر بە ئاینی ئیسلامی پیرۆزو بەرێنمایەکانی پەیامبەری خۆشەویست ، بەرەو هەڵدێرو سەرلێشیوان و دۆزەخی دەبات ، بۆیە پەیامبەری خۆشەویست لەم فەرمووده پیرۆزەیدا رێنمایمانی کردوە هەمیشە هاوڕێ و هاوەڵی مرۆڤی خێرخوازو فەڕو چاکە هێنەربێن ، ئاینی ئیسلامی پیرۆز زۆر گرنگی داوە بەدروست بونی پەیوەندی و یەکێتی و خۆشەویستی لە نێوان کۆمەلانی خەڵکدا ، هەمیشە هەوڵ دەدات ئەو خۆشەویستی و برایەتیە پتەو تربێت ، بۆ ئەوەی دڵسۆزی و خۆشەویستی و بەزەی لە نێوانیاندا بلاو

بکرێتەوە ، لە پێناوی دروست بونی برایەتیەکی ڕاستدا ، بەجۆرێك دڵیان بەیەکەوە پەیوەست بکات و بیان بەستێت بەیەکەوە ، بەبۆچونی ئیسلام هاوەڵی ڕاست برای هاوەڵەکەیەتی ، ئەم برایەتیە دەیان بەستێت بەیەکەوە ، ژمارەیەك بەیەکەوە بەستن دروست دەکات لە نێوانیاندا ، لە شێوەی دروستبونی خۆشەویستی و هۆگری و گوی رایەڵی و یارمەتی دانی یەکتری لەکاتی تەنگانەدا ، پرسوورا بە یەك کردن لەکاتی ئەنجامدانی کارەکانیاندا ، ئەمەیش لە پێناوی هەڵسوراندنی کارە چاکەکانیاندا ، هاوڕێ و هاوەڵی برای ئیسلام هەرچەندە لەهاوەڵەکەی نزیك بێتەوە ، زیاتر هانی دەدات بۆ کارە چاکە و پڕ لە فەڕەکان ، بەو پەڕی دڵسۆزیەوە رێنمای دەکات و لە خراپەکاری و ئازارەکان دووری دەخاتەوە ، ئەم کارە پیرۆزە و ئەم رەوشتە جوانە لەلای یەزدانی بەخشندە و میهرەبان گەورەترین پلە و پایەو سەربەرزی دەدرێت بەخاوەنەکەی ، بۆیە زۆر پێویستە هاوەڵ و برای ڕاست وهاوەڵی راستەقینە تەنها لە پێناوی یەزدانی مەزندا بێت ، هەڤاڵی و هاوریەتی نابێ بەهیچ شێوەیەك لە پێناوی بەرژەوەندی تایبەتی و مەبەستی تاکە کەسیدا بێت ، بێگومان هاوریەی راست هەرچەندە دڵسۆزبێت بەگوێرەی دڵسۆزیەکەی خۆی یەزدانی مهربان باوەڕەکەی بەهێزو زیاد دەکات ، هەڤاڵی و هاوریەتی ئەگەر لەم چوار چێوەیە دەرنەچێت ، إیتر ئاینی ئیسلام پیەی رازیە و کۆمەڵانی ئیسلامیش پشت گیریان دەکەن ودەبێ بەهاوەڵیان ، ئەو هاوەڵە راستانە دەبێ بەجێگای ئامارە و پەنجە بۆ راکێشانی خاوەن باوەڕان ، بەم شێوەیەو بەو خوو رەوشتە جوانەیان دەتوانن سود بەکۆمەڵگەی ئیسلامی بگەیەنن بە شێوەیەکی گشتی ، هاوڕێیانی دڵسۆز و راست لە پیناوی رەزامەندی یەزدانی مەزندا و بۆ سودی گشتی ، ئەم هاوڕێیانە لە رۆژی دوایدا لە ژێر سێبەری یەزدانی میهربان و بەخشندەدا دەبن ، کە لەو رۆژەدا هیچ سێبەرێك نیە جگە لەو سێبەرە کە بۆ

ئەم جۆرە هاوەڵانە تەرخان کراوە ، بەم بۆنەیەوە پەیامبەری خۆشەویستمان ناوی ئەم هاوەڵە پیرۆزانەی لەگەڵ ئەو حەوت گروپەدا هێناوە کە لە ڕۆژی کۆتایدا لە ژێر سێبەری خودادا لێپرسینەوەیان لە تەکدا دەکرێت ، دەفەرمێت ،

(ورجلان تحابا ، في الله ، إجتمعا عليه ، وأفترقا عليه)رواه بخاري ومسلم بێگومان هەموو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ ، ڕەوشتو هەڵسوکەوتی بەگوێرەی فەرمایشتەکانی یەزدانی گەورەو پەیامبەری خۆشەویست ئەنجامبدات و سەرپێچیان لێنەکات ، لە ڕۆژی دوای و لێپرسینەوەدا لە ژێر سێبەری یەزدانی مەزندا دەبێ ، داوا لە یەزدانی بەخشندەو مهرەبان دەکەم لە بەندەی بێتواناو بێ دەسەلاتی خۆی (وەستا محمد) خۆشبێت ، کە ئەم فەرمایشتە و ڕێنمایانەی یەزدانی مەزن و پەیامبەری خۆشەویستی هەمیشە کردبوی بە وردی سەر زمانی ، لە هەموو کۆڕو کۆمەڵ و دانیشتنێکدا بۆمانی دووبارە دەکردەوە ، فەرمانی پێمان دەدا لە ژیانماندا ڕێنمایان بکەین و پەیرەومان بێت ، دەیفەرموو لە ژیانی گەنجایەتیمەوە هەتاکو ئیستا کەتەمەنم خۆی داوە لەسەروی هەفتا ، زۆر بە دوای هاوەڵ و برادەری ڕاستدا گەڕاوم، کە ئەو ڕەوشتانەی تێدا هەبێت کە لە فەرمایشتەکانی یەزدانی گەورەو پەیامبەری نازدارا ئاماژەیان بۆ کراوە ، هەڵسوکەوتم زۆر لەگەڵ چین و تویژەکانی کۆمەڵگەکەماندا کردوە گەلێك مرۆڤی جۆراو جۆر بونە بەناسیاوم ، لە دوای هەڵسوکەوتی زۆر و سوڕانی ڕۆژگار ، بۆم دەرکەوتونە و ئاشکرابونە لام ، ئەورەوشتانەی من پێویستم پێەی هەبو تییاندا نەبو ، یان ژمارەیەکیان کەم بو ، ناچار دەبوم ڕێگایەکی پسپۆڕانە بدۆزمەوە و خۆم لێیان ڕزگارو دەربازبکەم ، لەتەمەنی خۆمدا ، مامۆستایەکی ئاینی و شێخێکی (مُرشد)م بەهاوەڵ زانی کەهەمو مەرجەکانی هاوەڵی ڕاستیان تێدا هەبو ، لەبەر کەم بەختی من هەریەکی یەك ساڵ لە تەکیاندا ژیام و زۆر زوو کۆچیان کرد بۆ لای یەزدانی

مەرۆ ، ئێستا هاوڕێیەم نیە و بەبێ هاوەڵ ماوم ، ئەوەمان لەیاد نابێ بچێت هەمو مرۆڤێك وشەی (لا إله الا الله محمد رسول الله)ی بەزاردا هاتبێت لە نێرو مێ بە براو خوشکی خۆمیان دەزانم و دڵم پێیان شادە و هەمویان دۆستو ناسیارو خۆشەویستی منن، بەگوێرەی بۆچونەکانم ، ئێستا باوەڕم وایە هاوەڵ و برادەری راست و راستەقینە کە بەگوێرەی فەرمایشتەکانی یەزدانی گەورە و پەیامبەری خۆشەویست پەیرەو بکات زۆر بەکەمی وەدەسمان دەکەوێت ، بە رای تایبەتی خۆم هاوەڵی ئەمرۆ ، مرۆڤی ئەمرۆکە بتەوی بەهاوڵی خۆت پەسندیان بکەیت دەکرێن بە سێ بەشەوە بەم شێوەی لای خوارەوە .

١- هاورێ و هاوەڵی – گیانی بەگیانی – هاوەڵی راستی .

٢- هاورێ و هاوەڵی – نانی بە نانی – نان خۆر .

٣- هاوەڵو هاوریەێ – مرۆڤی – بەد خوو رەوشت نزم .

***

١- هاوریەی گیانی – بەگیانی ، ئەو هاورییەیە کە بەگوێرەی فەرمایشتەکانی یەزدانی گەورە و پەیامبەری خۆشەویست کار دەکەن .

٢- هاوریەی – نان بە نانی ، بەئەو هاوریەیە دەگوترێت کەدەیەوێت تەنها لە ماڵ و سامان و سەروەتەکەت بخوات ،

٣- هاوریەی ، بەدو بەدخوو رەوشت نزم – ناتوانرێت بەم جۆرە مرۆڤانە بگوترێت هاوریە لە ژیانی خۆمدا ئەم جۆرە مرۆڤانەم نەك بە مرۆڤ بە ئاژەڵیش نەیانم ژماردوە ، ئاژەڵ زۆریان سودیان بۆ مرۆڤ هەیە ، ئەم جۆرانە تەنها زیان بەخشن بۆ کۆمەڵ ، (وەستا محمد)ی بەرحمەت بو ئەم رێنمایانە و ئەم وەسیەتانەی بۆمان دەکرد ئەگەر ویستمان هاوەڵ و برادەریی ڕاست بۆ خۆمان هەڵبژێرین .

١- داوا له سه‌رجه‌م نه‌وه‌كانم و خزمه‌كانم ده‌كه‌م ، هاوه‌ڵی و هاوریه‌تی له‌گه‌ڵ مرۆڤێكدا بكرن وبیكه‌ن به‌برادەرتان ، كه‌هه‌موو مه‌رجه‌كانی برادەری تێدا بێ ، به‌گوێره‌ی فه‌رمایشته‌كانی یه‌زدانی گه‌وره‌ پێغه‌مبه‌ره‌كه‌ی رفتار بكات ، هیوادارم هه‌موو مرۆڤێكی ئیسلام په‌یره‌وی وه‌سیه‌ته‌كانم بكه‌ن ،

٢- به‌ڵێنی هاوه‌ڵی و برادەری به‌هیچ كه‌سێك مه‌ده‌ن ئه‌گه‌ر له‌هه‌موولایه‌نێكه‌وه‌ تاقیت نه‌كردبێته‌وه‌ .

٣- پێم خۆشه‌ ئه‌گه‌ر ویستتان مرۆڤێك به‌برادەر بزانن ، پێش هه‌موو شتێك تاقی بكه‌نه‌وه‌ ، واچاكه‌ فه‌رمووی لێبكه‌ی بۆ ماڵ بۆ داوات و نان خواردن ، ئه‌گه‌ر ئاماده‌ی خۆی ده‌ر برِی بۆ هاتنی تاقی كردنه‌وه‌ی ئاسانه‌ ،

٤- ئه‌گه‌ر ویستت مرۆڤێك تاقی بكه‌یته‌وه‌ بۆ ئه‌وه‌ی بیكه‌ی به‌برادەری خۆت ،

أ- بانگهیشی بكه‌ ته‌نها بۆ یه‌ك جار ، نه‌ك بیكه‌ی به‌دوو ،

ب- ئه‌گه‌ر ئه‌م كاره‌ت كرد به‌دوو ، ئه‌وه‌ ماندوو بوی ، كارت له‌ده‌س چوو .

ج- ئه‌گه‌ر كاره‌كه‌ت كرد به‌ سێ ، ئه‌وا په‌ته‌كه‌ت له‌ده‌س ده‌پسێ .

٥- ئه‌گه‌ر ویستان مرۆڤێك بكه‌ن به‌برادەر ، هه‌وڵ بده‌ن سه‌فه‌ری له‌تكدا بكه‌ن ، پێشینان گوتویانه‌ (سه‌فه‌ر ته‌رازوی ره‌وشته‌) .

٦- ئه‌و هاوه‌ڵانه‌ی به‌برادەر هه‌ڵیانت بژاردوه‌ و به‌ڵێنی هه‌ڤاڵیت له‌ته‌كیاندا مۆركردووه‌ ، پێویسته‌ وه‌ك كتێبه‌ به‌نرخه‌كان كه‌مو هه‌ڵبژارده‌ بن .

٧- پرسیم هاوریه‌ چاكه‌ یان برا ؟ گوتیان هاوریه‌ برایه‌كه‌ به‌ ئاره‌زوی خۆت هه‌ڵت بژارده‌ ، هه‌ڵبژاردنی برا به‌ویستو ئاره‌زوی خۆت نه‌بوه‌ .

٨- بۆیه‌ گوتویانه‌ هاوریێ له‌ هه‌موو رچكه‌و رێگاكاندا هاورێت بێ ،

٩- بۆیە گوتوویانە برادەر ، بەواتای برای دەشتو چۆڵ و کاتی تەنگانە کەلە خۆت و برادەرەکەت و یەزدانی گەورە ، کەسی تر ئاگای لێت نیە چی دەکەی ؛

١٠- ئەرەستۆ دەڵێ ، جگە لە دایك و باوکتان هیچ کەس کارێکتان بۆ ئەنجام نادات ؛

١١- یەکێك لە هاوەڵەکانی پەیامبەر ، پرسیاریان لێکرد ، کێ بەهاوەڵی خۆم بزانم ، لە وەڵامدا سێ جار فەرموویان دایکت و جاری چوارم فەرمووی باوکت ،،

## (نوێژ کۆڵەکەی ئاینە)

﴿ ٱلصَّلَوٰةَ تَنْهَىٰ عَنِ ٱلْفَحْشَآءِ وَٱلْمُنكَرِ ﴿٤٥﴾ ﴾ العنكبوت: ٤٥

یەزدانی گەورە و میهرەبان لەم ئایەتە پیرۆزەدا داوا لە خاوەن باوەڕەکان دەکات نوێژ بکەن ، لەبەر ئەوەی نوێژکردن ئادەمیزاد لە گومڕای و خراپەکاری دووردەخاتەوە و قەدەغەی دەکات ، هەر خاوەن باوەڕێك کاتێ لەخزمەتی خودادا رادەوەستێ و نوێژ دەکات ، بەئەو پەڕی باوەڕی تەواوەوە لە بارەگای یەزداندا رادەوەستێت ، بەئەو پەڕی کزۆڵەی و مل کەچیەوە رادەوەستێت بۆ دابین کردنی بەندایەتی خۆی لە خزمەتی یەزدانی گەورەدا ، هەر مرۆڤێك بەوشێوەیەو بەو باوەڕەوە لە خزمەتی پەروەردگارەکەیدا بەلای کەمەوە رۆژی پێنج جار رابوەستێت ، بێگومان لەکاتەکانی دەرەوەی نوێژکردنیشا هەر بەو جۆرە و بەو شێوەیە خۆپارێزی دەکات لە تاوان کاری و گومڕای ، بۆ یە یەزدان پێمان دەفەرمێت (نوێژ لە گومڕای و خراپەکاری و کاری نا بەجێ دوورتان دەخاتەوە) ، نوێژکردن مرۆڤی خاوەن باوەڕ لە گوناهەکانی رابوردوی پاك دەکاتەوە ، لەشێوەی جلو بەرگێکی سپی بە ئاوێکی پاك بشۆرێت ، لەم بارەیەوە پەیامبەری خۆشەویستمان دەفەرمێت (مثل الصلوات الخمس ، کمثل نهر جار غمر علی باب احدکم یغتسله به کل یوم خمس مرات)رواه مسلم — بەواتای شێوەی پێنج نوێژە فەرزەکە ، لەشێوەی جۆگایەکی ئاوە لە پێش دەرگاکانماندا بڕوات و ئێمەیش رۆژی پێنج جار خۆمانی پێ بشۆرین ، ئەو ئاوە پاکە چۆن کۆئەندامی لەشمان پاك دەکاتەوە ، هەر بەو شێوەیەیش نوێژکردن مرۆڤی خاوەن باوەڕ لە گوناهەکانی دەشواتەوە و پاکی دەکاتەوە ، بێگومان نوێژ کردن کۆڵەکەی ئاینە ، هەر خانویەك کۆڵەکەی تێدا نەبێ ئەو خانوە زۆر بەزووی بەرەو لە ناوچون و رووخان دەچێت ، ئەگەر بمانەوێت

رازەی گرنگی نوێژمان بۆ دەربکەوێت ، بزانین چی دەسکەوتێکی گەورەیە بۆ خاوەن باوەڕان ، چۆن و بەچی جۆرێك مرۆڤ دەتوانێ ئەم دەسکەوتە گەورەیە بەئاسانی بەدەس بهێنێ ، لەهەمان کاتدا ئەگەر بمانەوێت بزانین و تێبگەین ، چۆن وە بۆچی ئەو کەسانە بەم یەزدان پەرستیە رازی نین و نوێژ ناکەن ، لەئەنجامدا بۆمان دەردەکەوێت ئەم جۆرە مرۆڤانە ، چەندە مرۆڤێکی زەرەرمەندو زیان لێکەوتون ، ئەگەر بمانەوێ راستی ئەم پرسیارانە بەڕاشکاوی و ئاشکرا بزانین و دڵنیا بین ، سەیرێکی ئەم شەوو رۆژە دەکەین ، کەیەزدان بۆمانی کردوە بە بیستو چوار کات ژمێر ، لەڕاستیدا لەم ماوەیەدا ، ئێمە تەنها یەك کات ژمێر بەکار دەهێنین بۆ نوێژ و یەزدان پەرستی ، بێگومان ئەم ماوە کەمەیش بەکار دەهێنین بۆ دنیایەکی درێژو نەبڕاوە هەمیشەی ، بیستو سێ کات ژمێرە کەی دیکەی کە ماوەیەکی زۆرە ، بەکاری دەهێنین بۆ دنیایەکی زۆر کورت و بێکەڵك ، کەپێیەی دەگوترێت دنیای (فانی) پرسیارەکەمان لێرەدا ئەوەیە ، ئایە ئەو مرۆڤەی کەرۆژێ بیستو چوار کات ژمێرە هەموی بۆ دنیای کورت و بڕاوە وفانی بەکار دەهێنێ ، ئەو مرۆڤە چەندە مرۆڤێکی زەرەرمەندو زیان لێکەوتوە ؟ چەندە زیان و تاچی رادەیەك بەخۆی دەگەیەنێ و لەم هەنگاوەیدا تاچی هەنگاوێك مرۆڤێکی ناژیرانە و دور لە زانیاریە ، چەندە کاری خراپ بۆ پاشەرۆژی خۆی دەکات ، بەپێچەوانەی ئەمەوە نوێژکردن حەسانەوەیەکی زۆر گەورە بەگیان و دڵو بیرو هۆشی مرۆڤ دەدات ، مرۆڤ بەهۆی نوێژکردنەوە هیچ ماندوو بون و ئازاریکی وەبەر ناکەوێت ، سەرەرای ئەمانەیش ، ئەو کەسەی هەڵدەسێ بەجێ بەجێ کردنی نوێژەکانی ، لەماوەی ئەو بیستو سێ کاتژمێرەکەی دیکەدا هەر جۆرە کارو فەرمانێکی (حلاڵ) بەرێوە بەرێت ، یەزدانی مەزن هەمووی بۆ دەکات بەیەزدان پەرستی و بەندایەتی و بۆی دەنوسرێت لە پەڕاوی کارەکانیدا و دەبێت بە توێشەی رۆژی هەتا هەتای ،

بەم جۆرە مرۆڤی نوێژگەری دەسو دڵ پاك دەتوانێ هەموو کاتەکانی ژیانی بکات بە سەرمایە و بەرەو دنیای کۆتای و هەتا هەتای رەوانەیان بکات ، هەموو مرۆڤێکی ژیرو زرنگ دەتوانێ بەم تەمەنە کورتەی ئەم دنیا کورتە (فانیە) وە هەموو سەرمایەکانی تەمەنی خۆی لەدنیای نەبڕاوەدا بکات بە تەمەنێکی نەبراوەی دوورو درێژی هەمیشەی ، بێگومان ژمارە و رێژەی ئەم مرۆڤانەیش پێك هاتونە لە چەند بەشێك هەر بەشێك بەپێەی کردەوەکانی خۆی پلەی بۆ دانراوە ، ژمارەیەك لەو خودا پەرستانە ماوەی هەزار ساڵ لە رۆژی دوایدا بەیەك تەنها رۆژێك لە شێوەی خەیاڵدا دەبڕن ، وەك یەزدانی مەزن دەفەرمێت لە قورئانی پیرۆزدا .

﴿ وَإِنَّ يَوْمًا عِندَ رَبِّكَ كَأَلْفِ سَنَةٍ مِّمَّا تَعُدُّونَ ﴿٤٧﴾ ﴾ الحج: ٤٧ ،

لە جێگایەکی تردا بەهەمان شێوە دەفەرمێت :

﴿ تَعْرُجُ الْمَلَائِكَةُ وَالرُّوحُ إِلَيْهِ فِي يَوْمٍ كَانَ مِقْدَارُهُ خَمْسِينَ أَلْفَ سَنَةٍ ﴿٤﴾ ﴾ المعارج: ٤ .

(وەستا محمد)ی رەحمەتی ، نوێژ کردنی کردبوە بەخولیایەك لە بیرو هۆشو هزری خۆیدا و کردبوی بەسەرمایە یەك بەدەستی خۆیەوە بۆ رۆژی دوای ، لەبەر ئەوە جگە لە نوێژە پێنج فەرزەکە ، بەگشتی سونەتەکانی دەکرد ، بەهیچ جۆری کەمتەرخەمی نەدەکرد لە نوێژەکانیدا ، سەرجەمی سونەتەکانی لەجێگاو کاتی خویدا بەجێ دەگەیاند ، بەهێچ جۆری رێگای نەدەدا بە خێزان و منالەکانی نوێژەکانیان لەدەس بڕوات ، لەکاتی هەست کردنی بەکەمتەرخەمی کردنیان ، یەکەیەکە لێپرسینەوەی لەگەڵدا دەکردن ، وەستا دەیفەرمو ، هەموو مرۆڤێك لەم دنیا کورتە بێکەڵکەدا ، پێویستی بەخواردن و خواردنەوە و حەسانەوە و سەرمایەداری هەیە ، ئەمەیش بەدەس هیچ کەسێ ناکەوێت ،

ئەگەر هەوڵو کۆشش و جولانەوەی بۆ نەکات ، نوێژکردن و بەندایەتی و یەزدان پەرستی لەم دنیایەدا ، خواردن و خواردنەوە و حەسانەوە و سەرمایەی دنیای نەبڕاوەمانە ، سەرمایەیەکە بەکاری دەهێنین بۆ بەدس هێنانی دنیا یەك ، بۆ بەدس هێنانی ژیانێك کە هەمیشەی و هەتاهەتای و نەبڕاوەیە ، بۆ بەدەس هێنانی دنیای هەمیشەی پێویستی تەواومان بەم سەرمایەیەهەیە ، هەر مرۆڤێك لەم دنیا کورتەدا ئەم سەرمایە گەورەیەی بەدەستەوە نەبێت ، لە دنیای هەمیشەی لەبەهەشتی بەرین بێبەش دەبێت ، جیگای هەتا هەتای نێو ئاگری دۆزەخ دەبێت ، ئیتر یەزدانی خاوەن بەزەیی خۆی بەخاوەنی ئازانێت و بەزەیی پێدا نایەتەوە ، ئەوکاتە شەیتانی لەعنەتی دەبێت بەخاوەنیان و لەگەڵ ئەودا ، لە دۆزەخدا دەمێننەوە ، بۆیە رێنمایتان دەکەم !! ئەم کارە زۆر ئاسان و خۆشی هێنەرە ئەنجام بدەن و یەزدانی گەورە لە خۆتان رازی بکەن ، بەزەی و بەخشندەی پەروەردگار بۆ خۆتان بەدەس بهێنن ، بەهەزاران نەفرەت لە شەیتان و لە خوو رەوشتەکانی بکەن ، ئەی نەوە و خزمەکانی خۆم ، چاك بزانن نوێژکردن پاك و خاوێنیە ، ئاوی دەس نوێژ لە هەموو پیس و بۆگەنێك پاکتان دەکاتەوە ، مرۆڤی خاوەن دەس نوێژ خۆی لە هەموو پیسی و پۆخڵیەك دەپارێزێ ، بەهۆی نوێژکردنەوە یەزدانی بەخشندە ، لە هەمو گوناە و تاوانەکانی رابوردوومان دەبورێ ، نوێژکردن وەرزشێکی بەکەڵکە بۆ لەشی ئادەمیزاد ، لە زۆربەی نەخۆشیەکان دوورمان دەخاتەوە و لەش ساغی مان پێدەبەخشێت ، ناخمان پاك دەکاتەوە ، لە رەش و تاریکی و دڵ رەقی ، ئێمەی خاوەن باوەڕ ، ئەوکاتەی لە شێوەی کویلەو یەخسیرە دەس بەسەرەکان دەس لە بان دەس ، لە خزمەتی پەروەردگاردا ، بەباوەڕێکی راستەوە دەستەکانی خۆمان کەلیچە و قفل دەدەین ، بێدەسەڵاتی و سەرکزی خۆمان نیشان دەدوین ، بۆ ئەوەی بەندایەتی خۆمان بسەلمێنین ، لەخزمەتی پەروەردگاردا ، بۆ ئەوەی

بەزەی و لێبوردەی خۆی برێژێ بەسەرماندا ئەو کارەیش وامان لێدەکات کە باوەڕمان پتەو بەهێزبێت بەیەزدانی مەزن و خۆمانیش دەبین بە مرۆڤێکی لێبوردە و خاوەن بەزەی ، کاتێ بەوشەی :

﴿ ٱلْحَمْدُ لِلَّهِ رَبِّ ٱلْعَٰلَمِينَ ۝ ٱلرَّحْمَٰنِ ٱلرَّحِيمِ ۝ ﴾ الفاتحة: ٢ - ٣ دەس پێدەکەین ، بۆ ئەوەی بەراوەستانمان لە دەرگای خوداوەند خاوەن بەزەیدا ، پلەی باوەڕی خۆمان بەرز بکەینەوە ، لە پێناوی خۆرزگار کردنمان لەو شتە سامناکانەی کە لێیان دەترسین ، بۆ یە لە سەرەتاوە بەستایش و مەدحی پەروەردگار دەس پێدەکەین ، ئەو خودایەی کە خاوەنی هەموو کەماڵ و جوانیەکی بێسنورە و دەوڵەمەندێکی نەبڕاوەیە ، هەبەم کارەمان دەی سەلمێنین کە تەنها یەزدانی مەزن شایانی ستایش و مدح کردنە ، جگە لەوە هیچ کەس نیە شایانی ستایش کردن بێت ، ئەم کارەمان دەبێتە هۆی بەرز بونەوەی پلەمان لە خزمەتی یەزدانی بەخشندە و میهرباندا و دەبین بە مێوانی پەروەردگارو ، دەس دەکەین بەوتوویژ لە خزمەتی یەزدانداو بەوشەی (إياك نعبد) دەس پێدەکەی ، بۆ سەلماندنی پشت بەستنمان بە پەروەردگار و بەخاوەنی شکۆ مەندی و رۆژگاری کۆتای ، ئەی خودای گەورە ئێمە پشتمان بەتۆ بەستوە ، هەر تۆیش پاشاو خاوەنی رۆژی کۆتاییت ﴿ مَٰلِكِ يَوْمِ ٱلدِّينِ ۝ ﴾ الفاتحة: ٤ ئێمە تەنها پشت بەستن و پەرستیاری و بەندایەتی تەنها بۆ ئێوە دەکەین ، لە ئێوە زیاتر کەس شایانی پەرستن نیە ، بە ڕستە و ئایەتی ﴿ إِيَّاكَ نَعْبُدُ وَإِيَّاكَ نَسْتَعِينُ ۝ ﴾ الفاتحة: ٥ دەس پێدەکەین ، داوا لە پەروەردگارمان دەکەین بەناوی هەموو خاوەن باوەڕان و کۆمەڵگەی هەموو بونەوەرانەوە ، داوای لێدەکەین یارمەتیمان بدات و رێنمایمان بکات بۆ پیشاندانی رێگای بەختەوەری هەمیشەی ، ئەویش تەنها رێگای پیرۆزی ئاینی ئیسلامە ، تەنها لەو رێگایەوە دەتوانین بەختیاری

دوارۆژمان بەدەس بێنین ، وسەرکەوین بەسەر تاریکییەکانی دواڕۆژماندا ، ﴿ اهْدِنَا الصِّرَاطَ الْمُسْتَقِيمَ ﴿٦﴾ ﴾ الفاتحة: ٦ داوای یارمەتی لێدەکەین ڕێگەی ڕاستمان پیشان بدات ئەو ڕێگە ڕاستەی کە دەمانگەیەنێت بەبەختەوەری هەمیشەی ، و لەتاریکی و گومرای و تاوانەکان لامان بدات ﴿ صِرَاطَ الَّذِينَ أَنْعَمْتَ عَلَيْهِمْ ﴿٧﴾ ﴾ الفاتحة: ٧ داوادەکەین لە یەزدانی گەورە یارمەتی دەری ئێمەیش بێت هەروەك ئەو خاوەن باوەڕانە کە ڕێگای ڕاستیان پیشان دراوە گەیشتونە بە نعمەتەکانی پەروەردگار ﴿ غَيْرِ الْمَغْضُوبِ عَلَيْهِمْ وَلَا الضَّالِّينَ ﴿٧﴾ ﴾ الفاتحة: ٧ خودایە لەگەڵ ئەو گروپ و کۆمەڵانەدا بەختەوەرمان بکەیت کە بەختەوەریانت کردوە ، بەشێوەی ئەو کەسانەمان بەسەر نەهێنی ، کە تۆرەوزویری لێیان وبە هیچ جۆرێ خۆشیانت ناوێت ، وەك ئەو گروپانەمانیش بەسەردا نەهێنی کە ڕێی ڕاستت لێیان بزرکردوە و تۆش سەرگەردانی و سەرلێشێوانیانت کردوە ، داوات لێدەکەین ڕێگەی ڕاستمان پیشان بدەی و تۆشی سەرگەردانی و لێقەوماوی نەبین ، لەئەنجامدا سەربەرز دەکەینەوە خۆرو مانگ و ئەستێرەکان و زیندەوەرو رووەك دەبینین ، کەئەمانە هەموویان سەربارێکی بەوەفاو دڵسۆزی ئەم یەزدانە گەورەیەن و ڕوناك گەری مێوانخانەکەی ئەون و کەسیان سەرپێچی لە فەرمانەکانی ئەو ناکەن ، بۆیە بەوشەی (الله اکبر) کەڕنۆش و رکوع سجود بۆ دەبەین ئەمانە هەموویان لە پێناوی بەدیهێنانی بەختەوەری هەمیشەی و نەبڕاوەدایە ، بۆیە دەڵێم باوەڕتان بەهێز بکەن بەیەزدان ،

١- هەرنوێژە کۆڵەکەی ئاینی ئیسلامە ،
٢- نوێژ سەرمایەی بەختەوەری ئیسلامە ،
٣- نوێژ لە گومرای لامان دەدات ، بۆیە چرای ئاینی ئیسلامە .

# (پێویستی گرتنی ڕۆژوی مانگی ڕەمەزان)

﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ كُتِبَ عَلَيۡكُمُ ٱلصِّيَامُ كَمَا كُتِبَ عَلَى ٱلَّذِينَ مِن قَبۡلِكُمۡ لَعَلَّكُمۡ تَتَّقُونَ ﴿١٨٣﴾ ﴾ البقرة: ١٨٣

خاوەن باوەڕانی ئیسلام بەگشتی پێشوازی دەکەن لە مانگی ڕەمەزانی پیرۆز بە ئەوپەڕی خۆشیو شادیەوە ، ناخی ئادەمیزادی ئیسلامی خاوەن باوەڕ ، لەم مانگەدا دەبێت بەیەك ، بەگشتی بەیەکەوە و لە یەك کات و ساتدا دەس لە خواردن و خواردنەوە هەڵدەگرن ، هەربەیەکەوە لەیەك کاتدا بەربانگ دەکەنەوە ڕۆژوەکەیان دەشکێنن ، نوێژەکانیان و بەتایبەتی نوێژی تەراویح لەیەك پۆلێکدا ئەنجام دەدەن ، ئەو مرۆڤانەی ئەم کارە بەم شێوەیە ئەنجام دەدەن یەك بون و یەك گرتنێکی گیانی و رووحی لە کۆمەڵگەی ئیسلامدا پێك دەهێنن لەسەرانسەری گۆی زەویدا ، ئەو مرۆڤانەی هەڵسوکەوت و بۆچون و ڕەوشتیان لەگەڵ ئەم پرۆگرامەدا جیاوازە ، بەواتای ئەومرۆڤانەی بەرۆژو نابن ، واهەست دەکەن ئەوان نامۆون ولەم باوەڕە پیرۆزە دوورن ، خاوەن باوەڕان لە مانگی پیرۆزی ڕەمەزاندا لەژێر سێبەری ئەم کەشو هەوا گیانیە دا دڵیان ئارامەو گیانیان لە حەسانەوەدایە ، خاوەن باوەڕان دڵە پڕ لە باوەڕەکانیان لە کەڕنۆشو لەرزین دایە بەرامبەر یەزدانی گەورە و ناخیان پڕە لە باوەڕی بەتین و هەمیشە لەپێتەو بوندایە ، مانگی ڕەمەزان سەرەتاکەی بەبەزەی و بەخشندەی دەستپێ دەکات و ناوەراستی بەخشین و لێبوردنە و کۆتایەکەیش رزگار بونو ئازاد کردنی خاوەن باوەڕەکانە لە ئاگری دۆزەخ ، لە مێژوی پڕ شانازی ئیسلامدا ولە مانگی ڕەمەزاندا ، گەلێك سوار چاکی و خۆبەخشین و قوربانیدان پێشکەش کراوە لە ڕێگای یەزداندا ، لەشێوەی جەنگی گەورەی (بدر) وئەوانی تر ، ئەم مانگە یەکێکە لە بۆنە نەمروو پیرۆزەکانی یەزدانی گەورە ، ئەوفەڕو چاکانەی

لەم مانگە پیرۆزەدا دەستی پیاو چاکان دەکەوێت ، لەمانگەکانی تردا نیە ، لەمانگی رەمەزاندا قورئانی پیرۆز هاتە خوارەوە بۆ رێگا پیشاندان بە بەندەکانی پەروەردگار ، لە قورئانی پیرۆزدا هەموو رێنموونیەك هەیە ، تا ئادەمیزاد بەرەو خۆشی و کامەرانی و سەرکەوتن بەرێت ، لە بەر ئەوەی قورئانی پیرۆز دەستوری ئیسلامە و هەموو رێگەو بۆچونەکانی لە قورئانەوە سەرچاوەیان گرتوە ، یەزدان قورئانی پیرۆزی کردوە بە پێشرەو روناکی بۆ ئەو کەسانەی کە داماون و سەردەرناکەن روو لە چی جێگایەك بکەن ، قورئانی پیرۆز بۆ هەموو کات و جێگایەك گونجاوو لەبارە و هەمیشە یاسایەکی نوێیە و هەتا هەتایە ، لەم مانگە پیرۆزەدا کە تێدا بەرۆژو دەبین بێگومان جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی یەزدانە بۆ رۆژو گرتن ، لەو ئایەتە پیرۆزەی سەرەوەدا کە ئاماژەمان بۆی کردوە ، ئەم مانگە لەگەڵ خۆیدا هەمیشە یارمەتی و خێرو چاکە و سەربەرزیمان بۆ دەهێنێت ، رۆژو گرتن ، بەواتای بێبەش کردن و قەدەغە کردنی لەشی مرۆڤە لە داواو پێویستیەکانی ورگ و داوێن بۆ چەندکات ژمێرێکی دیاریکراو لە رۆژەکانی ئەم مانگە پیرۆزەدا ، رۆژوان دەبێ بزانێت ئەم بێبەشی کردنی لەشی ئادەمیزادە لەو پێداویستیانەی ئاماژەمان بۆی کرد ، ئەوە بەجێ هێنانی فەرمانەکانی یەزدان و مل کەچ بونمانە بۆ ئەو فەرمانە گرنگەو فەرمان بەرەکەی ، بێگومان ئەم کردارەیش (جیهاد) کردنە لە رێگەی یەزدانی مەزندا ، جەنگێکە دروستی دەکەین لە دژی لوت بەرزی و لە خۆبایبونمان ، رۆژوان لەم هەنگاوەیدا هەست دەکات لەیەکێك لە گۆرەپانەکانی جەنگی (جیهاد) دا وەستاوە ، هەر لەم مانگەدا بەڵێن تازە دەکەینەوە بە ئەوپەری هێزو تواناکانمانەوە بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی یەزدان و خۆمانی بۆ ئامادە دەکەین ، ئەم بەڵێن و خۆ ئامادەکردنە لە پێناوی سەرکەوتندا دەکرێ بەسەر گومرای و خراپە کاریەکاندا ، هەر لە بەر ئەم

ڕووناکیانە ، پەیامبەری خۆشەویستمان دەفەرمێ (آتاکم رمضان شهر برکة ، یغشاکم الله فیه ، فینزل الرحمة ویحط الخطایا ، ویستجیب الدعاء فأروا الله من انفسکم خیراً ، فان الشقي من حرم في رحمة الله عز وجل(ترمذي))ئەی برای ئیسلام ، پەیامبەری خۆشەویستمان لەم وتە پیرۆزەیدا هەموو شتێکی لەم بارەیەوە بۆمان رون کردوەتەوە ، ئەو فەرمایشتەی پەیامبەر فەرمویەتی فەرمایشتی یەزدانی بەخشندە و میهربانە (وما ینطق عن الهوی إن هی إلا وحي یوحی)(وەستا محمد)ی رەحمەتی ، لەبارەی رۆژوو گرتنەوە زۆر رێنمایمانی دەکرد بۆ ئەوەی هەموومان بەرۆژوبین ، دیفەرموو

١- ئەگەر یەزدانی گەورە منی لەکاتی سەردەمی ژیانی پەیامبەری خۆشەویستدا بهێنایە دونیاوە ، داوام لێەی دەکرد ، یەزدانی مەزن فەرمان بدات لەم مانگەدا جگە لەیەزدان پەرستی بەشەو بەرۆژ هیچ کارێکی تر نەکرێت ، لەبەر گەورەی و فەزڵی مانگی رەمەزان ، هەر چەندە یەزدانی گەورە هەموو کارێکی مرۆڤی خاوەن باوەڕ بەبەندایەتی و یەزدان پەرستی دەژمێرێت ، ئەگەر لە رۆژدا و یا لەشەودا .

٢- رۆژوی مانگی رەمەزان قوتابخانەیەکە بۆ خاوەن باوەڕەکان ساڵی یەکجار بۆ ماوەی یەك مانگ دەرگاکەی دەخاتە سەرپشت ، لەکۆتای ماوەی ئەم قوتابخانەیەدا هەموو ساڵی کارتی دەرچون دابەش دەکرێت بەسەر خوێندکاراندا بەگوێرەی نمرەکان ، نێو کارتەکان یەزدان پلە و پایەی بۆیان داناوە ، ئەو پلە و پایانە بەم جۆرەی لای خوارەوەیە ،

أ- خوێندکارەکە ئەگەر بەتەواوی و بەبێ کەمتەرخەمی وانەکانی رۆژوی بەگوێرەی فەرمایشتەکانی یەزدانی مەزن و پەیامبەری خۆشەویست ئەنجامدابێ ، ئەو خوێندکارە پلەی دەرچونی یەکەمی دەدرێتێ و دەگات بەو مەبەستەی کە رۆژوەکەی لە پێناودا گرتوە ،

ب– ئەو مرۆڤانەی لە بڕێ کاتدا پەیرەوی پرۆگرامەکەیان کردوە لە بڕێکیاندا وەك پێویست نەبوە ، ئەم جۆرانە دور نیە تەنها فەرزەکەیان لەسەر بکەوێت ، لە فەرو خێرە گەورەکەی بێبەش دەبن و پلەی (إكمال) یان بۆ دادەنرێت ، سالی داهاتوی ئەگەر پرۆگرامەکەی ئەنجام بدات و کەموو کوری نەبێت یەزدان بەپلەی دەرچوی یەکەم دای دەنێ ،

ج– ئەو مرۆڤانەی کە تەنها دەمی خۆیان لە خواردن و خواردنەوە بەستوە ، ئەوپرۆگرامەی بۆ رۆژو دانراوە هیچ کامیان ئەنجام نەداوە ،ئەو جۆرە مرۆڤانە ئەرۆژوەکەیان لەلای یەزدان پەسەندە و نە پاداشتیان دەدرێتەوە ، پلەی دەرنەچوو کەوتویان پێدەدرێت ،

٣– هەموو کردارێکی مرۆڤی خاوەن باوەر یەزدانی بەخشندە و میهربان یەك بەحەوت سەد پاداشتی دەداتەوە ، جگە لە پاداشتی رۆژو ، یەزدان دەفەرمێت پاداشتی رۆژو خۆم دەزانم چەندەو چیە و خۆم پاداشتی دەدەمەوە ، بۆنی دەمی رۆژوان لەلای یەزدان لە بۆنی (میسك) خۆشترە ،

# (حەج یەکێکە لە کۆڵەکەکانی ئیسلام)

﴿ وَلِلَّهِ عَلَى ٱلنَّاسِ حِجُّ ٱلْبَيْتِ مَنِ ٱسْتَطَاعَ إِلَيْهِ سَبِيلًا ﴿٩٧﴾ ﴾ آل عمران: ٩٧

حەج کۆبونەوە و کۆنگرەیەکی ئیسلامی زۆر گرنگە ، هەمو ساڵێك لە ماڵی پیرۆزی خودادا دەبەسترێت ، بەدەنگی بەرزی (الله اکبر) خودا گەورەیە بۆ بەدەست هێنانی رەزابونی یەزدان ، ئەم کۆمەڵە خاوەن باوەڕە تەنها یەك بیرو بۆچون بەیەکیانەوە بەستوە ، ئەویش باوەڕی راستی ئاینی ئیسلامە ، لەو جێگەیەدا کۆ دەبنەوە کە یەزدانکردویەتی بە جێگەی ئارامی و ئاشتی و هێمنی ، ئەم بەیەك گەیشتنەی خاوەن باوەڕان لەم جێگە پیرۆزەدا ، خۆی لە خۆیدا رووداوێکی زۆر گرنگە کە هەمو ساڵێ یەکجار روودەدات ، لەم کۆبونەوە پڕ شکۆیەدا ، باوەڕی راستی لە ناخی خاوەن باوەڕەکاندا زیندوو پتەو دەکات ، لەگەڵ نوێ بونەوەی هزرو هێزو توانای نەبڕاوەدا ، بەم بۆنەیەوە هەموو دڵرەقی و دڵرەشی و جیاوازیەك نامێنێ ودەتوێنەوە، بێگومان ئەم پەروەردە کردنەی یەزدانیە کارێکە بەهیچ جۆرێك تاوان و گومڕای ناتوانێت تێکەڵی ئەم بیرو باوەڕە پاك و بێگەردە و ئەم یەکگرتن و تەبایە بێت ، مرۆڤی خاوەن باوەڕ لەو جێگە پیرۆزەدا هەست و هزرێکی تایبەتی هەیە ، لەو جێگە پیرۆزەدا ، مێوانەکانی خودا بەری داری باوەرەکەی خۆیان ، بەری دڵە لەرزێ و مل کەچیان بۆ فەرمانەکانی یەزدان بەدەس دەهێنن ، لەو جێگەیەدا بەیەکجاری خۆیان روت دەکەنەوە ودادەماڵێنن لە کارو پیشەی ژیانی رۆژانەی ئاسایی ، بەروویەکی پڕ لە باوەڕەوە ، بە لەشێکی نیوەروتەوە ، بەگیانێکی پاك و پیرۆزەوە ، روو لەدەرگای یەزدانەکەیان دەکەن ، لەناخەوە بەدەمو دەنگێکی پڕ سۆزو هەستی زۆر ناسکەوە سرودی (لبیك اللهم لبیك ، لبیك لا شریك لك لبیك ، إن الحمد والنعمت لك والملك،لا شریك لك لبیك)(ئەم فەرموودەیە عبد الله کوڕی عمر گەیاندویەتی ، لە صحیح بخاری نوسراوە) .

لەم جێگە پیرۆزەدا و لە خزمەتی ماڵی خودادا خاوەن باوەڕان بەیەك دەگەن بەتێکەڵاوی و بەبێ جیاوازی نێوانی ڕەشو سپی ، هەژارو دەوڵەمەند ، هەریەکێ لە دوورە وڵاتێکەوە هاتوە بۆ بەدەس هێنانی ڕەزامەندی خودا ، بەپێچەوانەی هەموو ڕەنگ و هەڵسوکەوت و داب نەریتیەکەوە ، هەموویان لە ژێر سێبەرو ئاڵای ئاینی ئیسلامدا کۆدەبنەوە ، ئەم کۆمەڵە ئادەمیزادە هەموویان لەیەك دۆڵو شیوێکدا کۆبونەتەوە کە هیچ جۆرە کشتو کاڵێکی تێدا نیە ،(في واد غير ذي زرع) ئەگەر مرۆڤ بە چاوێکی ژیرانەوە تەماشایان بکات ، واهەست دەکات هەموویان یەك خێزانێکن لەسەر یەك شێوە و یەك بەرگ و یەك کۆمەڵ و بەگشتی و بەیەك دەنگ بەیەك زمان ، تەنها لەیەك پەروەردگارێك دەپارێنەوە و یەك پەیامبەرێ: ڕێگە پیشاندەریانە و بەدوای یەك دەستورێکدا دەڕۆن و پەیرەوی دەکەن ، ئەویش قورئانی پیرۆزە ، ئەو لە شێوەی یەك تەن و یەك لەش دروست بونە ، هەر ئەندامێك لە ئەندامەکانی لەشیان ئازارێکی پێبگات ، بەگشتی هەمو کۆ ئەندامەکانی لەشیان توشی هاوار کردن و ئازار دەبێت ، پەیامبەری خۆشەویست دەفەرمێت (من حج هذا البيت ، فلم يرفث ، ولم يفسق ، خرج من ذنوبه كيوم ولدته أمه)[1] لەوجێگە پیرۆزەدا ، حاجیەکانی ماڵی خودا تێکڕا بیر لە سەرکردە و پێشرەوی ئاینی ئیسلام دەکەنەوە کە (محمدی کوری عبد الله)یە ، دروودی یەزدانی گەورە برژێت بەسەردا ، ئەم پیاوە مەزنە توانی بەهۆی نامە پیرۆزەکەی یەزدانەوە ڕێگە بۆ هەموو ئادەمیزادان ڕوناك بکاتەوە ، توانی کۆمەڵگەیەکی ڕاست و چاك و سەرکەوتو دروست بکات ، کە پڕە لە داد وەری و چاکە و نەمری و سەربەرزی ،

---

(١)متفق عليه

هەر لەم ڕێگە پیرۆزەیشەوە بۆ گەلی ئیسلام توانی دەسەڵاتی سەرکردایەتی و سوپا سالاری لە زۆربەی ناوچەکانی جیهاندا بەدەس بهێنێت ، لەسەر ڕووی ئەم زەویە شەریعەتێکی دامەزراند کە پڕە لە دادوەری و چاکە و بەختەوەری بۆ هەر مرۆڤێك بیەوێت سودی لێوەربگرێت ، ئەم بیرکردنەوە و ڕاو بوچونەیش بەشێوەیەکی کاریگەر هەنگاوەکانی حاجیەکان و خاوەن باوەڕان بەهێزتر دەکات بە پاشەڕۆژی ئاینی ئیسلام ، ئاینی ئیسلام هێزوو توانایەکی زۆر گەورەیە هەموو کاتێك دەتوانێ بەرووی هەموو لە خۆبای و لوتبەرزێك و داگیرکەرێکدا بوەستێت و بتەقێنەوە ، هەمیشە سەرکەوتنیش بەدەس دەهێنێت چونکی یەزدانی گەورە لە پشتیەوەیەو یارمەتی دەرێتی،

﴿ إِنَّا نَحْنُ نَزَّلْنَا الذِّكْرَ وَإِنَّا لَهُ لَحَافِظُونَ ﴿٩﴾ ﴾ الحجر ٩

هەزاران دروودو لێخۆشبون بۆ گیانی پاکی (وەستا محمد)بێت ، لەکاتی وتەو ڕێنمایەکانیدا دەیفەرموو ، ئەگەر یەزدان حەج بکات بەقسمەتم ، لەیەزدان دەپارێمەوە لەو جێگا پیرۆزە دا بمرم و بۆ ڕۆژی هەتا هەتای لەوێدا سەربنێمەوە ، هەرچەندە خاك و نیشتمانەکەی خۆمیش هەر بەلامەوە پیرۆزە ویەکەم لانکەی ئادەمیزاد و ئاینە پیرۆزەکانی ئاسمانە !!،

٢- حەج کردن پەروەردەیەکی یەزدانی و ئاینی و ئیسلامی زۆر گەورەیە ، خاوەن باوەڕان فێری گەلێك ڕێگەی چاکە و بۆچونی ڕاست دەکات ، بەجۆرێك ڕای دەهێنێت ، ئیتر ڕوو لە گومڕای و لە کاری ناپەسند نەکات هەتا هەتایە ،

٣- هەر مرۆڤێك بەباوەڕێکی ڕاستەوە ڕووی لە ماڵی خودا کردوچوو بۆ حەج ، پێویستە لە پێش هەموو هەنگاوەکانیدا لەگەڵ یەزداندا پەیمان ببەستێت و تۆبەی (نەصوح) بکات ، بەواتای تۆبەیەك بکات ئیتر گەڕانەوەی تێدا نەبێت ،

بەم کارەیش بەتەواوی خۆی لە گومڕای و کاری نالەبار دوردەخاتەوە، ودەبێت بە مرۆڤێکی راست و خودا پەرست و چاك ، دەبێت بە جێگەی باوەڕی کۆمەلانی خەلك ،

٤- حاجیەکانی مالی خودا روالەت و دەموچاو جلو بەرگیانیش تاکو رادەیەك دەگۆڕێ ، بەتاییبەتی بەبەستنەوەی مێزەری سەروو پشت ، وقار و هەیبەتی دروست دەکەن ، شەرمو شکۆیەك لە نێو کۆمەلانی خەلکدا پەیدادەکەن ، پارێزگاری لە رەوشتو هەلسوکەوتی خۆیان دەکەن ، ئەم کارانەیش وایان لێدەکات کەئیتر هەلە نەکەن ،

٥-وشەی ناوی (حاجی) کەدەبێت بەناز ناوێك بۆ ئەو مرۆڤانەی کە سەردانی مالی خودایان کردوە ، بەتاییبەتی لە نێو نەتەوەی کوردا ، دیسان ئەمەیش هۆو هۆکارێکی گرنگە بۆ ئەوەی زۆر ئاگاداری ئەو ناوە پیرۆزەی خۆیان بن و نەهێلن بە هیچ جۆرێك و بەهیچ کەسێك و بەهیچ هۆیەکەوە بروشێنرێت ،

## ﴿پاك و خاوێن كردنەوەی دارای و سەرمایە بەدەركردنی (الزكاە)﴾

﴿ إِنَّمَا ٱلصَّدَقَٰتُ لِلۡفُقَرَآءِ وَٱلۡمَسَٰكِينِ وَٱلۡعَٰمِلِينَ عَلَيۡهَا وَٱلۡمُؤَلَّفَةِ قُلُوبُهُمۡ وَفِي ٱلرِّقَابِ وَٱلۡغَٰرِمِينَ وَفِي سَبِيلِ ٱللَّهِ وَٱبۡنِ ٱلسَّبِيلِۖ فَرِيضَةٗ مِّنَ ٱللَّهِۗ وَٱللَّهُ عَلِيمٌ حَكِيمٞ ٦٠ ﴾ (التوبة: ٦٠).

دەركردنی زەكات یان پاك كردنەوەی سەرمایە ، ئەم كارە پیرۆزە یەكێكە لە كۆڵەكەكانی ئاینی ئیسلام ، ئەم كارە پێویستیەكی یەزدانیە سەپاندویەتیبەسەر دەوڵەمەنەكاندا ، ئەمیش بەچەند مەرجێكی دیاریكراو ، بەپیەی ئەو مەرجانە لە پیاوانی دەوڵەمەند وەردەگیرێ و دەدرێت بە هەژاران و بەئەوانەی لە شێوەو قاڵبی ئەواندان ، بۆ جێ بەجێ كردنی و ئەنجامدانی ئەم كارە پیرۆزە ، پەیامبەری مەزن فەرمانبەرو كرێكاری تایبەتی پێكهێنابو رەوانەی هەموو هەرێمەكانی ئیسلامی دەكرد ، بۆ كۆكردنەوەو وەرگرتنی زەكات ، لەئەنجامدادابەشی دەكرد بەسەر هەژاراندا ، لەدوای كۆچی دوای پەیامبەری خۆشەویست جێگرە بەرێزەكەی (ابو بكر الصدیق) خودای لێرازی بێت ، ژمارەیەك لە هۆزەكانی عەرەب زەكاتیان نەدەدا بە دەوڵەتی ئیسلام ، جێگر ابو بكر سوپای سوار كردوو ناردیە سەریان و بەزۆر زەكاتەكانی وەردەگرد ، بەجێ بەجێ كردنی ئەم پرۆگرامە لە كۆمەڵانی ئیسلامدا و بە تایبەتی لەسەردەمی جێگر (عمر كوری عبدالعزیز) خ–دا بەم هۆیەوە هەموو هەژارەكان دەوڵەمن بون ، كەسێك نەمالە كۆمەڵگەكەدا زەكات وەربگرێت ، هەر مرۆڤێكی ئیسلام بیەوێت رەزامەندی یەزدان بەدەس بهێنێت و كۆشش بكات بۆ بەدەس هێنانی پاداشت لە لایەن یەزدانەوە ، یاخود بیەوێت پایە و پلەیەكی بەرز بەدەس بهێنێت ، پێویستە بە ئەوپەڕی توانایەوە هەوڵبدات تێبكۆشێت لە

جیٚ بەجیٚ کردنی پێویستیەکانی سەرشانیدا کە یەزدانی مەزن سەپاندویەتی بەسەریدا ، بێگومان ئەو سپێنراوانەیش خۆیان لە نوێژوو رۆژوو لەزەکاتدا دەبینەوە ، هەر بۆیە پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕی ئیسلام ، لەئەنجام دانی پێویستی زەکاتدا ، ئەم خالأنەی لای خوارەوە رچاو بکات ،

یەکەم– بزانێت مەبەست لە زەکات دان چیە ، ئەمەش دەکرێت بەسیٚ چڵەوە ،

أ– ئەم کارە تاقی کردنەوەیەکە بۆ مرۆڤی خاوەن باوەڕ بۆ دەرخستنی هەستی خۆشەویستی وبە بەراوردکردنی لە نێوان یەزدانی مەزن و سامانەکەیدا ، کامەیان بەلایەوە خۆشەویست ترە ،

ب– مرۆڤی خاوەن باوەڕ دەبێت خۆی لە بەخیلی و پیسکەی دوور بخاتەوە ، ئەوکاتە دەتوانێت زەکاتی سامانەکەی بدات ،

ج– سوپاس گوزاری یەزدان بکات لە پێناوی ئەو سامانوسەرمایەی کە پێەی بەخشیوە و بەدەوڵەمەن لە قەڵەم دەدرێت ،

دووەم – پێویستە زەکات بەنهێنی دەربکرێت ، ئەمەیش لە پێناوی خۆ بەدوور گرتن لە ناوبانك و خونکی کردن ، ئاشکراکردنی دەرکردنی زەکات ودابەخش کردنی بەسەر هەژاراندا و لە نێو کۆمەلانی خەڵکدا ، ئەم کارە دەبێت بە هۆی سەرکوت کردن و سەرشۆڕی هەژاران ،

سێیەم – پێویستە فەڕو چاکەی زەکات پوچەڵ نەکرێتەوە بەئازاردان و سەرزەنشت کردنی ئەو کەسانەی کە پێویستە زەکاتیان بدرێتیٚ ، ئەم کارەیش دەکرێت بە هۆکاری ڕاستەو خۆ و خۆبەسەردا سەپاندن ، ئەگەر پیاوی دەوڵەمەن هەستی بە خۆی کرد و گوتی ، من خاوەن چاکەم بەرامبەر بە هەژاران

، بەم كرێەوەیەی فەڕو چاكەی دەركردنی زەكاتی سەرمایەو سامانەكەی لەلای یەزدان پوچەڵ دەكاتەوە ، پێویستە لەسەر هەمو مرۆڤێكی خاوەن باوەڕ كەدەیەوێت زەكاتی سامانەكەی دەربكات ، پێشین بەخۆیدا بچێتەوە ، بڵێت ، من قەرزاری چاكەی هەژارانم كە زەكاتیان لێم وەرگرت و بو بە هۆی پاك كردنەوەی سامانەكەم ، دەوڵەمەن پێویستە هەست بەوە بكات ، كە دەركردنی زەكات لەسامانەكەی سوپاس گوزاریەكە بۆ یەزدانی گەورەو بەخشندەو مهرەبان ، یەزدان كە ئەو سەرمایەو دارایەی پێبەخشیوە ،

چوارەم – پێویستە لەسەر پیاوی دەوڵەمەن ، لە دڵی خۆیدا نرخی ئەو شتە كەم بكاتەوە و لە دڵی خۆی دەری بكات ، كە دەیدات بەهەژاران ئەگەر نرخی لە دڵیا كەم نەبودوە و هەربەشتێكی بەنرخو خۆشەویستی زانی ، ئەم بۆچونەی دەبێت بەهۆی كەم بونەوەی فەڕو چاكەی لەلای یەزدان ، هەروەكو گوتراوە (چاكە كردن تەواو نابێت جگە لە تەواو كردنی سێ شت) ١- بچوك كردنەوە و كەم نرخی كردن ٢- پەلەكردن لەئەنجامدانیدا ٣- ئەنجامدانی چاكە بەشێوەی نەهێنی،

پێنجەم – پێویستە لەسەر مرۆڤی خاوەن باوەڕ ، لەكاتی ئەنجامدانی دەركردنی زەكاتی سامانەكەیدا ، جوانترین وخۆشترین وبەنرخترین شت لە ناو سامانەكەیدا دەری بكات بیدات بە زەكات ئەمەیش لە پێناوی ئەوەدا ، یەزدانی گەورە خۆی پاك وخاوێنە وتەنها بەپاك وخاوێن رازی وقایل دەبێت ، پێویستە بۆ مرۆڤی خاوەن باوەڕ ، لەكاتی دەركردنی زەكاتی سامانەكەیدا ، دوو شتی گرنگ رەچاو بكات :

أ- پێویستە مرۆڤ مافی یەزدان بەتەواوی لەپێش چاوی خۆی ئامادە بكات ، بە ئەو پەڕی گەورەییەوە سەیری مافەكانی یەزدان بكات ، لەبەر ئەوە لە كاتی

بەرکردنی زەکاتی سەرمایە وسامانەکەیدا ، سەیر بکات کامەیان چاکتر وجوانتر وخۆشەویستترین شتە لەناویاندا ، ئەوەیان بۆ زەکات وبۆ یەزدانی بەخشندە هەڵبژێرێت ، ئەگەر مرۆڤ لە ڕۆژانی ئاسایی ژیانیدا میوانێکی خۆشەویستی هات ، خواردنێکی بێ کەڵکی پێشکەش کرد ، بێگومان ئەو کارە دەبێتە هۆی دڵتەنگی وناڕەزایی بوونی میوانەکەی .

ب- مرۆڤی خاوەن باوەڕ لەم کارەیدا ماف تایبەتی خۆی دەبێت ڕچاو بکات ، ئەو سەرمایە وسامانە چاکەی ئەمڕۆ بە شێوەی زەکات دەری دەکات وبە سەر هەژاراندا بە نەهێنی دابەشی دەکات ، لە ڕۆژی دواییدا بەزیادکردنی یەك بەحەوت سەد لە لایەن یەزدانی مەزنەوە پاداشت دەدرێتەوە ، بۆیە پێویستە نایاب وچاکترین شت لە سەرمایەکەی بۆ ڕۆژی دوای بۆ خۆی هەڵبژێرێت یەزدانی گەورە ومیهرەبان دەفەرمویێت لەم بارەیەوە :

﴿لَن تَنَالُوا الْبِرَّ حَتَّىٰ تُنفِقُوا مِمَّا تُحِبُّونَ ۚ وَمَا تُنفِقُوا مِن شَيْءٍ فَإِنَّ اللَّهَ بِهِ عَلِيمٌ﴾( ال عمران: ٩٢)

شەشەم – پێویستە کەسێك هەڵبژێرێت بۆ پێدانی زەکات ، بە گوێرەی یاسای ئیسلام شایانی زەکات پێدان بێت ، ئەو جۆرە کەسانە لە قورئانی پیرۆزدا یەزدان کردوویانی بە هەشت بەشەوە ، ئەو مرۆڤەی پێویستە زەکاتیان بدرێتێ دەبێت ئەم مەرجانەی لای خوارەوە تێدابێت :

١- پێویستە مرۆڤێك بێت باوەڕی تەواوی بە ئاینی ئیسلام هەبێت .

٢- پێویستە مرۆڤێکی زاناو شارەزای ئاینی ئیسلام بێت (العالم الديني) بۆ هاندانی زیاتر بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی ئیسلام وراهێنانی ڕێگەی ئاینی بە کۆمەلانی خەڵکی ئیسلام .

٣-پێویستە لەسەر ئەو کەسەی زەکات وەردەگرێت بە جۆرێك بیر بکاتەوە ، ئەو زەکاتەی وەری دەگرێت تەنها نیعمەتێکە یەزدانی بەخشندە ومیهرەبان بۆی

ناردووه ، تەنها سوپاس گوزاری یەزدان بێت ، هەر تەنها یەزدان بەخاوەنەکەی بناسێت .

٤-وەرگری زەکات پێویستە هەژاری ونەبوونی خۆی لە نێوکۆمەلانی خەڵك دەرنەبڕێت (داپیۆشێت) گلەوگازندەی نەبوونی وهەژاری خۆی لە لای کەس نەدرکێنێت ، هەر وەك یەزدانی مەزن دەفەرموێت لە قورئانی پیرۆزدا

﴿ يَحْسَبُهُمُ ٱلْجَاهِلُ أَغْنِيَآءَ مِنَ ٱلتَّعَفُّفِ ﴿٢٧٣﴾ ﴾( البقرة: ٢٧٣).

بێگومان ئەم جۆرە مرۆڤانەش زۆر بەکەمی وەدەس دەکەون ، ئەگەر زۆر پرسیاریان نەکەیت ونەگەڕێیت بەدوایاندا .

٥-پێویستە وەرگری زەکات هەژار وخاوەن خێزان بێت ، یان نەخۆش وقەرزار بێ .

٦-وەرگری زەکات ، پێویستە خزم وکەس و کار بێت ، زەکاتدان بۆ ئەم جۆرە کەسانە ، فەرو چاکە کردنە وپەیوەندی پتەوکردنی نێوانی کە سایەتیە (صلە الرحم) ، هەموو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕی هەژار ، یەك خاڵ یان دوو خاڵ لەو خاڵانەی سەرەوەی لە هەژارێکی دیکەی زیاتر بێت ، ئەوەیان زۆرتر پێویستە زەکاتی بدرێتێ ،پەیامبەری خۆشەویستمان لەم بارەیەوە دەفەرموێت : ﴿ من ادی الزکاة مؤتجرا فله اجره ، ومن منعها اخذناها وشطر ماله عزمة من عزمات ربنا ﴾ ،لەم بارەیەوە (وەستا محمد)ی خودا لێخۆشبوو زۆر رێنمایمانی دەرکرد لە ژیانی خۆیدا زۆر هانی کەسانی دەوڵەمەندەکانی دەدا بۆ دەرکردنی زەکات ، دەیفەرموو :

١- گوتراوە ، ماڵ ومناڵ ، بەواتای ئەم دوو شتە هەردووکیان بەلای مرۆڤەوە زۆر بەنرخ وخۆشەویستە ، هەر مرۆڤێك بتوانێت ، چاکتر وپاکتر وبە نرخترین شتی لە سامان وسامانەکەی لە رێگەی خودادا وبۆ بەجێهێنانی

فەرمانەکانی بەخشی ،ئەو مرۆڤانە لە رۆژی دوایدا برەوەن ، یەزدان بە بەهەشتی بەرینیان شاد دەکات .

٢- گوتویانە ، ماڵی دونیا لە شێوەی چڵکی دەستە رۆژێك بە دەردەکەویٚ وهەیەو رۆژی دوایش نیە ، پێویستە لە سەرهەموو مرۆڤێك خاوەن باوەڕو لەکاتی بوونی سەرمایەدا پێویستە ئەو هەلە لە دەست نەدێن وبەکاری بهێنێن وهەژاران لە خۆمان رازی بکەین ، بەم کارەیش یەزدانی مەزن لەخۆمان رازی دەکەین وبەهەشتی بەرین بۆ خۆمان دەکرین .

٣-پەیامبەری خۆشەویست فەرموویەتی (ئێوە بەخاوەن باوەڕ ناژمێردرێن ئەگەر ئێوە تێر بن وهاوسێکانتان برسیبێت ، کە واتا بۆچی ئێمەی خاوەن باوەڕان کەدارای وسەرمایەمان هەیە ویەزدان لە گەنجینەی خۆی پێمانی بەخشێوە ، هەژارەکانمان تێر نەکەین ؟ بەم کارەیش یەزدان لەخۆمان رازی دەکەین وبەهەشتی بەرین بەدەست دەهێنێن .)

(پێویستی رێزگرتن له بنه‌ماڵه‌و که‌سانی په‌یامبه‌ر (ﷺ) (اهل البيت))

پێویستی رێزگرتن له زانایان ورێبه‌رانی ئیسلام وپیاوچاکان .

پێویستی رێزگرتن له پیاوان ومرۆڤانی به‌سالاچوو وبه‌ته‌مه‌ن .

﴿إِنَّمَا يُرِيدُ اللَّهُ لِيُذْهِبَ عَنكُمُ الرِّجْسَ أَهْلَ الْبَيْتِ وَيُطَهِّرَكُمْ تَطْهِيرًا ﴿٣٣﴾﴾(الأحزاب: ٣٣).

﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِي الَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَالَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ إِنَّمَا يَتَذَكَّرُ أُولُو الْأَلْبَابِ ﴿٩﴾﴾( الزمر: ٩).

﴿ليس منا من لم يرحم صغيرنا ، ويعرف شرف كبيرنا﴾رواه الترمذي .

١- یه‌زدانی گه‌وره له ئایه‌تی (٣٣) له سووره‌تی (الاحزاب ) روو ده‌کاته (اهل البيت) پێیان راده‌گه‌یه‌نێت ، من ده‌مه‌وێ ئه‌و تۆزو گه‌ردوو پیسایانه‌ی ده‌یانه‌وێت به گیان وله‌شتانه‌وه بمێننه‌وه پاکیان بکه‌مه‌وه ولێتانی دوور بخه‌مه‌وه ، به‌شێوه‌یه‌ك پاکتان ده‌که‌مه‌وه به‌ته‌واوی واتای پاك بوونه‌وه‌بێت رووی ئه‌م وته پیرۆزه له‌و که‌سانه کراوه که که‌س وبه‌تایبه‌ت خێزانی په‌یامبه‌ری خۆشه‌ویستن ، ئه‌م ئایه‌ته پیرۆزه ، به‌ئاشکرا روونی ده‌کاته‌وه بۆمان (اهل البيت) هه‌موویان له لایه‌نی یه‌زدانی به‌خشنده ومیهره‌بانه‌وه وبه‌گوێره‌ی ئه‌و ئایه‌ته پیرۆزه به گشتی پاك وخاوێن وبێگه‌ردووغه‌لوغه‌شن ، به هیچ جۆرێك وهیچ تاوانێکیان به‌سه‌ره‌وه نییه ، هه‌موو مرۆڤێك ئه‌م هه‌نگاوه پیرۆزه‌ی یه‌زدانی به سه‌ردا تێپه‌ر کردبێت ، بێگومان خۆشه‌ویستی خودای گه‌وره‌یه ، له‌به‌ر ئه‌م رووناکیه‌ی ئه‌م ئایه‌ته پیرۆزه ، پێویسته له‌سه‌ر هه‌موو خاوه‌ن باوه‌رێك ، به ئه‌و په‌ری رێزه‌وه بروانێته بنه ماڵه‌ی په‌یامبه‌ری خۆشه‌ویست ، ئێمه به ئه‌نجامدانی ئه‌م کاره‌مان ده‌توانین یه‌زدانی گه‌وره وپه‌یامبه‌ری خۆشه‌ویست له خۆمان رازی بکه‌ین ، په‌یامبه‌ری خۆشه‌ویست له یه‌کێك له وته ورێنمایه پیرۆزه‌کانیدا ئاماژه‌مان بۆ ده‌کات وله باره‌یه‌وه ده‌فه‌رمووێت ﴿ارقبوا محمدا (ﷺ) في بيته﴾ رواه البخاري .

بە واتای جیاوازی چاکە وڕێز وبەخشندەییتان لە ( اهل البيت ) ی من بێت ، لە دوای خۆم چاوتان لە بنەماڵەکەم بێت ، یارمەتیان بدەن ، ڕێزیان لێبگرن بەخشندە بن بۆیان ، ئەم فەرمانەی پەیامبەری خۆشەویست تایبەتە بە هەموو خاوەن باوەڕان ، ئەم ڕێنمایی کردنە پێویستیەکی زۆر گرنگە لەسەر خاوەن باوەڕان ، دەبێت بە ئەو پەڕی واتاکانیەوە پەیڕەوی بکرێت ، پێویستە خێزان وبنەماڵەکانی وکەسەکانی پەیامبەرمان خۆش بووێت وڕێزیان لێبگرین ویارمەتیان بدەین ودەس بلاوی خۆمان لە ئاستیاندا بەکار بهێنین ، بێگومان ئەم کارە پیرۆزەمان دەبێت بەهۆی ڕەزامەندی یەزدانی گەورەو وپەیامبەرەکەی ، لە ئەنجامدا پاداشتی هەموو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ ، کە یەزدان ڕازی ببێت لە کارەکانی ، پاداشتەکەی بەهەشتی بەرینەو ئەویش هیوای خاوەن باوەڕانە .

٢- ڕێزگرتن لە مامۆستایان وزانایانی ئایینی پێویستیەکی پیرۆزی سەر شانی هەموو خاوەن باوەڕانی ئیسلامە ، ڕێبەرانی ئایینی پێشڕەو وپێشنوێژی کۆمەڵگەی ئیسلامن ، هەر ئەوان دەتوانن ڕێگەی ڕاستمان نیشان بدەن ولە ڕێگەی گومڕایی وخراپەکاری لامان بدەن ، هەر بەم بۆنەیەوە گەلی کوردی خاوەن باوەڕی ڕاستەقینە ڕێبەرانی ئایینی ئیسلامیان بە (چرای ئایینی) ناو بردەوە ، پەیامبەری خۆشەویست زانایانی ئایینی بە جۆرێك لە قەڵەم داوە ، ئەوان جێگیر ومیرات گری ئەون ، بۆیە فەرموویەتی (العلماء ورثة الانبياء) رواه ترمذي بە واتای مامۆستایان وزانایانی ئایینی ئیسلام میرات گری پەیامبەرانن ، بێگومان میراتی پەیامبەری کۆتایی ودوارۆژ تەنها ئایینی پیرۆزی ئیسلامە ، لەبەر ڕووناکی ئەم فەرموودە پیرۆزەی پەیامبەری خۆشەویست ڕێزگرتن لەسەر ئەم ڕێبەرانی ئایینی پێویستیەکی سەر شانی هەموو خاوەن باوەڕێکە ، لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامدا ، ئەم کارە پێویستیەکی سەر شانی هەموو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕە ، بەهەموو توانا و بەسەرمایە وگیان ، یارمەتی ڕێبەرانی ئیسلام

بدەن ، لە پێناوی هاندانیان بۆ زیاتر راهێنان وبلاوکردنەوەی ئایینی ئیسلام ، بۆ راهێنان وپێگەیاندنی نەوەکانی نوێی ئەم کۆمەڵگەیە بۆ ڕێگە پیشاندانیان لەسەر ڕێگەی قورئان لەم بارەیەوە کورد گوتوویەتی (چەپلە بەیەك دەست لێنادرێت )

٣-ڕێز گرتن لە پیاوانی ڕدێن سپی وبەتەمەن پێویستیەکی سەر شانی هەموو مرۆڤێکە ، ئەگەر ئەو ردێن سپیانەیش کەس وخزمیش نەبێ ، بێگومان پیاوی بەسالاچوودنیادیدەیە ، خاوەنی تاقیکردنەوەی ڕۆژانی رابوردووی ژیانە ، سوودێکی زۆری لە گۆڕانکاریەکانی گێتی وساردی وگەمییەکانی بینیوە ، ماوەیەکی زۆری لەتەمەنی خۆی لە خزمەتی پیاو چاکان وزانایانی ئایینی وپێشڕەوانی ئیسلامدا بەسەر بردووە ، ماوەیەکی زۆری لەتەمەنی ، یان هەموو تەمەنی خۆی لە پێناوی ئەم ولا توخاك ونیشتمان وخێزانی خۆی وئەم کۆمەڵگەیەدا تەواو کردووە ، بێگومان ئەم جۆرە مرۆڤانە ، سوودیان لە بەرزی ونزمیەکانی وڕووداوەکانی ئەم گێتیە وەرگرتووە ، زۆریش تێدا ماندوو بوونە ، لەبەر ڕووناکی ئەم خالانەی سەرەوە ، پێویستیەکی گرنگە ڕێز لەم جۆرە مرۆڤانە بگیرێت ، پەیامبەری خۆشەویست لەبارەی ڕێزلە پیاوانی پیر وبەسالاچودا لە یەکێك لە فەرمایشتەکانیدا دەفەرمووێت ﴿وما اکرم شاب شیخا لسنه ، الا قیض الله له من یکرمه عند سنه﴾ رواه الترمذي

لە هەموو بوارەکانی ژیاندا ، پەیامبەری خۆشەویست ڕێنمایی کردووین ، داوای لێمان کردووە چاکە لە گەلْ ئەندامانی کۆمەڵگەکەماندا بکەین ، بەتایبەتی کەس وخزمەکانمان ولە ڕدێن سپییەکانمان ڕێزی تەواو بگرین ، ڕێزگرتن لە ردێن سپیو براگەورەمان پێویستی سەر شانمانە ، بەهەزاران دروود وبەزەیی خودا بڕژێت بەسەر (وەستا محمد) ی خودا لێخۆشبوو ، هەمیشە

ڕێنمایمانی دەکرد بە گوێرەی ئەو ئایەتە وفەرمایشتانەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێیان کردوە ، دەیفەرموو :

أ‌- ئەو پیاوانەی کە لە رەگەزدا لە بنەماڵەی پەیامبەری خۆشەویستن کە پێیان دەوترێت (اهل البیت) بە مەرجێك بە شوێن پێی ئەوانددا بڕۆن ورەفتار بکەن ، خاوەنی باوەڕی راستی ئیسلام وبۆچوونەکانیان لەم قەوارە پیرۆزە بەدەر نەبێت ، خۆیان بە هەموو مانایەکەوە بۆ خزمەتی کۆمەڵگەی ئیسلامی تەرخان کردووە ، بە هیچ جۆرێك رەوشتی خۆپەرستی ومەبەستی تایبەتی تاکە کەسی خۆیان ئەو کارە ناکەن ، ئەو جۆرە مرۆڤانە ، ڕێزیان لە لای یەزدانی مەزن زۆر بەرزە وپلە وپایەی تایبەتی خۆیان پێدراوە ، لەبەر ئەوەی یەزدانی مەزن لە گوناهەکانیان پاکیانی کردووتەوە ، لەبەر ئەوەی ئەوان (اهل البیت) ی پەیامبەری خۆشەویستن ، ئەوان خۆشەویستی خوداو وپەیامبەرن ، زۆر پێویستە بۆ خاوەن باوەڕانی ئیسلام ئەم گرووپەمان خۆشبووێت ، بە ئەو پەڕی ماناوە ڕێزیان لێبگرین ، یارمەتی وئامادە بوون لە کۆڕ وکۆمەڵکانیاندا ولە خزمەت ویەزدان پەرستیاندا ئامادە بین ، ئەم هەڵسوکەوتەمان زۆر سوودمەندمان دەکات ، یەزدانی گەورە وپەیامبەری خۆشەویست لەخۆمان رازی دەکەین ، هەر مرۆڤێك یەزدانی بەخشندە ومیهرەبان لێی رازی ببێت ، ئەو مرۆڤە بێگومان براوەیە ، لە رۆژی کۆتاییدا جێگەی بەهەشتی بەرینە ، بۆیە داواتان لێدەکەم هەتا لە ژیاندا ماون ڕێزی زۆر لە (اهل البیت) ی پەیامبەری خۆشەویست بگرن ، لە پێناوی ئەوەدا لە هەردووگێتیدا ، براوەسەرکەوتوو وسەرفراز بێت ،

ب‌- زانایان ورابەران وماموستایانی ئایینی ، ئەو کەسانەی بە راستی وبە دروستی ولەسەر ڕێگەی پاك وبێگەردی ئایینی ئیسلام کار دەکەن ، تەنها خۆیان بۆ ئەم مەبەستە تەرخان کردووە ، گیانی خۆیان تەنها بۆ ڕێگەی ئیسلام

بەخت دەکەن ، کار وپیشەیان ڕاگەیاندن وراهێنانی کۆمەڵگەی ئیسلامە ، منالآن ولاوانی ئەم کۆمەڵگەیە لەسەر ڕێگەی پیرۆزی قورئان ڕادەهێنن ، ئەم گروپە بە پێشڕەو لە قەڵەم دەدرێن ، پێویستە زۆر ڕێزیان لێبگیرێت ، پلە وپایەیان لەناو کۆمەڵگەدا بەرز بترخێنرێن ، بەلای منەوە رابەرانی ئاینی ئیسلام ئەستێرەی (جد)ن ، بە واتایی ئەستێرەی (القطب الشمالي) ئەوەی شایانی باسە ئەم ئەستێرەیە لە لایەن ئەستێرە ناسانی کوردەوە ناسراوە لە جێگەی خۆیدا وەستاوە وبەهیچ جۆرێك جولان وبەرز بوونە وئاوا بوونی نییە ، بە هۆی ئەم ئەستێرەوە لەشەوی تاریکدا مرۆڤی کورد دەتوانێ خوار وژوور وراست وچەپی خۆی بزانێت بە تایبەتی لەکاتی نوێژ کردن دەتوانێ بەهۆیەوە (قبلە) بدۆزنەوە رووی لێبکەن ونوێژەکەیان بە تەواوی بکەن مامۆستایان ورابەرانی ئاینی ئیسلامی پێویستە ودەبێت لەسەر ئاینی پاکی ئیسلام نەگۆڕێ وبەگوێرەی یاساکانی ئیسلام وقورئانی پیرۆز هەڵسوکەوت ومامەڵە لەتەك کۆمەلانی خەڵکدا بکات وببێ بە هۆی دۆزینەوەی ( قبلە ) وڕێگەی ئاینی ئیسلام .

ج- یەزدانی گەورە وپەیامبەری خۆشەویستمان ، سەپاندوویانە بەسەرماندا پێویستە ڕێز لە دایك وباوکمان بگرین وزۆریش خۆشیانمان بووێت ، بەو پەڕی دڵسۆزیەوە لەکاتی پیربوونیاندا یارمەتیان پێشکەش بکەین ، ئەمەیش بە تایبەتی لە کاتی پیربوونیاندا وبەساڵاچوونیاندا ، یەزدان لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموویێت ﴿ وَٱخۡفِضۡ لَهُمَا جَنَاحَ ٱلذُّلِّ مِنَ ٱلرَّحۡمَةِ وَقُل رَّبِّ ٱرۡحَمۡهُمَا كَمَا رَبَّيَانِي صَغِيرًا ﴿٢٤﴾ ﴾ (الإسراء: ٢٤)

هەر بەم شێوەیەش پێویستە لە سەر هەموو خاوەن باوەڕێك ڕێز لە مرۆڤی پیرو بەساڵا چوو دا بگرێت ، لەبەر ئەوەی پیاوی بەساڵا چوو خاوەنی تاقیکردنەوەیەکی زۆرە ، زۆریش ماندوویەتی کێشاوە لە ڕێگەی ئیسلام وخاك

نیشتمان وشێوازەکەی خۆیدا ، هاوقەسەنی باوك ودایکمانن ، دووریش نییە ئەو مرۆڤە پیرە کە وەك پێویست ڕێزی لێدەگیرێت دۆست وخۆشەویستی دایك وباوکمان بێت ، ئەگەر بەم شێوەیەش نەبێت ، ئەو مرۆڤە پیرە یەکێکە لە ئەندامانی کۆمەڵگەی ئیسلامی وپەروەردەی خاك ونیشتمانەکەمانەو لە پێناویدا ماندوو بووە ، بە گوێرەی فەرمایشتەکانی یەزدانی گەورە وپەیامبەری خۆشەویست پێویستی سەر شانی هەموو خاوەن باوەڕێکە ڕێز لە پیاوانی بە تەمەن وبەساڵاچوو بگرین ، یارمەتیان بدەین لە کاری چاکە کردن لە هەموو بوارێکدا ، ئەگەر هات و ئەو ڕدێن سپییەش سەر بە ئاینەکانی دیکەش یارمەتی پێویستە ئەگەر بۆ ئاینی ئیسلام وکۆمەڵگەی نیشتمانەکەمان زیان بەخش نەبێت ، پەیامبەری خۆشەویست دەفەرموویت (ان من اجلال الله تعالى ، اكرام ذي الشيبة المسلم) رواه ابو داود ، بە گوێرەی ئەم وتە پیرۆزەی پەیامبەری خۆشەویست بۆمان ڕوونەوە کراوە هەموو مرۆڤێك ڕێز لە پیاوانی پیرو بە ساڵاچوو بگرێت ، لەم دنیایەدا ڕێزی لێدەگیرێت ولەو دونیاش برەوە دەبێت .

## (تێکەڵاوبوونی ژن وپیاو وتاوانەکانی )

﴿ إِنَّ السَّمْعَ وَالْبَصَرَ وَالْفُؤَادَ كُلُّ أُولَٰئِكَ كَانَ عَنْهُ مَسْئُولًا ﴿٣٦﴾ ﴾ الإسراء: ٣٦

﴿ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَاسْأَلُوهُنَّ مِن وَرَاءِ حِجَابٍ ﴿٥٣﴾ ﴾ الأحزاب: ٥٣

﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَاتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَارِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ ﴿٣١﴾ ﴾ النور: ٣١

﴿ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ﴿٣١﴾ ﴾ النور: ٣١

مرۆڤی هۆشیارو تێگەیشتوو لە بنەماو کۆڵەکەکانی ئیسلام ، زۆر چاك دەزانێ ئەم ئایینە ، ئاینێکی کۆمەڵایەتییە ، خاوەنی نامەیەکی پیرۆزە بۆ ژیانی مرۆڤایەتی ، پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێکی ئیسلام پەیوەندی خۆی گرێ بدات بە کۆمەڵانی خەڵکەوە ، تێکەڵاوی هەڵسوکەوت ومامەڵەیان لە تەکدا بکات ، هاو بەشیان بکات لە هەموو پێدان ووەرگرتنێکدا ، بێگومان مرۆڤی ئیسلام دەبێت مرۆڤێکی کۆمەڵایەتی بەرز بێت ، ئەمەیش ئەنجام نادرێت ئەگەر ئەو هەڵسوکەوتەی بە گوێرەی ئایینە ڕەوا وراستەکەی ئیسلام نەبێت ، مرۆڤی کۆمەڵایەتی ئیسلام ، بەتایبەت ئەو مرۆڤانەی دڵیان بە ڕێگە ورێنماییەکانی قورئانی پیرۆز ڕووناك بووەتەوە ، شوێنی پێی فەرمایشتە پیرۆزەکانی پەیامبەری خۆشەویست کەوتوونە ، ئەم گروپە بەیەك کێشێك ناکێشرێن لەگەڵ ئەو جۆرە مرۆڤانەدا کە بیر وبۆچوونەکانی ئێستا وڕۆژانی پێشوو یاساکانی ئەو سەردەمەکە زانایان وبیردۆزەکان دایان ناوە ، لەم ڕۆژگارەی ئێستادا کە ئێمە تێدا دەژێین ، کۆڵەکە ومەرجەکانی کەسایەتی کۆمەڵایەتی ئیسلام ،زۆر کەم بوە پێویستە لەسەر کەسایەتی کۆمەڵایەتی ئیسلام هەڵوێستی هەبێت لە سەر ئەو سنوورانەی یەزدانی گەورە کە بۆ هەڵسوکەوت ومامەڵەکردن لە گەڵ کۆمەڵانی خەڵکدا بۆمانی دیاریکردووە ، ئەم هەڵوێستە ئێستا لە نێو کۆمەڵگەکەماندا زۆر کەمە ، ئێستا دەبینین جۆرە پەیوەندییەك بڵاوبووەتەوە لە

نێوان ئەندامانی کۆمەڵگەکەماندا ، بەپێچەوانەی بۆچوونەکانی ئاینی ئیسلامی پیرۆزە ، هەر بەو جۆرەش بەڕێوەدەچێت ، بێگومان ئەم پێوەرەش تەنها بۆ رووخان وتێکدانی کۆمەڵگەی ئیسلامییە ، ئیستا بە پێش چاوی خۆمانەوە دەبینین ، زۆربەی پیاوانی ئەم کۆمەڵگەیە ، شانازی دەکەن بە ئەو پەیوەندییە خراپ وزۆر نابەجێیانەوە کە لەگەڵ ئافرەتانی بێگانەدا دروسیان کردووە ، بەچی جۆرێکی ناهەموار وجادوگرانە ئەنجامیان دەدات ، کە هەموویان دژ بە بۆچوونەکانی ئایینی ئیسلامی پیرۆزە ، ئەم جۆرە مرۆڤانە ئەم کارانەیان کاتێ ئەنجام دەدەن لەناو کۆمەڵگەی ئیسلامدا ، هەمووی بە لای خۆیانەوە ، بە پیاوەتی وزیرەکی وبە سەر بەرزی لە پێنووس دەدەن ، زۆر مایەی نیگرانییە ئەم کارو کردەوانە کە هەموویان بەپێچەوانەی ئایینی ئیسلامە ، بەگشتی بوونە بە رەوشتێك زۆربەی ئەندامانی کۆمەڵگەکەمان هۆگری بوونە ، ئەم رەوشتە نزم ونابەجێیە بەهیچ جۆرێك لە لایەن بەر پرسانەوە لێپرسنەوەی لەسەر ناکرێت ، بەلای کەمەوە ئەندامانی ئەم کۆمەڵگەیەش ئەوانەی کە دژی ئەو رەوشتە نزمانەن ، بەهیچ جۆرێك بۆیان نییە گلە وگازندەی خۆیان بەرامبەریان نیشان بدەن ، زۆربەی ئەو مرۆڤانەی ئەم کارانە ئەنجام دەدەن ، تێدەکۆشن لە پێناوی دەستەمۆکردن وجولاندنی هەستی ژمارەیەك لەو ئافرەتانەی کە پەیوەندی تایبەتیان لە تەکیاندا هەیە ، بۆ ئەوەی دڵ وگیان وهزریان بەتەواوی بۆ لای خۆیان بکێشن ، ئەم کارەیان لە پێناوی ئەوەدا دەکەن ، رووناکی سەوزی رازی بوونی ئافرەتان بە دەست بهێنن ، بۆ مەبەستی بەدەست هێنانی کاری رەوشت نزمی نەفرەت لێکراو ، بێگومان ئەو ئافرەتانەی ئاماژە بە رووناکی سەوزی رازی بوون دەکەن روو بە رووی ئەو پیاوانەی بۆ کاری رەوشت نزمی وگومرایی تێدەکۆشن ، پەیوەندی وبەڵێن وپەیمانی رەوشت نزمیان لە گەڵدا دەبەستن ، بێگومان ئەو جۆرە ئافرەتانە باوەڕیان بە ئایینی ئیسلام نییە ، هەمیشە لە

مێرۆکێ وئاشازاسی وبێهێزدا دەژین ، دڵەکوتێو وەسوەسەی شەیتان بە جۆرێك سەریان لێتێك دەدات هەرزی بیرکردنەوەیان کۆڵوکوێر دەبێ زۆر بە زووی دەکەنەوە نێو داوی پیاوی تەڵەکە باز وگومڕاوە ، کەواتە ئەی پیاوی رەوشت نزم ، دەزانیت تاچی رادەیەك خوێن رێژ وهێسك شکێن وئابروبەربیت ، بەچی پاساویەك دەتوانی ئەم کارە ناپەسند وبێشەرمیە بە خۆت رەوابیبنیت ؟ رەوشتی بەرزی ئیسلام ومرۆڤایەتی لە کوێ بەجێهێشت وبزرت کرد ، ویژدانی بەرزی پیاوەتیت چی لێهات وبۆ کوێ رۆیشت ، ئایە ترسی یەزدان لە دڵتانە ماوە ؟

ئەگەر لە یەزدان ناترسیت ، ئەی لە خێزان وکچ وخوشکەکانت ناترسی ، ناترسیت ئەو ئافرەتانەی کەخۆیان بە نامۆسی تۆ دەزانن ، رۆژێك لە رۆژان مرۆڤێکی نامۆ وبێگانە لە خشتەیان بەرێت وئەم کارە رەوشت نزمیەیان لە تەکدا بکات ، تۆ ئەو کاتە بە چی چاوێکەوە سەیری ئەم کۆمەڵگەیە دەکەیت ، تەماشا بکە ئیمامی شافیعی پێشڕەوی خاوەن باوەڕان لەم بارەیەوە چی دەفەرموێت :

| | |
|---|---|
| عُفُواً تعفوا نسائكم في المحرم | وتجنبوا مالا يليق بمسلم |
| ان الزنادين ، فان اقرضته كان | الوفاء من اهل بيتك فاعلم |
| ياهاتكاً حرم الرجال وقاطعاً | سجل المودة عشت غير مكرم |
| من يزني يُزن به ولو بجداره | ان كنت ياهذا لبيبا فأفهم |

قورئانی پیرۆز وفەرموودەکانی پەیامبەری خۆشەویستمان گەورەترین ڕینمایی ورێنشاندەرن ، بۆ پەروەردەی مرۆڤایەتی ؛ گەورەترین ڕێکخستنی ژیانی تاك وکۆمەڵە ، پەیامبەری خۆشەویست فەرموویەتی (البر حسن الخلق ، والاثم ما حاك في صدرك ، وكرهت ان يطلع عليه الناس) هەموو مرۆڤێکی ئیسلامی

شاوەن ویژدان کە یەزدان وکۆمەڵگەی ئیسلام لە پێش چاو بگرێت ، ئەگەر کارێکی تاوانی ئەنجامدا ، یان هەڵەیەکی کرد ، پێویستە بە پەلە پەشیمانی خۆی دەربڕی ؛ لەهەمان کاتدا پێی شوورەیی بێت ئەو کردەوە گومڕاییەی لە لای خەڵك ئاشکرابێت ،پێشینان گووتیانە

بۆ ئەوەی نەیکەن کاری نالەبار تەنها حەیا وشەرم بهێننە کار
بە دەرمان حەیا دەرتان چارەکەن حەیا نەمێنێ چۆن چارە دەکەن

بە هۆی ئەنجامدانی گوناه وتاوانی رەوشت نزمییەوە ، ژمارەیەك جێبەجێی کاری ناهەموار وخراپەکاری ، بەنێو چاوانی کۆمەڵێك لە تاکەکانی ئەم کۆمەڵگەیەدا بەجێدەمێنێت ، لە شێوەی پەڵەهەورێکی ڕەش ودووکەڵێکی سامناکدا خۆیان دەنوێنن ، سەرئەنجام دەبێت بە هۆی دروست بوونی ناحەزی وتێك چوونی باری خۆشەویستی ویەکێتی نێوان کۆمەڵگاکەمان، لە هەمان کاتدا دەبێتە دروست بوونی جۆرەها نەخۆشی نالەبار وپیس کە پیاوانی رابردووی پێشینانمان ، ئەو نەخۆشیانەیان نەبووە ونەبیستووە ، پەیامبەری خۆشەویست لەم بارەیەوە دەفەرموێت ،﴿ماشاعت الفاحشة في قوم واعلنوا بها ، حتى ظهر فيهم وباء لم يكن في اسلافهم الماضية﴾متفق عليه. وەهەر بەم جۆرە لەم بارەیەوە دەفەرموێت ﴿اذا اخفت الخطيئة لم تضر الا صاحبها ، واذا طهرت فلم تُغَيَرُ ضرت العامة﴾متفق عليه .

پوختەی وتەکەمان لێرەدا ئەمەیە ، یەزدانی بەخشندە ومیهرەبان ، ئادەمیزادی لە شێوەی پەریەکان دروست نەکردووە ، ئەوەی یەزدان فەرمانی پیان داوە وابکەن ؛ بەهیچ جۆرێك لە فەرمانەکانی یەزدان سەرپێچی نەکەن ، یەزدان مرۆڤی دروست کردووە ژمارەیەك کارو فەرمانی بەسەردا سەپاندووە کە پێویستە جێ بەجێیان بکات بەگوێرەی ڕێنمایەکانی هەڵیان سووڕێنێت ، بەتایبەت بە گوێرەی ئەو رێگە دیاری کراوە ، ئەنجامیان بدات کە یەزدان

دەست نیشانیانی کردووە ، بە پێچەوانەوە یەزدان سزای بۆ ئەو جۆرە مرۆڤانە ئامادە کردووە کە سەر پێچی وکەمتەرخەمی لە فەرمانەکانیدا دەکەن ، یەزدانی گەورە ڕێگەی خراپەکاری وتاوانی بۆ مرۆڤ دانەناوە ، سەرەڕای ئەویش هەمیشە دەرگای والآیە لەسەر پشتە بۆ پەشیمان بوونەوە وتۆبە کردن لەو کارە ناهەموارانەی ئادەمیزاد دەیکات ، یەزدانی گەورە دەفەرموێت :

﴿ وَتُوبُوٓاْ إِلَى ٱللَّهِ جَمِيعًا أَيُّهَ ٱلْمُؤْمِنُونَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٣١﴾ ﴾ (النور: ٣١)

لەبەر ڕووناکی ئەم ئایەتە پیرۆزە ، پێویستە لەسەر هەموو برایەکی ئیسلام بە گورجی وزوو لەتاوانەکانی بگەڕێتەوە وپەشیمان بێتەوە وتۆبە بکات ، دەرگای تۆبە وپەشیمان بوونەوە هەمیشە لەسەر پشتە وەك ئاماژەمان بۆ کردووە بە مەرجێك ئەو مرۆڤە نەگەیشتبێتە (غرغرە)

لێرەدا بە پێویستی دەزانم بە چەند وشەیەك ڕوو لە خوشکە موسڵمانەکان بکەم ، بەتایبەتی ئەو خوشکانەی گەنج ولاون ولەسەرەتای ژیانیدا بە پەیژەی تەمەنی خۆیاندا هەڵدەکشێن ، بەرەو پۆپەی ژیان خوشکی خۆشەویست ئایە تۆ ، کامەرانی وبەختەوەری هەردوو دونیایەت دەوێت ؟

دەتەوێت خودا لە خۆت ڕازی بکەیت وئەو پارچە نایاب وبێ وێنەیەت وەدەست بکەوێت ، کە بەهەشتی بەرینە ، ئەگەر دەتەوێ بڕەوە وبەختەوەر بی ئەم خاڵانەی خوارەوە ئەنجامبدەن:

١- پێویستە پەیوەندیت لەگەڵ ئیسلامدا تەنها بە ناو نەبێت ، لە شێوەی ئەو کەسانەی تەنها بۆ ناو ئیسلامن وبە زمان باوەڕیان هێناوە ، نەك بە دڵ وگیان ، بۆ ئەم گرویە زۆر گرانە وزەحمەتە سەر کەوتن بۆ سەر پۆپەی سەرکەوتن ، هەر لە ناکاو لە پڕێکدا ، بەرەو هەڵدێر دەکەونە خوارەوە بۆ قوڵایی ، ئەم جۆرە مرۆڤانەی بە چەند وشەیەکی گرژ وتاڵ لە نێو کۆمەڵگەدا ، خۆیان دەرباز دەکەن لە جێ بەجێ کردنی پێویستەکانی ڕێگەی ئیسلام ، مل کەچ

دەبێ بۆ هەوا وئارەزووکانی ئەم دونیایە ، سەر ئەنجام لە زەلکاوی نەزانین ونەفامیدا دەگەوزین ، ئەم رەفتارەیان بۆ خۆیان ناو دەنێن ، پێشکەوتن ، گیان ولەش وهەست بۆچوونەکانیان پیس وگەلاو دەکەن ، بە هەڵکردنی شوێن پێیە ولاسایی کردنەوەی دوژمنانی ئیسلام ویەهوودیەکان ، بەمەش دەڵێن ئازادی وسەربەستی ، ژمارەیەکی زۆر لەم مرۆڤانە ، بەتەواوی خۆیان لە بۆچوونەکانی ئیسلام رووت کردوتەوە ، بە زمان وبە جل وبەرگ وبە جولانەوەیان ، لەسەرووی هەموویانەوە گاڵتە وگازندە بە ئایینی ئیسلام دەکەن ، ئایە ئەم جۆرە ئادەمیزادانە چ جۆرە رەوشتێکی ئایینی ئیسلامیان تێداماوە ، پێویستە لەسەر کیژە لاوەکان فێری زانیاری ئیسلام بن ، بە گوێرەی پەیرەوی قورئانی پیرۆز پەروەردە بکرێن، دەرچووی خوێندنگەکانی دایکانی خاوەن باوەڕان وهاوەڵانی پەیامبەری خۆشەویست جوانترین وپیرۆزترین رێگەی بۆتان دەستنیشان کردووە ، لە قورئانی پیرۆز لەفەرمودە بە نرخەکانی پەیامبەری خۆشەویستدا بە هموو جۆرێك ئاماژە بۆ مافەکانی ئافرەت کراوە ، هەر یەکێك لەم گروپە ئەگەر کچ ئەگەر ژن وبێوەژن وتەلاق دراو ، هەموویان رێ وشوێنی تایبەتیان بۆ دیاری کراوە .

٢- روو پۆش وخۆداپۆشین ، خۆ پۆشتە گرتنی ئافرەتان پێویستیەکی رێگای ئایینی ئیسلامە ، پێویستی سەر شانی ئافرەتانی خاوەن باوەڕە ، خۆیان لە رووتی وخۆجوانکردن وتێکەلاوی پیاوان بپارێزن ، یەزدانی مەزن لە قورئانی پیرۆزدا روو لە پەیامبەری خۆشەویست دەکات ودەفەرمووێت ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّبِيُّ قُل لِّأَزۡوَٰجِكَ وَبَنَاتِكَ وَنِسَآءِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ يُدۡنِينَ عَلَيۡهِنَّ مِن جَلَٰبِيبِهِنَّۚ ذَٰلِكَ أَدۡنَىٰٓ أَن يُعۡرَفۡنَ فَلَا يُؤۡذَيۡنَۗ وَكَانَ ٱللَّهُ غَفُورٗا رَّحِيمٗا ﴿٥٩﴾ ﴾ (الأحزاب: ٥٩)

خۆدا پۆشین پاراستنی هەموو لەشی ئافرەتە لە پیاوانی بێگانە ، بۆ ئەوەی بەشێك لە لەش دەرنەکەوێت بۆ پیاوی بێگانە ، یەزدانی میهرەبان دەفەرمووێت :

﴿ وَإِذَا سَأَلْتُمُوهُنَّ مَتَاعًا فَسْـَٔلُوهُنَّ مِن وَرَآءِ حِجَابٍ ذَٰلِكُمْ أَطْهَرُ لِقُلُوبِكُمْ وَقُلُوبِهِنَّ ﴿٥٣﴾ ﴾ (الأحزاب: ٥٣)

یەزدانی گەورە لەم ئایەتە پیرۆزەدا ، بە یەکجاری قەدەغەی پیاوان وژنانی بێگانە دەکات لە تێکەڵاوبوون ، لێرەدا پرسیار دەکرێت ئایە بۆچی پێویستە لە نێوانی پیاوان وژناندا پەردە وداپۆشین هەبێت ؟

لە کاتی کۆبوونەوەی ژن وپیاوی بێگانە بە تەنها لە یەك جێگەیەکدا دڵەڕاوکێ و وەسوەسەی شەیتان دروست دەبێت ، لەم بارەیەوە سەروەری ئیسلام دەفەرمێ : ئەگەر پیاوێك وئافرەتێکی بێگانە بە تەنیا کۆبوونەوە سێیەمیان شەیتانە !

٣- پێویستە لەسەر ئافرەت وپیاوی بێگانە ، بە هیچ جۆرێك سەریری یەکتر نەکەن یەزدان دەفەرمووێت ﴿ وَقُل لِّلْمُؤْمِنَٰتِ يَغْضُضْنَ مِنْ أَبْصَٰرِهِنَّ وَيَحْفَظْنَ فُرُوجَهُنَّ وَلَا يُبْدِينَ زِينَتَهُنَّ إِلَّا مَا ظَهَرَ مِنْهَا وَلْيَضْرِبْنَ بِخُمُرِهِنَّ عَلَىٰ جُيُوبِهِنَّ ﴿٣١﴾ ﴾ (النور: ٣١)

ئەم ئایەتە پیرۆزە ، بڕیارێکی ڕاستەوخۆیە کە تاچی ڕادەیەك پێویستە ئافرەتان لە پیاوانی بێگانە خۆیان دوور بخەنەوە وبەتەواوی لەشی خۆیان داپۆشن ، پێویستە ئافرەتان لە شێوەی قەڵایەکی پتەو ودیوارێکی بەهێز خۆیان ڕابگرن وخۆیان داپۆشن بەرامبەر هەموو مرۆڤێکی ڕەوشت نزم .

٤- پێویستە ئافرەت لە گەڵ پیاوی بێگانە نەدوێت ، ئەگەر زۆر ناچار بوو بدوێت ، بە ئەو پەڕی سەربەرزیەوەبێت ، لەکاتی گفت وگۆکردندا هیچ جۆرە

-لە کاتیی وەڵامی بوونیان ئیشیان نەدات ، کوردی گوتەنی رەوشتی بەرزو وقار ئیشیان پێدەن ، بۆ ئەوەی پیاوان نەتوانن بەوشەی لووس وتەلسیماوی هەڵیان بخەڵەتێنن ، پەروەردگاری مەزن بۆ ئەم مەبەستەش دەفەرمووێت قَالَ تَعَالَىٰ:

﴿ فَلَا تَخْضَعْنَ بِٱلْقَوْلِ فَيَطْمَعَ ٱلَّذِى فِى قَلْبِهِۦ مَرَضٌ ﴿٣٢﴾ ﴾( الأحزاب: ٣٢.)

٥- ئارامگرتن لە ماڵدا بۆ توێژی ئافرەتان پێویستییەکی گرنگە ، ئەگەر دەرچوونیان زۆر پێویست بوو ، لەتەك پیاوێکی کەسی خۆیاندا دەربچن ، لە شێوەی مێرد– باوك برا – کوڕ ، دەرچوون وگەڕانی ئافرەتان لە کوچەو بازاڕەکاندا بەبێ هاوەڵی پیاوێکی مەحرەم تاوانێکی زۆر گەورە وخراپە .

پەیامبەری خۆشەویست دەفەرمووێت ﴿المرأة عورة فاذا خرجت استرقها الشيطان ﴾﴿انها اقرب ماتكون في عقر دارها﴾ الترمذي .

٦- پێویستە لە سەر چینی ئافرەتان جل وبەرگێك لەبەر نەکەن جوانی لەشیان وەدەربخات ، لە پێناوی ئەوەدا سەرنجی پیاوان بۆ لای خۆیان رابکێشن ، پەیامبەری خۆشەویست ئەو جۆرە ئافرەتانەی بە (كاسيات عاريات) ناو بردووە ، لە زۆربەی وتە پیرۆزەکاندا ئەو جۆرانە بەر لەعنەتی خودا کەوتوونە ، هەر کەسێك بەر لەعنەتی خودا بکەوێت لە بەزەیی ورەحمەتی خودا بێبەش دەبێت .

٧- پێویستە توێژی ئافرەتان ، وریای زمانی خۆیان بن ، نابێت بەهیچ جۆرێك درۆ یان لەپاش ملەی خەڵك بدوێن ، گاڵتە وگازندە بە کەس نەکەن ، هەروەها نابێ لاسایی کەس بکەنەوە پەیامبەرمان لەم بارەیەوە دەفەرمووێت ﴿وهل يكتب الناس في النار مناخرهم ، الا حصاد السنتهم﴾ مسلم

٨- پێویستە لە سەر چینی ئافرەتان ، بە ئەو پەڕی مانەوە ، مل کەچ بن بۆ فەرمانەکانی پیاوەکانیان (الزوج) تەنها بۆ فەرمانێك مل کەچ نابێت ، بە

پێچەوانەی فەرمانەکانی یەزدانی مەزنەوە بێت ، پەیامبەری خۆشەویست دەفەرموێت ﴿ایما امراة ماتت وزوجها عنها راضي ، دخلت الجنة﴾ ابن ماجة .

٩- گرنگترین خاڵەکان ئەم خاڵەیە – باوەڕی تەواو بە بوون ویەکتای خودا ، دروست نەکردنی هاوبەشیەتی بۆ یەزدان (الشرك بالله) ، فێربوونی رەوشتە بەرزەکانی پەیامبەری خۆشەویست وئەنجامدانیان ، پەیڕەوی کردنی ، خۆ پاك کردنەوە لە هەموو گومڕایی وتاوانێك ، نوێژ کردن لە کاتی خۆیدا ، گرتنی رۆژوی مانگی رەمەزان بە هەموو مەرجەکانیەوە ، رۆیشتنی بۆ حەج ئەگەر پێویستی کرد بە گوێرەی یاساکانی ئیسلام ، زەکات دان بە گوێرەی دارایی وسەرمایە ، فەرمان دان بە چاکە ونەهێشتنی وقەدەغەکردنی تاوانکاری .

١٠- قەدەغەیە ، ئافرەتان ، بە شێوەی هەمیشەیی جل وبەرگی پیاوان لەبەر بکەن ، بەپێچەوانەوە ، پیاوان جل وبەرگی ژنان لەبەر بکەن قەدەغەیە لە ئایینی ئیسلامدا ، پەیامبەری رابەر وخۆشەویستمان دەفەرموێت ﴿لعن رسول الله ﷺ المشبهات من النساء بالرجال﴾ رواه البخاري .

١١- هاتوو چۆی سەردانی جادووگەران وئەوانەی لە شێوەی ئەوەدان ، قەدەغەیە لە ئایینی ئیسلامدا ، یەزدانی گەورە وپەیامبەری خۆشەویست بەم کارە رازی نابن ، ئەم کارە مرۆڤی خاوەن باوەڕ لە ئایینی لا دەدات وبەرەو گومڕایی وهاوتا پەیدا کردن بۆ یەیەزدان دەبات ، پەیامبەرمان دەفەرموێت ﴿من اتى عرافاً او كاهناً تصدقه بما يقول فقد كفر بما انزل على محمد ﷺ ﴾

متفق عليه .

١٢- لە ئایینی ئیسلامدا قەدەغەیە ئافرەتان بۆنی خۆش (عطر) لە خۆیان بدەن ئەگەر تەنها بۆ پیاوەکەی خۆیان نەبێت وبۆ ناو ژنان ولە ماڵەوە دەربچن ، یەزدانی گەورە وپەیامبەری خۆشەویستمان بەو کارە نارازین ، بە تاوانێکی گەورەو دەژمێردرێت پەیامبەری خۆشەویست دەفرموێت ﴿ ایما امراة ، مرت

على قوم ووجدوا ريحها فهي زانية﴾ چين وتوێژی ئافرەتان ئەگەر ئەم خالأنە بە جوانی پەیڕەوی بکەن ، ئەم رێگە راستە بە تەواوی بگرن ولێی لا نەدەن ، بێگومان لە رۆژی کۆتاییدا بەشیان بەهەشتی بەرینە ودەگەن بە پۆپەی سەرکەوتن وبەختەوەری تەواو بە دەست دەهێنن ، هەزاران رەحمەتی یەزدانی گەورە برژێت بەسەر گیانی پاکی (وەستا محمد)دا لەم بارەیەوە بە زۆری رێنمایی وئامۆژگاریانی دەکرد ودەیفەرموو .

١- گروپی ئافرەتانی ئیسلام ، ئەگەر بە شێوەیەکی گونجاو وفەرمایشتەکانی قورئانی پیرۆز وپەیامبەری خۆشەویست رەفتار بکەن ، ئەم گروپە لە پێش پیاواندا بە بەهەشت شاد دەبن ، ئەمەش لەبەر ئەوەی ئاسانکاری وبەخشندە لە لایەن یەزدانەوە بەوان دراوە بۆ پیاوان نییە ، نۆ مانگ ونۆ رۆژ لەسەر فەرمانی یەزدان دروستکراوێکی یەزدان لە نێو زگی خۆیاندا هەڵدەگرن ، ئەو ئەرك وزەحمەتانەی لە کاتی منداڵ بوون ولە دوای منداڵ بووندا توشی دەبن ، بۆ ماوەی دوو ساڵ لە سنگی خۆیان شیر دەدەن وپەروەردەی منداڵ دەکەن ، خوێن هاتنی سەر مانگەکان ولە دوای منداڵ بوون ، لە ئەنجامی منداڵ بوون ئەگەر مردن ، یەزدان پلەی شەهیدی کە گەورەترین پلەیە پێیانی بەخشیوە ، ئەم بەخشندانە لە لایەن یەزدانەوە تەنها بە ئافرەتان بەخشراوە وبۆ پیاوان نییە .

٢- چینی ئافرەتان بە گشتی خاوەنی بەزەیی ورەحمەتێکی زۆرن ، گەلێك لە پیاوان بە بەزەیی ترن ، مرۆڤی خاوەن بەزەیی لە یەزدانەوە زۆر نزیکە هەر مرۆڤێك لە یەزدانی بەخشندە ومیهرەبانەوە نزیکبێ یەزدان زیاتر دروودی خۆی بەسەریاندا دەبارێنێ.

٣- بۆ نیشاندانی زیاتر دڵسۆزی وخۆشەویستیمان بۆ پەیامبەری خۆشەویست ، پێویستە بیسەلمێنین ، ئێمە ئافرەتانمان خۆش دەوێت وڕێزی

لیّ دەگرین ، پەیامبەری خۆشەویست دەفەرمووێت فاتمەی کچم پارچەیەکە لە من لەبەر رووناکی ئەم فەرمایشتە ورازی کردنی پەیامبەر لە خۆمان پێویستە زۆر رێزلە چینی ئافرەتان بگرین .

٤- ئافرەتان نیوەی کۆمەڵگە پێك دەهێنن ، لە سەر دەمی دایەهەواوە بونە بە هۆی دروست کردنی کۆمەڵگەی ئادەمیزاد ، بونە بەدایکمان وبە کچ وبەخێزانمان ، ئەم گروپانەش رێز لێگرتنیان پێویستی سەر شانی پیاوانە وبەتایبەتی خاوەن باوەڕە راستەکان .

٥- لە کاتی لاوێتیم وهەتاکو ئەم تەمەنەی ئێستا کە پێم ناوەتە ناو حەفتا ساڵ ، بەم شێوەیە رەفتارم کردووە لەگەڵ ئافرەتاندا .

باوەڕم بەم جۆرە بووە ، ئەگەر بە رێگایەکدا بڕۆم لە پشتەوە ئافرەتێك بەردێك بدات بەسەرما لام لێی هەڵنەئەچەرخان .

یەکەم – لەبەر ئەوەی سەیر کردنی ئافرەتی بێگانە ودواندنی حەرامە .

دووەم – بەتەماشاکردنی ئافرەتی بێگانە لەلایەن یەزدانەوە بە تاوانبار دەدرێنە پێنووس ومافەکەمانیش دەفەوتێت .

٦- ژمارەیەکی زۆر ئافرەتی زانا وزیرەك وبەناوبانگ لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامدا ، پەیدا بوونە و خزمەتی ئەم کۆمەڵگەیە و ئاینی ئیسلامی پیرۆزیان کردووە ، پێشرەوی هەموویان (خەدیجەی کچی خوێلد) خێزانی دڵسۆزی پەیامبەری خۆشەویست ویەکەم ئافرەت بوو کە باوەڕی هێنا بە ئایینی ئیسلام ، عایشەی کچی ئەبو بەکری صدیق ، خێزان وخۆشەویستی پەیامبەری خۆشەویست ، پەیامبەر فەرموویەتی (خذوا ثلثي العلم من هذه الحميراء) ، ئەم ئافرەتە بەرێزە وهەموو خێزانەکانی پەیامبەر بە دایکی ئیسلام ناسراون ، فاتیمەی کچی پەیامبەر خۆشەویسترین ئافرەتە لە لای پەیامبەر بۆیە فەرموویەتی فاتیمە پارچەیەکە لە من

## ﴿خۆڕاگری ڕەوشتی خاوەن باوەڕانە﴾

قَالَ تَعَالَى: ﴿إِنَّمَا يُوَفَّى الصَّابِرُونَ أَجْرَهُم بِغَيْرِ حِسَابٍ ﴿١٠﴾﴾ (الزمر: ١٠)

قَالَ تَعَالَى: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اسْتَعِينُوا بِالصَّبْرِ وَالصَّلَاةِ إِنَّ اللَّهَ مَعَ الصَّابِرِينَ ﴿١٥٣﴾﴾ (البقرة: ١٥٣)

قَالَ تَعَالَى: ﴿يَا أَيُّهَا الَّذِينَ آمَنُوا اصْبِرُوا وَصَابِرُوا وَرَابِطُوا وَاتَّقُوا اللَّهَ لَعَلَّكُمْ تُفْلِحُونَ ﴿٢٠٠﴾﴾

(آل عمران: )

**﴿فصبروا حتى تلقوني على الحوض﴾** بخاری ومسلم (متفق علیه)

خۆڕاگری پێگەیەکە ، هەموو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ رادەهێنێت ، بەچی جۆرێك دەتوانێ پێویستیەکانی سەر شانی ، چۆن ولە کوێ ئەنجامبدات ، هەر چەندە ڕێگەی ئەنجام دانەکەی پڕن لە دڕك ودالْ وزیان وماندووبوون ، مرۆڤی خۆڕاگر وخاوەن باوەڕ ، هەمیشە دڵ وگیان ئارامە وقایلە بەئەنجامدانی کارەکەی باوەڕی بە یەزدان پتەوە ، هەر چەندە ڕێگەی گەیشتنی بە پۆپەی سەرکەوتن دوورودرێژ بێ ، باوەڕی زۆر بەهێزە کەدەرکەوتنی شەفەق زۆر نزیکە ، خۆڕاگری پەروەردەکردنی گیان ولەشی مرۆڤە بۆ ئامادەبوون هەڵگرتنی بارە گرانەکان وئەشکەنجە وئازاری ڕێگە ترسناکەکان ، ئەگەر گیان ولەشی ئامادەکرا بە باوەڕی تەواو ، بەهیچ جۆرێك ڕوودواوە لەناکاو سڵمێنەرەوەکان نایجولێنن وکاری تێناکات ، خۆڕاگری مرۆڤی خاوەن باوەڕ نیشانەی جوانی پێدانوسان وپێداگرتنە لەسەر هەڵگرتنی ئەو بارە گرانەی کەوتوتە سەر شانی ، هەتاکو ئەو کاتەی یەزدانی گەورە لە دوای تەنگانە خۆشی بۆ دەهێنن ، ئەم کارەیش ئەنجام نادرێت بەبێ پاڕانەوە وباوەڕی تەواو پشت بەیەزدان بەستن .

لەم کاتەدا پێویستە لەسەر هەموو خاوەن باوەڕێك خۆیان ئامادەکەن بۆ ماندوویی ڕێگاوبەرزی ونشێوەکانی ، لە پێناوی گەیاندنی پێویستییەکانی سەر شانیان بە لوتکەی سەرکەوتن ، ئەم کارەیش تەنها بە خۆڕاگری لە پێش نەخۆشی وکەم توانایدا ، خۆڕاگری لە پێش کاتی گەمارۆ وخۆبەخشین

وجیهاددا ، خۆڕاگری لە هموو هەنگاوەکانی ژیاندا ، بۆ ئەوەی بتوانین ڕەورەوەی کۆمەڵگاکەمان بە ئەو پەڕی باوەڕ بەخۆبوون ودان بەخۆداگرتن وئارامی ودادوەریەوە بەرەو پێشەوە بەرین ، وشەی خۆڕاگر ، (الصبر ) لە گەلێك جێگەدا لە قورئانی پیرۆزدا ئاماژەی بۆ کراوە ، یەزدانی گەورە ئاگادارە لە گرانی وگەورەی ئازارەکانی باری گرانی خۆڕاگری ، پەیامبەرانی یەزدانی مەزن تەنها بە خۆڕاگری وبەیارمەتی یەزدانەکەیان توانیویانە نامەکان لە سەر گۆی ئەم زەویە بلاو بکەنەوە ، لە ئەنجامدانی کارەکانیدا روو بەرووی گەلێك دژایەتی وگروپی دژوارەوە بوونە ، بەم هۆیەوە گەلێك ئازار وئەشکەنجە وماندوو بوونیان توش بووە ، یەزدانی گەورە یارمەتیانی داوە لە ئەنجامدا سەرکەوتنە ورازی بوونی یەزدانی گەورەیان بەدەست هێناوە .

پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێکی خاوەن باوەڕ ، خۆڕاگربین لەسەر بەندایەتی وخودا پەرستی ، بەرامبەر ئەو تاوان وگومڕایانەی لەدەوروبەرماندا روو دەدات ، خۆڕاگربین لەگەڵ ئەو خاوەن باوەڕانەدا کە شەیدا وعاشقی رووی یەزدانن ، خۆڕاگربین بەرامبەر ئەو گروپانەی تەڵەکەبازی وفێڵ وداووتۆزاغەمان بۆ دروست دەکەن ، بە هەموو شێوەکانی پیلانەکانیانەوە ، خۆڕاگرتن لەسەر هێواشی ودرەنگ گەیشتنی سەرکەوتن ، خۆڕاگربین لە سەر رێگەی دوور وئاڵۆزییەکانی ، خۆڕاگربین بەرامبەر ژیانەوە وخۆڕاگری زۆر بونی گومڕایی وئەنجامدانەرانی لە کۆمەڵگەکەماندا ،خۆڕاگری لە کەم بونی یارمەتی دەران ولایەنگرانمان ، خۆڕاگری بەرامبەر ئەو مرۆڤانەی لە رێگەی ئایین گیانیان لای داوە ودور کەوتنەتەوە دڵیان لە ژێر سێبەری نەفامی ونەزانیدایە ، خۆڕاگری لە باری گران وقورسیسەر شانمان وئەو ئازار وژانانەی بە هۆیەوە بۆمان هاتووەتە کایەوە ، لە کاتی بڕینی ئەم رێگەیە پڕ لە ئازار وئەشکەنجەدا ، لە کاتی کەم بوونی خۆڕاگری گیان ولەشدا ، لە کاتی برەوەی تاوانکاری تاوانبارانداً ، لە

کاتی کەم بوون وکزبوونی لایەنگرانماندا ، هێزی خۆڕاگری کەمێك ڕوو دەکاتە کزی ، بۆ چارە سەر کردنی ئەم نەخۆشییە پێویستە ڕوو بکەینە پزیشکێ کە ئەو هەموو پزیشکانی دروست کردبێت ، دروست کەری هەموو پسپۆڕەکان ، بێگومان ئەو زاتە پاکەیش تەنها یەزدانی گەورەیە ، جێگای نوێژ وخودا پەرستیەکەمانە ، پێویستە ڕووبکەینە ئەو کانیاوە سازگارە کە بەهیچ کات وزەمانێك وشك نابێ ، ڕوو بکەینە ئەو خاوەن نیعمەتانە کە بەهیچ کارێك کەم نابێ ، لێرەدا نوێژ وخۆڕاگری یەکتر دەگرنەوە ، بۆیە لەم کاتانەدا زۆر پێویستە زیاتر ڕوو لەیەزدان بکەین ، پێویستە لەم کاتەدا مرۆڤی بێتوانا وبێدەسەڵات ، ڕوو بکاتە هێز وتوانایەك کە زۆر گەورە وبە دەسەڵات بێ ، ئەویش تەنها یەزدانی گەورە وبێهاوتایە ئەمەیش لە پێناوی چارە سەرکردنی ئەو نەخۆشییە کە ڕووی لێمان کردووە ، لێرەدا گرنگی نوێژ وبەنرخی وفەری وەدەردەکەوێت ،نوێژ کردن پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆیە لە نێوانی مرۆڤی بێدەسەڵات ولەناو چوودا لە نێوان هێزێکی گەورەی بە توانای نەبڕاوەدا ، نوێژ ئەو کاتە دیاری کراوە هەڵبژێردراوەیە ، کە یەزدانی گەورە تکێك لە بەزەیی ودرووودی خۆی ، کە لە کانیاوە هەمیشەیەکی خۆی جیاکردووەتە ،دەیپرژێنێت بە سەرماندا ، نوێژ کلیلی گەنجینەیەکی نەبڕاوە وهەمیشە پڕە ، لە لافاوی ڕەحمەتی یەزدانی گەورە بە سەر خاوەن باوەڕاندا دابەش دەکات ، نوێژ گیان وئاونگی سەهەندانە دەگەڕێ ، بەسەر خاوەن باوەڕاندا وگیان و لەشیان فێنك وئارامدەکاتەوە ، دەس بەسەر داهێنانی دڵسۆزانەیە لە لایەن پەروەردگارەوە بە سەرماندوو بۆ ئازار دراواندا ، لەبەر ئەم هۆیە گرنگانەیە پەیامبەری خۆشەویست ، هەر کاتێك لە تەنگانەدا بووایە ، بانگی بلالی حەبەشی دەکرد دەیفەرموو ، (ارحنا بها یا بلال) بەواتای ئەی بلال بانگ بدە ودڵمان خۆش وڕووناك بکەرەوە ، لە دوای بانگەکەی بلال نوێژێکی زۆری دەکرد بۆ ئەوەی یەزدانی بەخشندە ومیهرەبان ،

لە تەنگانە وناخۆشی خۆی وهاوەڵانی دوور بخاتەوە ورزگاریان بکات ، لەو تەنگانەیە تێدا دەژین مرۆڤی خۆڕاگری خاوەن باوەڕی راست ، تەماشا دەکات ڕێگەکەی زۆر دوورە تەمەنیش بەرەو کۆتایی دەڕوات ، دەستی بەشتێك نەگەیشتووە ، لەدەور وبەری خۆی دەڕوانێت ، هێزی گومڕای وشەیتان خۆیان گیڤ کردووەتەوە باڵی چاکە وفەڕ روو لە کزیە ، رووناکیەك لە سەر پۆپەی بەرزی سەرکەوتن بە دی ناکات ، مامۆستایەك لەو ڕێگەیەدا نییە دەستی بگریّ وبەرەو سەرکەوتن هەنگاوی پێهەلبنێت .

لەم هەلوێستەدا ، خۆڕاگری خاوەن باوەڕ ، گرنگی وگەورەیی نوێژی بۆ دەردەکەویّ ، نوێژ وخۆڕاگری خۆی لە خۆیدا پەروەدەی یەك یەزدانی بەخشندە ومیهرەبانە ، لەم کاتەدا پێویست دەکات لەسەر مرۆڤی خۆڕاگر وخاوەن باوەڕ ، پەیڕەوی ئەم خالأنەی خوارەوە بکات

١- پشت بەستن بە یەزدانی گەورە ومیهرەبان ، بە ئەو پەڕی نزاو پاڕانەوەوە داوا لە یەزدانی بکەن ، رزگاریان بکات لەو ئازار وبارەگرانەی دراوەتە سەر شانیاندا ، لە پاڕانەوەکەیاندا پێویستە خۆڕاگری وئارامی نیشان بدەن بۆ جێبەجیّ بوونی داواکەیان پەلە نەکەن ، ئەگەر پاڕانەوەیان لە لایەن یەزدانەوە بە زوویی پەسەند نەکرا ، یەزدانی بەخشندە ومیهرەبان بۆیان دەکات بە پاداشت ولە رۆژی کۆتایی تۆڵەیان بۆ دەکاتەوە .

٢- بە زۆری داوای لێخۆشبوون لە یەزدان بکەن ، ئەم کارەیش ئەنجام نادرێت ئەگەر تۆبە نەکەن ، تەنها بە تۆبە کردن مرۆڤی ئیسلام دەتوانێت خۆی لە تاوانەکان وگومڕایی هەلبکەنێت ، لەم بارەیەوە یەزدانی مەزن دەفەرموێت ﴿إن الله لايغير مابقوم حتى يغيروا مابانفسهم﴾

٣- خۆڕاگری لەسەر ئەو بارودۆخەو رووداوانەی کە روو دەدات لە دەوروبەرەکەیاندا ، هەموویان بە فەرمان وبڕیاری یەزدان لە قەلەم بدەن لەم

بارەیەوە یەزدان دەفەرموێت ﴿وبشر الصابرين الذين اذا اصابتهم مصيبة قالوا انا لله وانا اليه راجعون﴾.

٤- هەوڵی زۆرتر چاکە وچاك سازی بدەن لە نێوانی خزمان وهاوەڵان وهاوڵاتیاندا ، ئەم کارەیش دەبێت بە هۆی رازی کردنی یەزدانی گەورە ، بە رەزابوونی یەزدان درووددو فەڕو رەحمەتی یەزدان بەدەست دەهێنن ، بەم کارەیان دەتوانن باری گرانی ونەهامەتی ولێقەوماوان لە خۆمان دوور بخەینەوە .

٥- بە بڵاو بوونەوە وپەرەپێدانی خۆشەویستی ، بە بەهێز کردنی یەکێتی وبرایەتی ویەکسانی لە نێو کۆمەڵگەی ئیسلامدا ،دەتوانین ئەنجامی باش بە دەست بهێنین ، بەو خۆشەویستی ویەکبوون وتەبایەمان ، دەتوانین خۆڕاگری وباوەڕمان بە تین وبەهێزتر بکەین ، بەم کارەمان دەتوانین باری گران ونەهامەتی وناخۆشی لە خۆمان وکۆمەڵگەکەمان دوور بخەینەوە بە هەزاران رەحمەت بباریٚ بەسەر گیانی پاکی پیاو چاکان وزانایانی ئیسلامدا ، لەناویاندا (وەستا محمد) خودا لێخۆشبوو ، هەمیشە لە ئامۆژگارییە بە نرخەکانیدا لەم بارەیەوە دەیفەرموو .

٦- لوقمانی حەکیم ، خودای لێرازی بێت ، بە کوڕەکەی خۆی فەرموو ، کوڕەکەم -پێویستە لە سەرت زۆر ئارام وخۆڕاگر بیت لە ژیاندا باوەڕت زۆر بەتین بیت بە ئایینی ئیسلام ، بە گیان وبەلەش لە گەڵ نەفس وشەیتاندا لە جیهاندا بێت ، زۆر چاك بزانە لە خۆڕاگریدا گەلێك شادی وخۆشی وبەزەیی ودڵسۆزی بەدی دەکەیت ، خۆپارێزی لە تاوان وتاوانکاری وگومڕایی ، چاودێری وچاوەڕوانی فەڕوچاکەی یەزدانی لە خۆڕاگریدایە ، ئەگەر خۆڕاگربیت ، لەو کارانەی یەزدان قەدەغەیانی کردووە لێت ، خۆپارێز بیت لەو خراپە کاریانەی یەزدان پێیان رازی نابێت ، کە لەم دنیایەدا ئەنجام دەدرێن ، لە

کاتی ڕووداوە زیان بەخشو دڵتەزێنەکاندا ، بە ئەو پەڕی خۆڕاگرییەوە بەرامبەریان بیەوە ، لەم کاتەدا بەلای تۆوە مردن خۆشەویسترین سەرمایە دەبێت بە لاتەوە ، کەوا بوو چاوەڕانی مردن بکەو لێی مەسڵمێرەوە .

٢- بە ئارامی وخۆڕاگری دەتوانی دەستی خراپە وخراپەکاران لە خۆتان دوور بخەنەوە ، بە خۆڕاگری وهێمنی دەتوانی ، ئاگری خراپە کاری بکوژێنیتەوە ، کوڕەکەم ئەو کەسانە درۆیان کردووە گووتویانە ئاگری جەنگی خراپە هەر بە هەڵەو خراپەکاری دەکوژێتەوە ، ئەگەر درۆیان نەکردووە ، با ئاگرێك لە تەنیشت ئاگارێکی دیکەوە بکەنەوە ، تەماشای بکەن بزانن دەکوژێتەوە ، زۆر چاك بزانە ئاگری خراپەکاری وتاوانباران دەتوانی بە خۆڕاگری وبە هێمنی وچاکە بکوژێنێتەوە – کوڕەکەم– تەنها بە ئاو دەتوانیت بڵێسەی ئاگری بە تین کپ بکەیتەوە .

# خوورەوشتی جوان لە ئاینی ئیسلامدا

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾ ﴾ (آل عمران: ١٠٤)

﴿ اكمل المؤمنين ايمانا احسنهم اخلاقا ﴾ رواه الترمذي .

باوەڕ هێنان بە یەزدانی گەورە ، دەرخستنی هەست وناخی مرۆڤە ، باوەڕ هێنان بە ئایینی پاکی ئیسلام تەنها بە گوتن نییە ، بە خۆپیشاندانی دەرەوەی مرۆڤ نییە ، باوەڕ بە کار کرد نوبە ئەنجامدانی وجێبەجێ کردنی فەرمایشتەکانی یەزدانی گەورە وپەیامبەری خۆشەویستە ، پێویستە باوەڕ بۆ مرۆڤ بنەماو وبناغەی هەموو مەسەلەکانی بێت ، ئیسلامیەت ئایینە وڕەوشتە ، هەر بەم شێوەیەش داوای بۆ دەکرێ ، ئالأی ئیسلام هەر بەم جۆرە لە هموو بۆنەکاندا هەڵدەکرێ ودەشەکێتەوە ، ئایین ورەوشتی جوان خاوەن باوەڕان پەیوەستی یەکن ، باوەڕ وڕەوشت دوو هۆکاری هاوسەنگن ، باوەڕ ورەوشت نزمی ، دوو هۆکاری دژ بەیکن لە هیچ کات وسەردەمێکدا بەیەکەوە کۆ نابنەوە ، لێرەدا پێویستە بڵێن پێویستییەکی گرنگە لەسەر باوك ودایك وبەشی پەروەردەی دەوڵەت ، بە هەموو تواناو دەسەلاتێکانییەوە ، هەوڵی چاندنی رەوشتی بەرزو جوان بۆ گەنجان نەوەکانی تازە پێگەیشتوی گەلی ئیسلام بدەن ، هەوڵ بدەن هەمیشە بە ئەو پەڕی دڵسۆزیەوە بۆ پەوەردە کردنی لاوان ، بە رەوشتی بەرزو چاکە وفەڕ رایان بهێنن ، پێویستە بە جۆرێك پێداگرتن ودانووسانی تێدا بکرێ کە ماف تەواوی خۆی بدەنێ ، بێگومان رەوشت جوانی کانی وسەر چاوەکانی کارە چاکە وجوانەکانە بۆ تاك وکۆمەڵگەکەمان ، گوناه کاران وتاوانەکانیان پیسن ودوایەکەیانیش تەنها نەهامەتی وسەر لێشێوانە ، پێویستی سەر شانی هەموو باوەڕداران وکۆمەڵگەی ئیسلامە ، بە هاوکاری وبرایەتی ، ئەم دیاردە نالە بارە ریشەکێش بکەن لە هەر جێگەیەك ولەهەر

شێوەیەکدا خۆی بنوێنێ ، لە جێگەی ئەم ڕەوشتە ناڵەبارەدا ، باوەڕی ڕاست گوێ بچێنن لەناخی ئەم کۆمەڵگەیەدا بەم هەنگاویش دەتوانین سەرکەوتوو بین بەسەر تاوان وتاوانکاران وئەنجامەکەیدا ، پەیامبەری خۆشەویست دەفەرمووێت (انما بعثت لاتمم مكارم الاخلاق) ئەم ئایینە پیرۆزە هەموو شتێکی بۆمان ڕوون کردوەتەوە ، لە بارەی ڕەوشت بەرزی وهەڵسوکەوت کردنی جوانەوە ، لەگەڵ کۆمەڵگەکەماندا ئەگەر بەرامبەر جێبەجێ کردنی فەرمانەکانی یەزدانی مەزن بێت ، یان بەنواندنی وەفاداریمان بۆ وتەو ڕەوشتە بەرزو جوانەکانی پەیامبەری خۆشەویست ورەنگ دانەوەی لەنێو کۆمەڵگەکەماندا لەهەر گۆشەیەك لەگۆشەکانی ئایین بکۆڵینەوە ، هەموویان باسی ڕەوشت بەرزی جوان وچاکە وسوار چاکییە ، ئایینی ئیسلام بۆ ئەوە هات ، لە نەزانین وگومڕایی دوورمان بخاتەوە ، فەرمانی ئەنجامدانی چاکە وچاکردنی بە سەرماندا سەپاندووە ، ئەم کارەیش بە هیچ جۆرێك ئەنجام نادرێت ، ئەگەر پەیڕەوی ڕەوشتە جوانەکانی (محمد(ﷺ)) نەکەین ، یەزدانی مەزن لە قورئاندا پێمان ڕادەگەنێت : قَالَ تَعَالَى:﴿ وَلْتَكُن مِّنكُمْ أُمَّةٌ يَدْعُونَ إِلَى الْخَيْرِ وَيَأْمُرُونَ بِالْمَعْرُوفِ وَيَنْهَوْنَ عَنِ الْمُنكَرِ ۚ وَأُولَٰئِكَ هُمُ الْمُفْلِحُونَ ﴿١٠٤﴾ ﴾ (آل عمران: ١٠٤)

فەرماندان بە چاکە کردن وقەدەغەکردنی خەڵك لە تاوان وگومڕایی ، جوانترین ڕەوشتی جوانی ئیسلامە ، ئایینی ئیسلام ئایینی خۆشەویستییە ، خۆشەویستییەك کە لە نێوانی خاوەن باوەڕاندا هەڵقوڵابێت ،ئایینی ئیسلام دژی خۆپەرستی ولەخۆبایی بوون ولوت بەرزییە ، ئەم ڕەوشتە نزمانە لە کۆمەڵگەی ئیسلامدا ولە بۆچوونەکانیدا جێگەیان نابێتەوە ، پەیامبەری خۆشەویستمان دەفەرمووێت ﴿لا يؤمن احدكم حتى يحب لاخيه مايحب لنفسه﴾ ئەگەر بە جوانی سەیری مانای ئەم فەرموودە پیرۆزەی پەیامبەری خۆشەویست بکەین بە ئاشکرا بۆمان دەردەکەوێت چەندە ئایینی ئیسلام ئاینی

خۆشەویستی ورەوشت بەرزی جوانە ، ئەم ئایینە فەرمانی پێمان داوە گوێ ڕایەڵی فەرمانەکانی دایك وباوکمان بین ، بەزەیی وسۆزمان بۆ بێدەسەلأت وکەم دەرامەتەکان بێت ، ئەم ئایینە ڕێنمایمان دەکات ڕێز بۆ هاوسێ وهاوەلأتمان دابنێین بە شێوەیەکی دادوەرانە هەڵسوکەوتیان لەتەکدا بکەین ، بە هیچ جۆرێك لەپاش ملەیان بە زمانی خراپە نەدوێن، ئیرەیی (حسودی) یان پێنەبەین ، ئازار ودووبەرەکی وبەگژدا چوونیان بۆ پەیدا نەکەین ، بێگومان ئەم کارە جوانانە هەموویان رەوشتی بەرزی خاوەن باوەڕان دەردەخەن ، دژی کاری گومڕایی وخراپە کاریە لە هیچ کات وساتێکدا رەوشتی بەرز وجوان لەگەڵ رەوشتی نزمی گومڕاییدا کۆنابێتەوە ، بەگوێرەی ئەم هەڵسوکەوت وئەم رەوشتە جوانانە دەردەکەوێت کۆمەڵگەی ئیسلامی خاوەن رەوشتی بەرزو جوانن رەوەرەوەی ژیانی پەیامبەری خۆشەویستمان بە گشتی رەوشتی جوان وبەرز بووە رەوشتە جوانەکانی پەیامبەرمان نموونەی رەوشت بەرزیە بۆ کۆمەڵگەی ئیسلامی وهەموو جیهان ، یەزدانی گەورەمان باسو وەسفی پەیامبەرمان ورەوشتە جوانەکانی بەرەوشتی بەرزو گەورە وپیرۆز لە قەڵەم داوە ، دەفەرمووێت :

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ وَإِنَّكَ لَعَلَىٰ خُلُقٍ عَظِيمٍ ۝٤ ﴾ (القلم: ٤)

هەر کەسێك لەم کۆمەڵگەی ئیسلامدا ، ئەگەر بیەوێت بگات بەباوەڕی تەواو ، لە پێش هەموو شتێکدا پێویستە رەوشتی خۆی بەرزو جوان بکات ، پێشەکی پشت بە ڕەوشتە جوان وبەرزەکانی پەیامبەر خۆشەویست ببەستێت ، پەیڕەویان بکات بەهموو مانایەکەوە ، تەنها بەم ڕێگەیە دەتوانین بگەین بە ئەو پەڕی بەختەوەری لەهەر دودنیاداسەر کەوین بەسەر گومڕایی ونەزانین ورەوشتی خراپەکاری ونابەجێدا ، هەزاران رەحمەت ، برژێت بەسەر گیانی پاکی (وەستا محمد ) لەکاتی ڕێنمایکردنندا ، داوای لێمان دەکرد هەوڵ بدەین فێری رەوشتە جوانەکانی پەیامبەری خۆشەویست بین وپەیڕەویان بکەین لەبەر

ئەوەی رەوشتە جوانەکانی پەیامبەری ئازدار مایەی شانازی هەموو کۆمەڵگەی ئیسلامە .

أ- یەکێك لە رەوشتە جوانەکانی پێغەمبەر - دەگێرنەوە رۆژێك پەیامبەری خۆشەویستمان ، لە شاری مەککەی پیرۆز لە یەکێك لە بازارەکاندا دەرۆیشت ، لەناکاو پیرەژنێك بانگی کرد ، گوتی ئەی برای عەرەب ئەم کۆڵە بدە بەکۆڵمدا ، پەیامبەری خۆشەویست سەیری کرد پیرە ژنەکە زۆر بێتوانایە ، کۆڵەکەی دا بەکۆڵی خۆیدا ، هەڵی گرت تاکو جێگەی مەبەست لە رێگە پیرەژنەکە گوتی ، ئەی برای عەرەب رێنمایەکەت دەکەم ، دیارە تۆ پیاوێکی رەوشت بەرزی بیستومە لەم شارەدا پیاوێك هەیە ناوی (محمد(ﷺ))ە لە ناو کۆمەلأنی خەلکدا داوای پەیامبەری دەکات نەکەی باوەری پێبکەیت ، لەو کاتەدا پەیامبەری خۆشەویست دێتە گوفتار ودەلێ ، ئەو (محمد)ە ناوە منم پیرە ژنەکە لەبەر جوانی رەوشتی پەیامبەر بەپەلە دەلێت (اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمد رسول الله) . رۆژێك دایان بە گوێی (عدی کوری حاتم) دا ، کەیەکێك بوو لە ناودارانی عەرەب هێشتا باوەری بەئایینی ئیسلام نەهێنابوو ، گوایە (محمد) (ﷺ) خۆی بەپاشا داناوە هەڵسوکەوتی پاشایەتی لەگەڵ خەلکدا دەکات ، (عدی) کەوتە رێگە بۆ چاوپێکەوتنی پەیامبەری خۆشەویست ، لەو کاتەدا (عدی) دانیشتبوو ئافرەتێك هات بۆ خزمەتی پەیامبەری خۆشەویست ، بۆ پرسیار وکاری تایبەتی خۆی ، پەیامبەر لەسەر جێگەکەی خۆی هەستا ئافرەتەکەی لەسەر جێگەکەی خۆی دانا ، خۆیشی لەسەر زەویەکە دانیشت ، (عدی) کاتێ ئەم رەوشتە جوانەی لە پەیامبەری ئیسلام بینی ، بەگورجی وبەپەلە گوتی (اشهد ان لا اله الا الله واشهد ان محمد رسول الله) ، پەیامبەری خۆشەویست بەرەوشتی بەرزو جوانی ، توانی ئەم ئایینە پیرۆزە بەجیهان رابگەیەنێت وجێگران وهاوەلأنی توانیان پەیرەوی رەوشتەکانی بکەن وئایینی ئیسلام بەجیهان بگەیەنن .

## کردەوکانی مرۆڤی خاوەن باوەڕی ڕاست لەشەووڕۆژدا

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ فَمَن يَعْمَلْ مِثْقَالَ ذَرَّةٍ خَيْرًا يَرَهُۥ ﴿٧﴾ ﴾ (الزلزلة: ٧)

(انما الاعمال بالنيات وانما لكل امرئٍ مانوى )متفق عليه

١ – یەزدان بە بیری خۆماندا بهێننەوە کاتێ لەخەو هەڵدەستێن .

٢- هەوڵ بدەین نوێژەکانی بەیانیان لە مزگەوت بکەین .

٣- بەیانیانمان بەنزاو پاڕانەوە دەست پێبکەین ، لەیەزدانی بەخشندە ومیهرەبان ، بپاڕێنەوە رزق وساماتی حەلاڵمان بداتێ .

٤- بەپاڕانە ونزاو داوا لەیەزدان بکەین لە ئاگری دۆزخ لامان بدات.

٥- داوا لەیەزدانی گەورە بکەین ، بەبەهەشت شادمان بکات .

٦- هەوڵ بدەین ، نوێژەکانمان لە کاتەکانی خۆی ولە مزگەوتەکاندا ئەنجامیدەین .

٧- ئەو نوێژە سوناتەتانەی پەیامبەر ئەنجامیانی دەداو نوێژە خۆبەخشەکانمان ئەنجامبدەین .

٨- پێویستە هەموو نوێژەکانمان بە ئەو پەڕی ترسان لە ئاگری دۆزخ ودڵە لەرزەوە ئەنجامبدەین لە پێش یەزدانی گەورەدا .

٩- لە کارەکانمادا لە دەسکەوت وخواردن وخواردنەوە وپۆشاکمانەدا یەزدانی مەزن لەبەر چاو بگرین .

١٠- هەمیشە سوپاس گوزاری خۆمان نیشانبدەین بۆ یەزدانی گەورە وبێهاوتا ، کە خستومانەتە سەر نیعمەتی گەورەی ئایینی ئیسلام .

١١- هەمیشە سوپاس گوزاری خۆمان نیشانبدەین ، بۆ یەزدانی مەزن کە نیعمەتی بیستن وبینین ودڵو ، هەموو کۆئەندامەکانی لەشی پێمان داوە .

١٢- ئەو کاتانە لە دەست خۆمان نەدەین کە یەزدانی گەورە ومیهرەبان پاڕانەوە ونزاکانمان لێوەر دەگرێت .

١٣- پەیڕەوی ئەو ئایەتە پیرۆزانە بکەین ، خوێندوومانە ویان لەبەریانمان کردووە .

١٤- پەیڕەوی ئەو فەرمایشتانەی پەیامبەری خۆشەویست بکەین کە خوێندوومانە یان لەبەریانمان کردووە .

١٥- پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێکی ئیسلام هەوڵبدات فێری ڕێگاکانی چۆنیەتی پەیڕەو کردنی ئایینی ئیسلام بێت .

١٦- پێویستە هەموو لەشمان بە گوێ وچاوو داوێنەوە لە کاری ئالەبار حەرام دوور بخەینەوە ،

١٧- پێویستە بە زۆری سەلاوات لە سەر دیداری پەیامبەری خۆشەویست بدەین .

١٨- ئەگەر زانیمان پیاوێکی خاوەن باوەڕ نەخۆش کەوتووە لە جێگادا بە زوویی سەردانی بکەین ولە یەزدانی بپاڕێنەوە چاکەوە بێ .

١٩- پێویستە لە مەراسیمی نوێژی مردوو دواکەوتنی تەرمەکەیدا بەشداری بکەین وسەرە خۆشی وپرسە لە کەسوکاری بکەین .

٢٠- پیاوی خاوەن باوەڕ پێویستە هەمیشە فەرمان بە چاکە بکات وقەدەغەی گومڕایی وخراپە کاری بکات .

٢١- ئامۆژگاری ورێنمایی کردنی برایانی ئیسلام پێویستی سەر شانمانە .

٢٢- پێویستە دەستی یارمەتی بۆ هەژاران وکەم دەرامەتان درێژ بکەین لە پێناوی ڕەزا بوونی یەزدانی گەورە دا.

٢٣- ئەو پەیمانەی بەستمان جێبەجێی بکەین ، ئەو بەڵێنەی دامان بە ڕاستی بێت وراستی تێدا بکەین .

٢٤- لە هەڵسوڕاندنی کارەکانماندا زۆر دڵسۆزبین ، یەزدان دابنێن بە چاودێرمان .

٢٥- پێویسته له کاتی دەوڵەمەنی وهەژاریدا بەیەك شێوە رەفتار بکەین ، ئەوەندە دەست بڵاو نەبین هیچمان نەمێنێ ، لەهەژاریدا خۆراگری وئارامیین وسوپاس گوزاری یەزدان بکەین .
٢٦- ئەو کەس وخزمانەی پەیوەندیان پێمانەوە بریوە ، ئێمە سەردانیان بکەین وبڕۆین بۆ لایان .
٢٧- لە کاتی تووڕە بوون وهەڵشەی ولە کاتی هێمنی ولەسەر خۆدا بە دادوەرانە هەنگاو هەڵگرین .
٢٨- لەو کەسانە ببورین کە مافمانیان خواردووە ، ئەو کەسەیش ماڵ لامانە بە پەلە بیدەینەوە .
٢٩- پێویستە لەسەر مرۆڤی خاوەن باوەڕ لە کاتی بێدەنگ بوونی بیرکردنەوە بێت لە گەورەی خودا ، گفتووگۆی لە ئاینی ئیسلام دەرنەچێت ، سەیر کردنی وانەو دەرس بێت لە فەرمانەکانی یەزدان .
٣٠- یەکێکمان خۆشویست تەنها لە پێناوی یەزداندا بێت ، ئەگەر نەمانویست وحەزمان لێی نەکرد هەر بۆ یەزدان بێت .
٣١- بەرەوشتی جوان یارمەتی هاوەڵەکان بدەین ، هەوڵبدەین دڵیان نەرموو دەسەمۆ بکەین لە پێناوی بەتین کردنی خۆشەویستی زۆرتر لە نێوانیاندا .
٣٢- پێویستە هاوەڵی چاك هەڵبژێرین وخۆمان لە هاوەڵی خراپ ورەوشت نزم دوور بخەینەوە .
٣٣- پێویستە زۆر پێنەکەنین ، پێکەنین زۆر دەبێت بە هۆی مردنی دڵی ئادەمیزاد .
٣٤- پێویستە هەمیشە بگرین لە ترس وسامناکی یەزدانی گەورەدا .
٣٥- پێویستە هەمیشە داوای لێبوردن لە یەزدان بکەین هەتا لە تاوانەکانمان خۆشبێت .

٣٦- داوا له یەزدان بکەین باوەڕەکەمان جێگیرو بتەوە بکات لەسەر ئایینی پاك وپیرۆزی ئیسلام .

٣٧- پێویستە داوای لێبوردن ولێخۆشبوون له یەزدانی گەورە بکەین لەبراو خوشکە ئیسلامەکانمان خۆشبێت .

٣٨- پێویستە چاکە وفەڕ بەسەر هەژاراندا پەخش بکەینەوە .

٣٩- روو گەش وخۆشبین بەڕووی برا ئیسلامەکاندا ، لەبەر ئەوەی ئەم کارە بە چاکە بۆمان دەنووسرێت .

٤٠- ئەگەر کارێك کرا زیانی بۆ شەرەف وکەرامەتمان هەبوو ، نابێ تەنها له پێناوی خۆماندا توڕەبین ، دەبێت بۆ یەزدان توڕە بین .

٤١- پێویستە دەمودەس ودڵپاك بین ، ناخی خۆمان له نەخۆشییەکانی کینە وئیرەیی ودڵڕەشی پاك بکەینەوە .

٤٢- مرۆڤی خاوەن باوەڕی راست خۆی فێری چاکە گەورەکان دەکات له شێوەی ئارامی ودڵ گەورەیی وخۆڕاگری وبەزەیی پشت بە یەزدان بەستن ودڵسۆزی .

٤٣- ئەگەر تووشی کۆسپ وتەگەریەکی گەورە بووین دەڵێین (انا لله وانا اليه لراجعون) .

٤٤- پێویستە بەم پاڕانەوەیە دەست پێبکەین (ئەی خوداکەی من من پەنا بە تۆ دەبەم ، بەهاوتا پەیدا کردن بە تۆ ، داوای لێبوردن لێدەکەم لەو هەڵانەی بە نەزانین کردوویانمە) ، هەر مرۆڤێك بەم پاڕانەوەیە له یەزدان داوا بکات یەزدان داواکانی بەدی دەهێنێت ولێی دەبوورێت .

٤٥- پێویستە هەمیشە مردن وگۆڕ وڕۆژی دواییمان له یاد دبێ .

٤٦- مرۆڤی خاوەن باوەڕ هەمیشە رۆژانی دوو شەممە وپێنج شەممە وسێ رۆژە سپییەکە (ايام البيض) بە رۆژو دەبێت.

٤٧- پێویسته پاڕانەوەکانی ڕۆیشتنە ژوورەوەی ماڵ ومزگەوت ولە بەرکردنی جلوبەرگ وخواردن وخواردنەوە وخۆپاك کردنەوە پەیڕەو بکات .

٤٨- جێبەجێ کردن وئەنجامدانی ئەو مافانەی کەوتووەتە سەر خۆی وسامانەکەی ، لەشێوەی مافی باوك ودایك وخێزان ودەرهاوسێییەکانی ومافەکانی یەزدان .

٤٩- پێویستیەکانی ڕۆژی هەینی ئەنجامبدەین لە شێوەی خۆشۆرین وبۆن خۆشکردن وجلوبەرگی جوان لە بەرکردن ، گەڕان بە دوای ئەو کاتانەدا بگەڕێن کە پاڕانەیوەی تێدا پەسندە ، لەگەڵ خوێندنی سوورەتی (کهف) وسەلاوات دان لەسەر پەیامبەری خۆشەویست .

٥٠- ڕۆژەکەمان بە تۆبەی (نصوح) ئەگەڕانەوە وداوای لێبوردن بە ترسەوە کۆتایی پێ بهێنێن .

## ﴿ئامۆژگاری وڕێنمایەکانی پەیامبەری خۆشەویست بۆ هاوەڵی بەڕێز أبي ذرّ الغفاري﴾

(ئەبی ذەر)ی هاوەڵی پەیامبەر فەرموویەتی ، ڕۆیشتم بۆ مزگەوت بینیم پەیامبەری خۆشەویست بە تەنیادا دانیشتووە ، لە تەنیشتییەوە دانیشتم ، وتم ئەی نێردراوی خوا ، ئێوە فەرمانتان پێم داوە نوێژ بکەم ، فەرمووی ( نوێژ چاکترین مەبەستە ، نوێژ زۆر بکە ) وتم کام کردە چاکترە فەرمووی (باوەڕ هێنان بە یەزدان وجیهاد کردن لەو ڕێگەیەدا ) وتم لە باوەڕداران کامەیان چاکە ، فەرمووی (ئەوانەی ڕەوشتیان جوانە) وتم کام ئیسلام چاکە فەرمووی (ئەو ئیسلامە چاکە ئیسلامەکان لە دەست وزمانی ئاراموبێ زیان بن ) وتم کام کۆچ کردن چاکە ، فەرمووی (کۆچ کردن ودوور کەوتنەوە لە گومڕایی ) وتم کام نوێژ چاکە فەرمووی (ئەو نوێژەی قنوتی بە درێژایی تێدا بخوێنرێ) وتم کام کۆیلە چاکە فەرموویان (ئەوەیان نرخەکەی زۆرە ولای خاوەنەکەی بە نرخە) وتم کام چاکە وخێر چاکە ؟ فەرمووی (هەوڵ بدەی زۆرتر بدەی وبەنەهێنێ بینێریْ بۆ هەژاران ) وتم کام ئایەت دابەزی بۆت بەلاتەوە چاکە ، فەرمووی (آية الكورسي) فەرموویان ئەی ئەبا ذر ( ئەم حەوت ئاسمانە لەگەڵ کورسی ، لەشێوەی بازنەیەکە لە دەشتێکی چۆڵدا دانرا بێ ، گەورەیی عەرشی خودا لەگەڵ کورسیدا لە شێوەی ئەو دەشتە بەرین وفراوانەیە کە بازنەکەی تێدایە) وتم ئەی نێردراوی خودا ، پەیامبەرانی خودا چەندن ، فەرموویان (سەد وبیست چوار هەزار پەیامبەرن ) وتم چەندیان نێردراون ؟ فەرمووی (سێ سەد وسیانزە ) وتم یەکەمیان کێیە فەرموویان (ئادەم) وتم پەیامبەرەو نێردراوە ، فەرموویان (بەڵێ ، یەزدان بە دەستی خۆی دروستی کرد گیانی وەبەریدا کرد) پەیامبەر فەرمووی (ئەی ابي ذر ، چواریان سریانین ، ئادەم وشیت وخنوخ ، کە ئیدریسە وئەو بۆ یەکەم جار بە پێنووس نووسینی کرد ، نوح ) وەچواریان عەرەبن ئەوانیش

هود وشعیب وصالح پەیامبەرەکەت، یەکەم پەیامبەری ئیسرائیلی موسی ودوایەکەیانیش عیسی ، یەیەکەم نێردراوان (ئادەم)ە ، دوایەکەش (محمد) (ﷺ) ودەم چەند پەرتووك دابەزیوە فەرموویان (سەد وچوار پەرتووك) (بۆ سەر شیت) پەنجا پەڕە وبۆ خنوخ سیی وبۆ ئیبراهیم (دە) لە پێش دابەزینی تەورات( دە) پەڕاو بۆ موسا دابەزی لە دوایدا (تەورات وئینجیل وزبور وفرقان ) دابەزی ودەم پەڕاوەکانی برایمی پەیامبەری چی بوون ، فەرمووی (بریتی بوون ، لەم چەند ڕێسپتانە)

(ئەی پاشای خۆسەپێن ، تۆش بۆی لوت بەرزی ولەخۆ بایی بوون ، من تۆم نەناردووە ئەم جیهانە بە سەر یەکدا کۆ بکەیتەوە ، من تۆم نەناردووە ، وەلامی داوای زۆر لێکراوان بدەیتەوە ،من داواکاریەکانی زۆر لێکراوان نادەمە دواوە نایگەڕێنمەوە ، ئەگەر زۆر لێکراوەکە بێباوەڕو کافریش بێت ، لەبەر ئەوەی پێویستە لەسەر پیاوی ژیر ، چەند کات وساتێکی دیاری کراو بۆ خۆی تەرخان بکات ، کاتێك بۆ پاڕانەوەو داواکردن لە یەزدان ، کاتێك بۆ لێپرسینەوە لەگەڵ ناخی خۆیدا لە ماوەی رابوردوویدا چی کردووە ، کاتێك بۆ بیر کردنەوە لەو دروستکراوانەی یەزدان ، دروستیانی کردووە ، کاتێك بە بۆشایی دابنێت بۆ پێۆی وخواردن وخواردنەوە ، پێویستە لەسەر پیاوی ژیر لە ئەم سێ کارگوزاریە زیاتر ئەنجام نەدات .

أ— هەوڵدانی زۆر بۆ یەزدان پەرستی وبەندایەتی کردن ، هەوڵدان لە پێناوی بژێویدا ، چێژ بینین لەو کارانەی یەزدانی مەزن رەوایانی بینیوە پێمان پێویستە لەسەر پیاوی ژیر بە چاوێکی تیژ وژیرانەوە سەیری ئەو کات وسەردەمە بکات کە تێدا دەژێن ، روو لە بەختەوەری وسەر کەوتنی خۆی بکات ، زمانی خۆی بپارێزێ لە وشەی خراپە ونالەبار لە کاتی وتەبێژی وئەنجامدانی، پێویستەکەم بدوێ ، تەنها ئەو وتەو وشانە بێژێ کە پەیوەندی بە خۆیەوە هەیە

وتم نێردراوی خودا ، پەڕاوەکانی خودا بۆ (موسی) چی بوون ، فەرموویان (هەمووی پەند وانە وەرگرتن بوون بۆ ئادەمیزاد ئەمانە بوون )

١- زۆر سەرم سووڕما لە کاری ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە مردن هەیە ، لە هەمان کاتدا دڵشادن .

٢- سەرم سوڕ دەمێنێ لە کاری ئەو کەسانەی کە باوەڕیان بە (قدەر)ەکانی یەزدان هەیە ، لە ئەنجامدا ، بەرنامە بۆ کارەکانی دادەڕێژێ وئەنجامیان دەدات.

٣- سەرم سووڕما لەو کەسانەی ئەم جیهانە بە چاو دەبینن بە چی جۆرێك ئاڵوگۆڕ وخواروژوور وژێروبان بە دانیشتوانەکانی خۆی دەکات لە هەمان کاتدا بە دڵ ئارامیەوە تێیدا دادەنیشن .

٤- سەرم سوڕما لەکاری ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ڕۆژی لێپرسینەوەی سبەینێ هەیە ، سەرەڕای باوەڕەکەیان کاری چاکەیشی بۆ ناکەن وتم ئەی نێردراوی خودا ، لەم جیهانەدا شتێك هەیە ئاماژە بۆ ئەو بەڵگەنامانە بکات کە بەدەستی (ئیبراهیم وموسی) وە هەبووە ، کە لەلایەن یەزدانەوە بۆیان دابەزیوە ، فەرموویان (بەڵێ ئەم ئایەتە پیرۆزە بەڵگەیە )

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ قَدْ أَفْلَحَ مَن تَزَكَّىٰ ﴿١٤﴾ وَذَكَرَ ٱسْمَ رَبِّهِۦ فَصَلَّىٰ ﴿١٥﴾ بَلْ تُؤْثِرُونَ ٱلْحَيَوٰةَ ٱلدُّنْيَا ﴿١٦﴾ وَٱلْـَٔاخِرَةُ خَيْرٌ وَأَبْقَىٰٓ ﴿١٧﴾ إِنَّ هَٰذَا لَفِى ٱلصُّحُفِ ٱلْأُولَىٰ ﴿١٨﴾ صُحُفِ إِبْرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ﴿١٩﴾ ﴾ (الأعلى: ١٤ – ١٩ ).

وتم ئەی نێردراوی خودا ئامۆژگاری ورێنمایم بکەن ، فەرموویان (ئامۆژگاری ورێنمایت دەکەم بۆ خوا پەرستی ، ئەمە کارێکی سەرەکیە بۆ ئەنجامدانی کارەکانت ) وتم زیاترم پێ بڵێ ، فەرموویان (خوێندنی قورئان وبەیاد هێنانەوەی یەزدان لەئاسماندا بەندایەتی ویەزدان پەرستییە ، لە زەویدا ڕووناکی وچاککردنە ) وتم زیاترم پێ بڵێ فەرموویان (وریای خۆت بە زۆر پێکەنێت ، پێکەنینی زۆر مایەی مردنی دڵ ولابردنی ڕووناکی وگەشی

دەموچاوە ) وتم ئەی نێردراوی خودا زیاترم پێ بڵێ فەرموویان (پێویستە جیهاد بکەیت ، جیهاد پێشەوای هەموو کارەکانی گەل وکۆمەڵگەی منە) وتم زیاترم پێ بڵێ ، فەرموویان (پێویستە بێ دەنگ بی جگە لە چاکە وتن، بەم کارەت شەیتان لە خۆت دوور دەکەیتەوە ئەم کارەت دەبێ بە یارمەتیدەرێك لە ئەنجامدانی کارەکانی ئاینەکەتدا ) وتم زیاترم پێ بڵێ فەرموویان (لە کاتی هەڵسوڕاندنی کارەکانی بژێویدا سەیری پلەی سەرەوەی خۆت مەکە ، ئەم کارەت دەبێتە هۆی ئەوەی ئەو نیعمەتانەی یەزدان پێتی بەخشیوە لە یادیان نەکەیت ) وتم زیاترم پێ بڵێ فەرموویان (پەیوەندیت گرێ بدە بە کەسەکانتەوە ئەگەر ئەوانیش پەیوەندی نەکەن ) وتم زیاترم پێ بڵێ فەرموویان (تەنها راست بڵێ ئەگەر گوتنەکەتیش تاڵ بێت ) وتم زیاترم پێ بڵێ ، فەرموویان ( لە پێناوی ئەنجامدانی فەرمایشتەکانی یەزداندا لە کەس مەترسە لەو کەسانەی کە تیر ووتوانجت تێدەگرن) ، وتم زیاترم پێبڵێ ، فەرموویان (ئەو کارە ناهەموارانەی لە خۆتا فێریان بووی ، لەو کارە ناهموارانەی دورت دەخەنەوە کە لە خەڵکدا رچاوی دەکەوێت ،ئەو کارە شورەیەی لە خۆتدا دەبینی ، ئەوە بەسە بۆ تۆ بۆ ئەوەی لە خەڵکە وەفێری دەبێت ) .

دەستی پیرۆزی دا لەسەر سنگم وفەرموویان (هیچ بیرو هۆشێك وەك هەموار کردن ویەك دەنگی نییە ، هیچ یەزدان پەرستێك لە دەست هەڵگرتن لە تاوانەکان گەورەتر نییە ، هیچ کارێکی جوان لە رەوشت بەرزی بۆ مرۆڤ جوانتر وچاکتر نییە )

## (سزاکانی ناو گۆڕ وبەهەشت وژیانی بەرزە)

﴿ ٱلنَّارُ يُعۡرَضُونَ عَلَيۡهَا غُدُوّٗا وَعَشِيّٗاۚ وَيَوۡمَ تَقُومُ ٱلسَّاعَةُ أَدۡخِلُوٓاْ ءَالَ فِرۡعَوۡنَ أَشَدَّ ٱلۡعَذَابِ ٤٦ ﴾ غافر: ٤٦)

باوەڕ هێنان بە ڕۆژی دوای وبەو هەواڵانەی پەیامبەری خۆشەویست (ﷺ) پێمانی ڕاگەیاندووە کە ڕوو بەڕوویان دەبینەوە لە دوای مردن ، پێویستە لەسەر مرۆڤی خاوەن باوەڕ باوەڕی تەواوی هەبێت بەسزاوئازارەکانی ناو گۆڕ وبەژیانی بەرزەخی ، هەموو مرۆڤێك لەدوای مردن لە گۆڕەکەیدا بە پلەی تاقیکردنەوەدا تێدەپەڕێت ، پرسیاری لێدەکرێت (من ربك من نبيك ومادينك) لەدوای لەم تاقیکردنەوەیە یان ئەشکەنجە وئازاردانە یان ژیانی بەرزەخی وبەهەشتە ، یان گۆڕەکەی دەبێتە بەشێك لە ئاگری دۆزەخ یان دەبێتە بە بەشێك لە بەهەشت ، پەیامبەری خۆشەویست دەفەرمووێت گۆڕ (اما روضة من رياض الجنة او حفرة من حفر النار) ترمذي .

مامۆستا وزانایانی ئاینی خودا لێیان ڕازی بێت لەم بارەیەوە زۆریان بۆمان نووسیوە ، لە پەرتوکە دێرینەکان ونوێیەکاندا بۆمانیان ئاشکرا کردووە ، ئەم هەنگاوەیش لەو پێناوەدا نووسراوە ئێمە باوەڕ بەنادیار وڕۆژی دوایی بهێنین ، بۆ ئەوەی تێبگەین لە دوای مردن چیمان بەسەر دێت ، امامی (المنسفي) لە پەرتووکی (المنسفيه) کە ناوی (عمر کوڕی محمد کوڕی احمد نجم الدين النسفي)ە لە ساڵی (٥٥٦) کۆچیدا نووسیویەتی (سزا وئازاری گۆڕ بۆ کافران وبێباوەڕانە ، گۆڕ بۆ خاوەن باوەڕان ژوورێکە لە ژوورەکانی بەهەشت ، ئەو پرسیارانەی (نکير ومنکر) لە پاش مردن دەکرێت لە زۆر جێگادا سەلمێندراوە ، ئەمەیش بە گوێرەی چەند ئایەتێك وفەرمایشتەکانی پەیامبەری خۆشەویست ، لەوانە سوورەتی غافر ئایەتی ٤٥ دەفرمووێت بۆ نەتەوەی فیرعەون :

قال تعالى: ﴿فَسَتَذْكُرُونَ مَا أَقُولُ لَكُمْ وَأُفَوِّضُ أَمْرِي إِلَى اللَّهِ إِنَّ اللَّهَ بَصِيرٌ بِالْعِبَادِ (٤٤) فَوَقَاهُ اللَّهُ سَيِّئَاتِ مَا مَكَرُوا وَحَاقَ بِآلِ فِرْعَوْنَ سُوءُ الْعَذَابِ (٤٥) النَّارُ يُعْرَضُونَ عَلَيْهَا غُدُوًّا وَعَشِيًّا وَيَوْمَ تَقُومُ السَّاعَةُ أَدْخِلُوا آلَ فِرْعَوْنَ أَشَدَّ الْعَذَابِ (٤٦)﴾ (غافر)

هەروەها (ابن عەباس) لە دەمی پەیامبەرەوە دەیگێڕێتەوە دەفەرمووێت (تعرض ارواحهم على النار غدوا وعشيا ، وهذا قبل يوم القيامة يعرضون على النار صباحاً ومساء، ويوم تقوم الساعة يقال لهم ادخلوا ال فرعون اشد العذاب دخولا مؤبدا) .

پەیامبەری خۆشەویست لە یەکێك لە وتەکانیدا دەفەرمووێت (ان النبي مر بقبرين فقال انهما يعذبان ومايعذبان في كبير اما احدهما فكان يمشي بالنميمة واما الاخر فكان لايستنقذه من بوله) بخاری .

لەم بارەیەوە ژمارەیەکی زۆر لە وتە پیرۆزەکانی پەیامبەری خۆشەویست هەیە باس لە ئەشکەنجە وئازارەکانی گۆڕ وژیانی بەرزەخ وبەهەشت دەکەن ، ژمارەیەك لەم باوەڕە لایان داوە ، بەڵگەیان ئەوەیە گوایە ئازار وبەهەشتی گۆڕ بە چاو نابینن ، دەڵێن مردوو پارچە گۆشتێکی وشك مەیوە گیانی تێدا نییە ، بەهیچ جۆرێك ناگونجێ ئازار وئەشکەنجە بدرێت ، ئەم گروپە بەهەڵەدا چوونە وبەڵگەیان تەنها خەیاڵە ، ئەمە وڵامەکەیانە ، مرۆڤ لە جیهانی گۆڕدا گیان ناگەڕێتەوە بۆ لەش هەر وەکو لە دونیادا لە دەژیان کە دەمارە خوێنبەرەکان خوێن بە لەشیاندا خوارو ژوور بکەن ، بەڵام هەست دەکات بە ژیانی هەست کردن ، بە هۆیەوە دەتوانێ هەست بە ئازارو وبە شادی بکات ، ژیانی بەرزەخی ژیانێکە تایبەتە ، لەم ژیانەدا مردووەکان دەبیستن وهەست دەکەن ، بەڵگەمان بۆ ئەم راستییە ئەمەیە لە وەڵامیاندا دەڵێن ، پەیامبەری خۆشەویست (ﷺ) لە

گەڵ کافران وبێباوەڕاندا دەدوا لەدوای کوشتنیان کاتێ خستنیانە نێو (قلیب البدرە) ەوە فەرموویان (ئەی فلانی کوڕی فلان ئەی فلانی کوڕی فلان ) بە ناوی خۆیانەوە بانگیانی دەکرد (اني وجدت ما وعدني ربي حقا فهل وجدتم ماوعد ربكم حقاً) گەورەمان عومەری کوڕی خەتاب (خ) فەرموویان (ئەی نێردراوی خودا ، لەگەڵ مردوواندا دەدوێیت کە نابیستن ؟) فەرمووی (ما انت باسمع لما اقول منهم ) البخاري ومسلم . گیانی ئادەمیزاد لەدوای تێکچوونی لەش پەیوەست دەبێت بە ئەندامێك یان بە بەشێکی زۆر کەمی لەشەوە ، بەلام نایجولێنێ لەبەر ئەوەی لە ژێر رکێفی ئەودا نییە ، دوور نییە یەزدانی گەورە لە هەموو بەشەکانی لەشی ئەو مردووەدا و یان تەنها لەیەك بەشدا ، جۆرە ژیانێك دروست بکات بە گوێرەی ئەوەی هەست بە خۆشی وئازار وئەشکەنجە بکات ، بەم شێوەیە ئیتر پێویست بە گەڕانەوەی گیان ناکات بۆ نێو لەش کە بیجولێنێ یاخود جێگەی ئەشکەنجە وئازاردان بە لەشیەوە دیار بێت ، هەر بەم شێوەیە تەماشای خنکاوانی ناو ئاو ئەوانەی دڕندە دەیانخوات ویان لە جێگەیەکی بەرز هەڵواسراوان دەکەین ، ئەم شێوەیە بە گوێرەی خەوتویەك تەماشا دەکرێت کە خەو ببینێ وئێمەش لە پێشیدا دابنیشین ، لەم کاتەدا ئێمە بە هیچ جۆرێك تێناگەین ئەو خەوەی ئەو مرۆڤە خەوتووە لە خەوەکەیدا ئەشکەنجە وئازار دەدرێت یان لە خۆشیدایە ، ئەم شێوەیە دەتوانین بەسەر فیرعەونی مۆمیاکراودا بسەپێنین ، بەگوێرەی ئایەتی (وحاق بال فرعون اشد العذاب) بێگومان هەمیشە لە ئەشکەنجەدایە بەبێ ئەوەی ئاسەواری ئەشکەنجە وئازار بەلەشیەوە دیاربێت بە کار هێنانی وشەی (عذاب القبر) ئەشکەنجە وئازاردانی نێو گۆڕەکە بۆ گشتی بەم شێوەیە بەکار دەهێنرێ ، مەرج نییە ئازار وئەشکەنجە لە دوای مردن تەنها لە نێو گۆڕدا بێت ، بۆ ئەم مەبەستە وزیاتر روون کردنەوەی دەتوانین سەیری پەرتووکی شیکراوەی (النسفیە ) بکەین ، لە نووسینی (التفتازانی) ١٨٠-

١٨٤ك . گۆڕ ئەو جێگە دواییە کە پارچەکانی لەشی ئادەمیزاد لە پاش مردن ئارامی تێدا دەگرێت ، گیانی مرۆڤ لە دوای مردنی پەیوەست دەبێت بە شتێکی زۆر بچوکی لەشەوە ، لەبەر ئەم هۆیە بۆ سەلماندنی ئەم ڕاستیە زانایانی ئاینی فەرموویانە ئەشکەنجە و ئازار دانی ئادەمیزاد لە دوای مردنی بۆ لەشو بۆ گیانە لەیەك کاتدا ، لە پەرتووکی (کشف الظنون عن اسامي الكتب والفنون) لە نووسینی (الامام ابی عبدالله محمد الشيباني)

دا بەم شێوەیە نووسراوە

| | |
|---|---|
| وان عذاب القبر حق وانه | على الجسم والروح الذي فيه الحدا |
| ومنكرةً ثم النكير بصحبةٍ | هما يسألان العبد في القبر مقعدا |

وكما قال صاحب كتاب (الجوهرة)

سؤالنا ثم عذابُ القبرِ        نعيمهُ واجب كبعث الحشر

لەسەر ڕووناکی ئەم خاڵانەی سەرەوە ، هەر کەسێك باوەڕی نەبێت بە ئازار وئەشکەنجەی نێو گۆڕ ، یان گاڵتەی پێبێت ، ئەم گروپە دەکرێن بە دوو بەشەوە یان مرۆڤێکی زانایە ، یان مرۆڤێکی نەزانە ئەگەر زانایەکی ئیسلامە خۆی دوور دەخاتەوە لە هاو باوەڕی وهاودەنگی کۆمەڵگەی زانایانی ئیسلام (السواد الأعظم) بە پێچەوانەیانەوە هەڵسوکەوت دەکات ، بێگومان ئەو مرۆڤە ڕێگەی بزر کردووە ، کۆمەڵگەی زانایانی ئیسلام هیچ نرخێکی بۆ دانانێت لەبەر ئەوەی ڕای ڕاستی بەدەستی کۆمەڵگەی زانایانی ئیسلامەوەیە ، ئەو مرۆڤەی بە نەزانی بە پێچەوانەی ئەم ڕاستیانەوەیە ، پێویستە لەسەری خۆی زانیار بکات باوەڕ بەم ڕاستیانەو بە (الذين يؤمنون بالغيب) بهێنێت وخۆی ڕاست بکاتەوە بڕواتە ڕێزی ئەندامانی کۆمەڵگەی پیاو چاکان وزانایانی ئیسلامەوە ، بەهۆی ئەم گۆڕانکارییە هزریەوە دەتوانێت خۆی ڕاست بکاتەوە ڕەزامەندی یەزدان بە دی بهێنێت .

## کورتە ئامۆژگارییەکانی پێشەوا محمد

## نیشتمان پەروەری

لە مانگی ئابی ساڵی ١٩٥٨ لە یەکێك لە کۆبوونەوەکانی خۆئامادە کردن بۆ پێکهێنانی (رێکخراوی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان) لە گەڕەکی شۆڕیجە ئەم چەند رێنمایی وبۆچوون وئامۆژگاریانەی پێشکەش کرد دەربارەی باری گشتی گەلی کورد لە کوردستاندا.

١- یەزدانی گەورە ئاگاداری نێو دڵی منەو وئەو وشانەی من دەمەوێت ئاشکرای بکەم لەلای ئەو ئاشکرایە وئێوە نایزانن چی ئەڵێم ، پیاوێکی کوێر چەندە شادمان دەبێت ئەگەر یەزدانی بەخشندە ومیهرەبان دوو چاوی ساغی بداتێ منیش بە گوێرەی شادمانی ئەو پیاوە دڵشاد دەبم ئەگەر گەلی کورد لە هەموو جیهاندا یەك بگرن ودەسەلاتێکی سەربەخۆ دروست بکەن لە شێوەی ئەو هەموو گەلانەی نێو جیهان کە ئێستا لە وڵاتەکەی خۆیاندا بەئاشتی وسەر بەخۆیی دەژین ، بەلام زۆر بەداخەوەم هەر چەندە بیر دەکەمەوە ناگەم بەو ئامانجەی ئەم دەستکەوتە گەورەیە لەم رۆژانەدا بەدەست بکەوێ ئەگەر پێشەکی ئەم خالانە ئەنجام نەدرێت وپەیرەو نەکرێت .

٢- یەکگرتنی ویەکبوونی گەلی کورد بە گشتی بەیەك دڵ وبەیەك گیا نوبە یەك بیر وباوەڕ لە ژێر یەك ئالا ویەك سەرکردایەتیدا ، بە گوێرەی پەیمانە پیرۆزەکەی (بدرخان) کە لەگەڵ سەرکردە وئەمیرە کوردەکاندا لە (دوورگەی ابن العمر) مۆریان کرد ئەم مرجانەیش تەنها یەزدان دەتوانێ کات وبوونی بۆ دروست بکات وپاش قوربانی وهەوڵ وخەباتێکی دوور ودرێژ بە ئەنجام دەگەیەنێ .

هەرچەند گیرۆدەی بەسەر وەفایێتی یارە  کوێر تادەمرێ بە تەمای چاوە
ئەمن پێشمەرگەی عومرم پایینا لە هەفتا  گیانم ومالم وچاوم بۆ کورد داناوە
وەسیەتێش ئەکەم بۆ نەوەکانم  بۆ خزم وعەشرەت دڵسۆزەکانم
لە دوای مردنم یادم بکەنەوە  پەیڕەوی بکەن وەسیەتەکانم

ب- پشت بەستنی تەنها بە یەزدانی گەورەو مەزن وبە گەلی کوردی ئیسلام ئەمەش بە گوێرەی ڕێنمایەکانی قورئانی پیرۆزو وتە بە نرخەکانی پەیامبەری خۆشەویست ئەنجام دەدرێت .

ج- ئەگەر بەم شێوەیە کار نەکەین سەر ئەنجامی ئەم جارەمانیش هەر وەك ئەنجامی شۆڕشەکانی ئارارات و پشت کۆو وبارزان ومهاباد وشێخ مەحمود دەبێ وئەنجامەکانیشی بە کارەسات تەواو دەبێت .

د- پشت بەستن بە دەرەکی وبێگانە ، ئەنجامی مایەی سەر لێشێوانە .

هـ- خاکی کوردستان وگەلەکەی لە شێوەی دارێکی بەری زۆر ناسك وجوانە پڕە لە پیت وبەرەکەت ، لە جێگەیەکدا ڕواوە هەر چوار لای بە ئاگر گیراوە ، ئەم ئاگرانە هەموویان هەوڵ دەدەن ئەم درەختە ناسکە بکەن بە سووتەمەنی و بە خواردنی خۆیان ، ئەو لایەنەی توانیویەتی ئەو چوار بەشە ئاگرە دروست بکات وهەمیشە بە (کوانۆکێشە) کەی دەستی گڕوبڵێسەی خۆش تر دەکات ، لەو باوەڕەدا نیم لەبەر خاتری چاوی ڕەشی کورد ئەو ئاگرە بکوژێنێتەوە ،یان ئێمەیش بکات بە ئاگری چوارەم لە دژی ئەوان بەلای منەوە ئەمەیش مەحاڵە .

و- مێژووی ئێمە هەر وەها هاتووە ناحەزەکانمان بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان دەمانخەنە سەر شانیان هەتا کارەکانیان بە ئەنجام دەگات ، ئیتر کاریان پێما نامێنێت ودامان دەبەزێنن بۆ ئەو جێگەیەی کە لە پێشدا تێدا بووین یان چەند هەنگاوێك دواتر ، ئەمیش کاتێك ئەنجام دەدەن گرنگترین ئەندامی لەشمان دەگرن وناچاری دابەزینمان دەکەن .

## پێویستی بوونی کۆمەڵایەتی لە کۆمەڵگەدا

قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلنَّاسُ إِنَّا خَلَقْنَٰكُم مِّن ذَكَرٍ وَأُنثَىٰ وَجَعَلْنَٰكُمْ شُعُوبًا وَقَبَآئِلَ لِتَعَارَفُوٓا۟ ۚ إِنَّ أَكْرَمَكُمْ عِندَ ٱللَّهِ أَتْقَىٰكُمْ ۚ إِنَّ ٱللَّهَ عَلِيمٌ خَبِيرٌ ﴿١٣﴾ ﴾ (الحجرات: ١٣)

یەزدانی گەورە ئەم مرۆڤانەی سەر گۆی ئەم زەویەی دروست کردووە لە ئادەم ولە حەوا کردوومانیە بە چەند گەل وهۆزێکەوە وهەر گروپێك ناوێکی تایبەتی خۆی هەیە جیاکراینەتەوە بە چەند رەگەز ورەنگێك ، بۆ ئەوەی یەکتری بناسین ولەیەك نزیك ببینەوە ، بەو ناسینە ولەیەك نزیك بوونەوەیە دەتوانین لە ئازارەکانی یەکتر بگەین ویارمەتی یەك بدەین لە کاتی پێویستیدا ، ئەم دروست بوونی شێوەی جۆراوجۆر ورەنگە نابێ بە هۆی دروست بوونی خۆ بە زل زانین وخۆ هەلکێشان وجیاوازی پەیدا کردن ولەیەك دابڕان ئەم کۆمەڵگەیە وگروپانە پێویستە هەر جۆرێ بەر پرس وسەرکردەیکی هەبێت هەتا بتوانێ بەر پرسی خۆی هەلبسێت وگروپەکەی خۆی لە یەك نزیك بکاتەوە ویارمەتی لایەنەکانی تر بدەن پەیامبەری خۆشەویست دەفەرموویت (کلکم راع وکلکم مسؤول عن رعیته) متفق علیه .

هیچ ئەندامێك لە کۆمەڵگەی ئیسلامیدا نیە بەرپرس نەبێت ، ئەمیش هەر کەسێك بە گوێرەی پلە وپایەی خۆی ، لە ئایینی ئیسلامدا هیچ ئەندامێك نییە لە بیر کرا بێت و بە بێ بەر پرس مابێتەوە هەموو ئەندامێك ژمێر دراوە بەبەردی بناغەی ئەم کۆمەڵگەیە .

١- سەرۆکی دەوڵەت بەر پرسە لە دانیشتوانی وڵاتەکەی رێنماییان بکا بۆ چاکە .

٢- پیاو – پێویستە خێزان وماڵەکەی بە خاوەن بکات ، لە پۆشاك وخواردن وخواردنەوە وپەروەردەکردن کەم تەرخەمی نەکات .

٣-  ئافرەت لە کاتێکدا پیاوی ئامادە نەبێت بەر پرسە هەروەها کورو خزمەت کارەکانیش بەر پرسێتی دەکەوێتە ئەستۆیان .

٤-  وەستا محمد دەیفەرموو ئەگەر حەوت کەس لە جێگەیەکدا بوون پێویستە یەکێك لە خۆیان بەبرا گەورەو جێگەی پر سوپا دابنێن ، پێشینان وتویانە (پێویستە بە حەوت مریشك کەڵەبابێکیان هەبێت) هەر گروپێك ئەگەر بە بێ پرس وسەر گەورە بێت لە ئەنجامدا خۆیان بە خۆیان دەتوێنەوە ، دوژمنەکانیان هەست بە بێ توانابیان دەکەن وسەرئەنجام سەر دەکەوێت بەسەریاندا

# پرسیار كردن شێوەی زانیاری وتێگەیشتنە

## پێگەی زانستی لە ئیسلامدا

هەموو مرۆڤێك لەو رۆژەوە دەكەوێتە سەر رووی ئەم زەوییە هەتاكو ئەو رۆژەی ماڵ ئاوایی وكۆچی دوایی دەكات ، پێویستی بە زانست وفێر بوون هەیە ، چی لە رێگەی خوێندنگە وداشگەكانەوە بێت یان بە هۆی هەوڵدانی تاكە كەسییەوە بە چەند رێگەیەكی جیاواز ، پەیامبەری خۆشەویستمان فەرمانی داوە بەسەر هەموو مرۆڤێكی خاوەن باوەڕدا فێری زانیاری بێت وتێبكۆشی وهەوڵی بۆ بدات  بە هەموو نرخێك ئەگەر ئەو زانیارییە لە رێگای دووریش بە دەست بكەوێت ، پەیامبەری خۆشەویست دەفەرمووێت (اطلب العلم ولو في الصين) ئەمەیش لە پێناوی ئەوەدا فەموویان پێویستە مرۆڤی ئیسلام زانا بێت بە گوێرەی دەسەلات وتواناى خۆی ، مرۆڤی نەزان وتەفام لە هەردوو دونیادا بەختەوەر نابێ ، پەیامبەری خۆشەویست هەمیشە ویستوویەتی كۆمەڵگەكەی لە بەختەوەریدا بژێن لە هەر دوو دونیادا . زانین تەنها بە خوێندن ونووسین تەواو نابێ پێویستە پرسیار كردن لە هەموو هەنگاوەكاندا لە شانی وپەراهبەری بێت ، پێویستە لەسەر هەموو مرۆڤێك لە ژیانی خۆیدا پرسیار لە خۆی زاناتر وبەتەمەن بكات ، بە تایبەتی بۆ دەستەی خوێندكارانی رێبازی رێگەی زانین، پێویستە هەمیشە پرسیار بكەن وئاستی زانیاری خۆیان بە پرسیار كردن زاخاو بدەن وبەرەو پێشەوەی بەرن ، پێشیان گوتویانە (پەرسابە ئەگەر پەرسەش تەر سابێ) بە مانای هەمیشە پرسیار بكە ئەگەر ئەوكەی پرسیاری لێدەكەی (تەرسا) جولەكەیش بێ زانایانمان گوتویانە

١- هەمیشە ئەو پرسیارە لە خۆت بكە ، ئایە من بە چییەوە خەریكم .

٢- داوا بكەن هەتا بتاندرێتێ .

٣- هەوڵ بدەن تا فێر دەبن .

٤- لە دەرگا بدەن هەتا لە رووتاندا دەكرێتەوە .

لە خۆبایی بوون ولووتبەرزی تاوانە .

یەزدانی گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت (قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿١٨﴾ ﴾(لقمان: ١٨) ، ئەو مرۆڤانەی شەیتان ڕۆیشتووەتە نێو دڵومێشکیانەوە لە خۆبایی بوون ولووت بەرزن وخۆیان بە گەورەو دەزانن ، وا بیر دەکەنەوە گوایە هیچ جۆرە ناشیرینی وشورەیەکیان پێوە دیار نییە لە ڕاستییدا خۆ بەزل زانینەکەیان گەورەترین کاری ناشیرینی وشورەیە هەموو مرۆڤێك بە زەقی بە نێو چاوانیانەوە دبینێت ونەفرەتیان لێدەکات ، ئەم جۆرە مرۆڤە لە خۆباییبوانە ئەگەر هەست بکەن کارێکی ناشیرینیان تێدا ڕەچاو کراوە ، بەلایانەوە زۆر گرانە گوێ لە ڕەخنە ورێنمایی خەڵك بگرن ، ئەگەر گوێیان لە وشەی ڕەخنە ورێنمایی بو لەلایەن هەر مرۆڤێکەوە بە هیچ جۆرێك هەڵی ناگرن وپەیڕەوی ناکەن ، لە هەمان کاتدا ژمارەیەکی کەم هەیە لە کۆمەڵگەی ئیسلامدا بە دوای پیاو چاکاندا بگەڕێین وگوێ لە ڕێنمایەکانیان بگرن وپەیڕەوی بکەن پەیامبەری خۆشەویست لە بارەی ئەو کەسانەوە فەرموویانە کە خۆیان بە زل دەزانن ، (لا يدخل الجنة من كان في قلبه مثقال ذرة من كبر)رواه مسلم هەروەها دەفەرمووێت (ثلاثة لا يكلمهم الله يوم القيامة ولا يزكيهم ولا ينظر اليهم ، ولهم عذاب اليم ، شيخ زان ، وملك كذاب ، وعائل متكبر) مسلم . لە مانگی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٦٠ لە کەرکوك لە گەڕەکی (سەر کارێز) بە بۆنەی ژن هێنانی پیاوێك بە ناوی (ح) پیاوێك بەناوی (ی) بەشداری کرد لە شایەکەدا بە جلوبەرگێکی نایاب بە چەك وتەقەمەنیەوە بە سواری ماینێکی زۆر چاك ، بە گیانێکی زۆر لە خۆبایی بونەوە ، وەستا محمد گوتی لە ناو پێی ، (ئایە دەزانێت ئەم سەروسیمایەتان لە ڕۆژی قیامەتدا لە شێوەی (گەنە مێرووڵە) یەکدا زیندوو دەکرێتەوە ولە ژێر پێی خەڵك دەمێنێت ،

ئەگەر ئەم لەخۆبایی بوونەت واز لێنەهێنێت وتۆبە نەکەیت ، جیاوازی لە نێوان بەندەکانی خودادا نییە وکەس لە کەس گەورەتر نییە جگە لەو کەسانەی کە خودا پەرستی زۆر تر دەکەن)!

## پۆشینی پۆشاکی پاك وڕێك وجوان ڕەوشتی پەیامبەرمانە (ﷺ)

مرۆڤی خاوەن باوەڕ پێویستە پۆشاکی هەمیشە پاك وڕێك وجوانبێ ، جوانی پۆشاکی کۆئەندامی مرۆڤی ئیسلام یەکێکە لە ڕەوشتە جوانەکانی پەیامبەری خۆشەویست هاوەڵانی پەیامبەر پرسیاریان لێکرد ئەی نێردراوی خودا ئەگەر پیاوێك ویستی پۆشاك وپێڵاوەکانی نایاب وجوانبێ ، فەرموویان (ان الله جمیل ویحب الجمال ) بن مسعود ، بەواتای پۆشاکی پاك ونایاب وجوان ، گەوەزەیی لە خۆبایی بوونی تێدانییە ، ئایینی ئیسلام پاکە وتەنها پاکی پێویستە لە هەموو ئاینەکانی دیکە زیاتر گرنگی داوە بە پاك وخاوێنی وجوانی بەتایبەتی بۆ پۆشاکی کۆ ئەندامی لەشی مرۆڤ شێوەی ڕاگرتنی جوانی وڕێکی وپاکی مرۆڤی ئیسلام ، لە کۆمەڵگەکەماندا بە (عزة النفس) دەدرێتە پێنووس ، پێویستە مرۆڤی ئیسلام لە هەموو بارەیەکەوە نەفس بەرز بێ لە هەمان کاتدا ساکار وکراوە وروو گەش وجوان بێ دوور بێ لە ڕەوشتی سەر شۆڕی وملکەچی وبێهەوڵی وکار کزی وخۆبەستنی وهەڵواسین ورەوشت نزمییەوە ، ئەم جۆرە کارانە لە ڕەوشتی مرۆڤی ئیسلامەوە دوورن ، مل کەچ کرنی مرۆڤی ئیسلام بۆ مەبەستی دەسهاتوداهاتی تایبەتی ، دەبێت بە هۆی زیان گەیاندن بە برەوی وپێشکەوتنی ئایینی ئیسلام ، لە هەمان کاتدا نابێ مرۆڤێکی لە خۆبایی ولووت بەرز بێ وگوێ بە بەرژەوندی گشتی نەدات ویەزدانی لە بیر کردبێ .

لەمانگی تەمووزی ساڵی ١٩٦٠ لەگەڵ ڕەحمەتی وەستا محمد بەرەو مزگەوتی شێخ ئیسماعیل دەرۆیشتین لەگەرەکی شۆرجە-کرکوك بۆ نوێژی هەینی لە ڕێگە چاومان کەوت بە (٥٠) فلس لە بازاڕەکەدا کەوتبوو ڕەحمەتی بە سەریدا تێپەڕی وهەڵی نەگرت ، منیش هەر وەکو ئەو ، رووی لێم کرد وفەرموویان نازانم لەبەر گەوەزیتە بۆ ئەو پارەیە نەچەمایتەوە وهەڵی بگری یان لەبەر (عزت نفس) ، ئەگەر لەبەر لەخۆبایی بوونە ئەمە کارێکی چاك نییە ، ئەگەر لەبەر چاو

... بۆ خۆیان پێکیان دادەنایەوە ، لەپاشاندا فەرمانی پێم دا هەڵی
... لە سەرکاری مزگەوتەکەدا دانیشتوونە فەرمانەکەیم بە
جێگەیاند .

## «خێزانی خاوەن باوەڕ بەختەوەرە»

یەزدانی گەورەو میهرەبان لە باسی بەندە خاوەن باوەڕەکانی خۆیدا دەفەرموێت (قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَٱلَّذِينَ يَقُولُونَ رَبَّنَا هَبْ لَنَا مِنْ أَزْوَٰجِنَا وَذُرِّيَّـٰتِنَا قُرَّةَ أَعْيُنٍ وَٱجْعَلْنَا لِلْمُتَّقِينَ إِمَامًا ﴿٧٤﴾ ﴾ (الفرقان: ٧٤)

مرۆڤی خاوەن باوەڕی ڕاست کاتێك چاوی ڕووناك دەبێتەوە ودڵشاد وکامەران بەختەوەر دەبێت ، دەبینێت خێزان ومنداڵەکانی سەر قاڵی بەندایەتی یەزدانن ، کاتێ چاوی ڕووناك دەبێتەوە تەماشای خێزانەکەی دەکات پێی دڵشاد دەبێت وبەدەمیەوە پێدەکەنێت وئەگەر فەرمانێکی بەسەردا بدات جێ بەجێی دەکات ، ئەگەر لەماڵ نەبوو ماڵ وخێزانەکەی دەپارێزێ ، چۆن چاوی ڕووناك نابێتەوە ئەگەر سەیری کرد نەوەکانی سەرگەرمی جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی یەزدانن ، هەر خێزانێك ئاوەدان کرابێتەوە بە نوری باوەڕی ئیسلام پێویستە وەك ئەم خێزانانە بێت ئەوەی ئاشکرە و دیارە خاوەنی خێزان باوك لە هەموویان زیاتر کۆڵی گرانی بەشانەوەیە لە هەموو ئەندامەکانی خێزانەکەی زۆرتر ماندوویەتی دەچێژێت لەبەر ئەوە یەزدانی گەورەو میهرەبان یەکەم کەس ڕوو لەباوك ولێپرسراوی خێزانەکە دەکات ودەفەرموێت قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَأْمُرْ أَهْلَكَ بِٱلصَّلَوٰةِ وَٱصْطَبِرْ عَلَيْهَا ۖ لَا نَسْـَٔلُكَ رِزْقًا ۖ نَّحْنُ نَرْزُقُكَ ۗ وَٱلْعَـٰقِبَةُ لِلتَّقْوَىٰ ﴿١٣٢﴾ ﴾ (طه: ١٣٢).

هەروەها پەیامبەری خۆشەویست لەم بارەیەوە دەفەرموێت (ارجعوا الى اهليكم فاقيموا فيهم وعلموهم وامروهم وصلوا كما رأيتموني اصلي) بخاری ومالك .

هەروەکو دراوە بەسەر خاوەن ماڵ وباوکدا چاودێری وڕێنمایی خێزانەکەی بکات وڕێگەیان نەدات ڕوو لە کاری ناهەموار ودژ بە ئایین بکەن هەر بەو شێوەیەش دراوە بەسەر ژن وخێزاندا یارمەتی وڕێنمایی گەورەی ماڵ وباوك بکەن لەوانە ڕێنمایی کردنی منداڵەکانی بۆ ڕێگەی ئایین وچاکە کردن بەتایبەتی

کاتێ پیاو لە ماڵ نەبێت ، کچەکانی رابهێنێت لەسەر رێگەی ئایینی ئیسلام وفێری فەرمانەکانی سەر شانیان بکات لە شێوەی شۆرینی سەری مانگ وئەوانەی پەیوەندییان پێوەهەیە ،وەستا (محمد) دیفەرمو لە دەمی پێشینانەوە دەگێڕنەوە ، ژنێکی خودا پەرست هەبووە ، هەر کاتێ پیاوەکەی بۆ کار کردن لە ماڵ دەرچووە ، بە پیاوەکەی وتووە (لە یەزدان بترسە وشتی حەرام مەهێنە ماڵەوە ئێمە لە سەر برسیەتی خۆڕاگرین ، لە گەرمای ئاگری دۆزەخ خۆمان بۆ ناگیرێ )

## پشت بە یەزدان بەستن (وتوکل علی الله)

هەر جۆرە زیندەورێك لەم جیهانەدا هەیە ، هەمووی دروستکراوی دەستی یەزدانی گەورەو میهرەبانە وبەئایەتی (کن فیکون) دروستبوونە لەم دروستکراوانە ، مرۆڤ جوانترین شێوەیە کە دروستی کردووە ، دەفەموویێت قَالَ تَعَالَى: ﴿ هُوَ ٱلَّذِى خَلَقَ لَكُم مَّا فِى ٱلْأَرْضِ جَمِيعًا ثُمَّ ٱسْتَوَىٰٓ إِلَى ٱلسَّمَآءِ فَسَوَّىٰهُنَّ سَبْعَ سَمَٰوَٰتٍ ۚ وَهُوَ بِكُلِّ شَىْءٍ عَلِيمٌ ﴿٢٩﴾ ﴾ (البقرة: ٢٩)یەزدانی گەورە ئادەمیزادی جیاکردۆتەوە لە هەموو دروستکراوەکانی خۆی ،ژمارەیەکی زۆر پەیامبەر ونێردراوی بۆ سەر ئەم ئادەمیزادە ناردووە کە ژمارەیان بیست و چوار هەزار پەیامبەرو نێردراون ، بۆ ئەوەی رێنماییان بکات بۆ کاری چاکە ورەوشتی بەرزی جوان ، یەزدان نیعمەتێکی بەئێمەی ئادەمیزاد داوە کە جیاوازی لەگەڵ هەموو دروستکراوەکاندا هەیە ، ئەویش بیرو هزرە جوانترین وگەورەترین بەخشندەیەکە یەزدان بە ئێمەی بەخشیوە پەیامبەری خۆشەویست وقورئانە پیرۆزەکەیەتی ، کە بەگەورەترین نیعمەت دەزانرێت ، ئەگەر لاپەرە پیرۆزەکانی قورئانی پیرۆز بکەینەوە وبەتەواوی بۆمان روون دەبێتەوە یەزدانی گەورەمان هەمیشە فەرمان مان پێدەدات کە تەنها پشت بەئەو ببەستین ، لە هەڵسوراندنی هەموو کارەکانی هەردوو جیهاندا ، هەروەها لەپەرتووکە دێرینەکانی پێش پەیامبەر خۆشەویستماندا هەیە هەر بەم شێوەیە فەرمانیان پێکراو کە تەنها پشت بە یەزدان ببەستن ، ئەگەر (ئینجیل وتەورات وزبور وپەڕاوەکانی دیکەیە ) لەبەر ئەمە پەیامبەری خۆشەویستمان پشت بەستنی بە یەزدان کرد بە چرایەکی رووناك بەدەستیەوە بۆ راگەیاندنی نامە پیرۆزەکەی ئاینی ئیسلام ، یەزدانی گەورە پێمان دەفەرموویێت قَالَ تَعَالَى: ﴿ لَقَدْ جَآءَكُمْ رَسُولٌ مِّنْ أَنفُسِكُمْ عَزِيزٌ عَلَيْهِ مَا عَنِتُّمْ حَرِيصٌ عَلَيْكُم بِٱلْمُؤْمِنِينَ رَءُوفٌ رَّحِيمٌ

﴿١٢٨﴾ فَإِن تَوَلَّوْا فَقُلْ حَسْبِيَ ٱللَّهُ لَآ إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ ۖ عَلَيْهِ تَوَكَّلْتُ ۖ وَهُوَ رَبُّ ٱلْعَرْشِ ٱلْعَظِيمِ ﴿١٢٩﴾ ﴾ (التوبة: ١٢٨ - ١٢٩)

هەروەها دەفەرمووێت: قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَلِلَّهِ غَيْبُ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلْأَرْضِ وَإِلَيْهِ يُرْجَعُ ٱلْأَمْرُ كُلُّهُۥ فَٱعْبُدْهُ وَتَوَكَّلْ عَلَيْهِ ۚ وَمَا رَبُّكَ بِغَٰفِلٍ عَمَّا تَعْمَلُونَ ﴿١٢٣﴾ ﴾ (هود: ١٢٣) **مرۆڤی خاوەن** باوەڕ تەنها بە پشت بەستن **بەئامانجەکانی خۆیان گەیشتونە وتوانیویانە** باوەڕەکەیان کە ئاینینە **پیرۆزەکەیانە بە جیهان رابگەیەنن ، پێویستە لەسەر** ئەمڕۆ مرۆڤێکی ئیسلام بەم **جۆرە رەفتار بکات هەتابە ئامانجەکانی خۆی** دەگات .

## ﴿بێدەنگی ، رێز وگەورەیە﴾

(من كان يؤمن بالله واليوم الاخر فليقل خيرا او ليصمت ) رواه مسلم

ئەگەر یەك پێویستی هەبوو بۆ ئەوەی بدوێت ، لەهەمان كاتدا سەد پێویستی هەیە بۆ بێدەنگی ! دوان پێویستەیكی گرنگی ئاینیە ، ئەگەر بۆ قەدەغەكردن ونەهێشتن ولادانی خراپە كاری وبۆ فەرماندان بە چاكە بەكار بهێنرێت ، لەم بارەیەوە ئاینی پیرۆزمان هانمان دەدات ویەزدان لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرمووێت قَالَ تَعَالَىٰ: ﴿ ۞ لَّا خَيْرَ فِي كَثِيرٍ مِّن نَّجْوَىٰهُمْ إِلَّا مَنْ أَمَرَ بِصَدَقَةٍ أَوْ مَعْرُوفٍ أَوْ إِصْلَٰحٍ بَيْنَ ٱلنَّاسِ ۚ وَمَن يَفْعَلْ ذَٰلِكَ ٱبْتِغَآءَ مَرْضَاتِ ٱللَّهِ فَسَوْفَ نُؤْتِيهِ أَجْرًا عَظِيمًا ﴿١١٤﴾ ﴾ (النساء: ١١٤)

هەروەها لەم بارەیەوە پەیامبەری خۆشەویستمان دەفەرمووێ (من كان يؤمن بالله واليوم الاخر فليقل خيرا او ليصمت ) لەسەری رێككەوتونە ؛ بخاری مسلم

ئەوەی لەم ئایەتە ولەم فەرمودە بە نرخەی پەیامبەری خۆشەویست بۆمان روون كراوەتەوە پێویست بە وتنی ناكات ئەگەر بۆ چاكی نەبێ پێویستە لەسەر هەموو خاوەن باوەرێك ئاگای لە زمانی خۆی بێ ، ئەگەر ووتە هاتە كایەوە مرۆڤ وازی لێبهێنێت زمانگرتن لە رەوشتە جوانەكانی پەیامبەرمانە ، وتە بێژی زۆر رامان دەكێشێت بۆ لای ناڕەوای وخراپە كارییەوە ، سەلامەتی سەری مرۆڤ بەرامبەری نییە . ابی موسی (خ.د) لە پەیامبری پرسی (يارسول الله أي مسلم افضل ؟) فەرموویان (من سلم المسلمون من لسانه ويده) وەستا (محمد)رەحمەتی دەیفەرموو (چەندە جوانە پیاوی ئیسلام زمانی خۆی بپارێزێ وخۆی دوور بخاتەوە لە هاشەوهەرای بێكەڵك بەم كارە دەتوانێ خۆی لەو كێشە وئازارانە رزگار بكات لە ناكاودا یەخەی دەگرن هەر كەس فرە بێژێ بكات وشەكانی تێكەڵ بە وشەی ناڕەواو بێكەڵك دەبێت ، ناوی خەڵك بەبێ هۆو

وبەناحەق دەهێنێت ، بێگومان ئەم کارە دەبێت بەهۆی دروستبوونی گیروگرفت بۆخۆی لەم جیهانەدا ولەلایەن یەزدانیشە وەلێپرسینەوەی لە تەکدا دەکرێ لە رۆژی دواییدا) ئەوەی ئەم هۆنراوەی فەرمووە راستی کردووە .

اذا شئت ان تحياً سليماً من الاذى وحظك موفور وعرضك

لسانك لاتخدش به عروة امرئ فكلك عورات والناس السن

## پەروەردە کردنی منداڵ لە ڕوانگەی ئیسلامەوە

## لە ڕێنماییەکانی پێشڕەوی ئیسلام (ابن جوزی) وەرگیراوە

پێشڕەوێکی ئایینی ئیسلام کە ناوی (ابن الجوزي)یە خاوەنی پەرتووکی بەناو بانگی (اللطائف) ە دەستێکی درێژی هەبووە بۆ ڕێنمایی وپەروەردەکاری چاکە گەیاندنی وچەسپاندنی لە نێو بیروهزری کۆمەڵگەی ئیسلامدا ، بەم شێوەی لای خوارەوە ڕێنماییان بۆ دەکات بۆ بەخێو کردن وپەروەردەی نەوەکانمان لەسەر ڕێگە پیرۆزەکەی ئیسلام .

١- پێویستە ئێمە زۆر چاك بزانین منداڵ وخێزان ئەمانەتێکە بەشانمانەوە .

٢- بەنەرمی جوڵانەوە لە گەڵ منداڵدا بۆ نوێژ کردن ، ئیبراهیم کوڕی ئەدهەم بە کوڕەکەی دەگوت ، کوڕم هەر کاتێ یەکێك لەوتە پیرۆزەکانی پێغەمبەری خۆشەویست لەبەر کرد دەرهەمێك لە من وەربگرە .

٣- پێویستە منداڵ بە بەخشندەیی وشەرموشکۆ پەروەردە بکەین .

٤- هەر لە منداڵیەوە قەدەغەی بکەین ، لە هاوەڵو هاوڕێی خراپ .

٥- بەسەرهات وژیانی پیاو چاکانی بۆ باس بکەین .

٦- دووریان بخەینەوە لە فێربوونی هۆنراوەی دڵداری ، لەبەر ئەوەی تێکدەرە .

٧- قەدەغەیان نەکەین لە فێربوون وزانینی هۆنراوەی ئازایەتی وبەخشندەیی .

٨- قەدەغەیان بکەین لە زۆر خەوتن وزۆر خواردن .

٩- رایان بهێنین لەسەر خواردنی ئاسایی ونوێنی زبر .

١٠- رایان بهێنن ، وەرزشی لەش بکەن بە بەردەوامی .

١١- ئەگەر کارێکی خراپی کرد ئاگاداری بکەینەوە ، هەوڵیش بدەین لەبیری دەرنەچێ .

١٢- بە پێش چاوی خەڵك سەرزەنشتی نەکەین ، لە نێو کۆمەڵ باوێشك نەدەن .

١٣- ئەگەر هۆگر بو بەرەوشتێکی نالەبارەوە ، بە زوویی پێی واز بهێنین

١٤- ئەگەر بە ئامۆژگاری وخۆشی چارە نەکرا ، لێدانی خراپ نییە .

١٥- لە دوای پێگەیشتن نابێ لێ بدرێ ، دەبێت بە هۆی ئەوەی هیوا بخوازێ لە باوك دووەوە بکەوێت ، بۆ ئەوەی سەر بەخۆ بەبێ خاوەن بژێ .

١٦- ئەگەر خاوو خلیچ بوو بە نەرمی هەڵسوکەوتی لەگەڵدا بکرێ ، ابن عباس فەرموویانە (خاووخلیچی منال دەبێت بە هۆی بەرزی بیرو هزری) .

١٧- گوتراوە کورەکەت رەیحانەکەتە بۆ حەوت ساڵ ، خزمەت کارە بۆ حەوت ساڵ بوو بە ١٤ ساڵ ئەگەر چاکەت کرد لەگەڵیا هاوەڵتە ئەگەر خراپەت کرد لەگەڵیا ، دەبێ بە دوژمنت .

## کاتی تووڕەبوون ، شادی شەیتانە

(مرّوه ، فليقل : اعوذ بالله من الشيطان الرجيم)مسلم

پێشرەومان ئیمامی غەزالی ) تووڕەبوون وهەڵچوون بە یەکێك لە رەوشتەکانی درندەو درندایەتی ناو بردووە ، بەمەرجێك ئەو تووڕەبوونە تەنها لە پێناوی یەزداندا نەبێت ، ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز ووتە بەنرخەکانی پەیامبرمان (ﷺ) چارەیەکی راستەوخۆ وراستودروستیان بۆ ئەم ئافەتە نالەبارە دۆزیوەتەوە کە لەنەوەکانی ئادەمیزاد روو دەدەن ، ئەم چارەیە لەلایەن هاوەڵانی پەیامبەرو خاوەن باوەڕانەوە تاقی کراوەتەوە سەر ئەنجام زۆر سەرکەوتوو بوونە ، شەیتانیش رووڕەش ومل کەچ بووە ، هەروەکو ئاماژەمان بۆی کرد ، ئەگەر تووڕەبوون وهەڵچوون تەنها لەپێناوی یەزداندا نەبێت سەر ئەنجام ئەو کەسە دەبێت بەژێر دەستەی شەیتان وسواری ملی دەبێت وجۆرە کردەوە و وشەیەك بەدەمیدا دێت نەهزرو بیر وهۆش پەسندی دەکات ونە بەکاروکردەوەی ئەو مرۆڤەیش دەچێت ، ئەگەر ئەوکەسە پیاو چاکیش بێت یەکێك لە هاوەڵەکانی پەیامبەری خۆشەویستمان داوای رێنمایی لێکرد (فەرموویان لاتغضب دووبارەو سێ بارە فەرموویان لاتغضب) مرۆڤ ئەگەر تووڕە بوو دەمارەکانی لەشی تێکدەچێ ، ئاگای لەخۆی نامێنێ وئەو وشانەی بەدەمیدا دێن لە ژێر دەسەلاتی خۆیدا نییە .لەبەر ئەمە پەیامبەرمان چارەی بۆ دۆزیەوتەوە ودەفەمووێت (اذا غضب احدکم وکان قائما فلیجلس ، او کان جالساً فليضتجع)رواه مسلم ، ئەم هەڵوێستە دەرمانێکی تاقیکراوەیە ، بۆ چارەسەر کردنی ئەم ئافەتە .

پەیامبەری خۆشەویستمان پیاوێکی بینی زۆر تووڕە ببو فەرمانی دا بە هاوەڵکانی فەرموویان (مرّوه ، فلیقل : اعوذ بالله من الشيطان الرجيم)رواه مسلم ئەمە دەرمانی ئەو کەسانەیە کە تووشی نەخۆشی وتووڕەبوون دەبن ، پێویستە

مرۆڤی خاوەن باوەڕ هەمیشە ناوە جوانەکانی یەزدانی بەخشندە ومیهرەبان بەزمان وبەدڵ یاد بکاتەوە بەتایبەتی لە کاتی تووڕەبووندا شەیتان لەم کاتەدا لە مرۆڤ دوور دەکەوێتەوە پەریە پیرۆزەکانی یەزدان بەبەرو پشتیدا هاتوچۆ دەکەن ، وئارامی وخۆشی وهێمنی بۆ دەهێنن (الا بذکر الله تطمئن القلوب )

کۆتایی

(بۆ کوڕەکانم ) (خیر الاعمال خواتمه )

لێرەدا دەمەوێت بە پشتیوانی یەزدانی گەورە ومیهرەبان کۆتایی بەم پەرتووکە بهێنم بە نووسینی ژمارەیەك ئامۆژگاری ورێنمایی کە ئاراستەی نەوەکانی خۆمی دەکەم ، بۆ ئەوەی لە دوای من لە ڕێگە پیرۆزەکەی ئیسلامدا کەم تەرخەم نەبن ، ئەم ئامۆژگاریانە لەم پەرتوکەدا هاتووە ، بەهەموو نرخێك پەیڕەوی بکەن ، بەتایبەتی ئەم ئامۆژگاریانەی لای خوارەوە زۆر گرنگی پێبدەن.

١-کوڕەکانم من زۆر شادمانم ، کاتێ دەبینم شان بەشانی من هەوڵ ئەدەن بۆ جێ بەجێ کردنی فەرمانەکانی یەزدان ، کە دەفەرموویت قَالَ تَعَالَى: ﴿ ۞ قُلْ إِنَّمَآ أَعِظُكُم بِوَٰحِدَةٍ ۖ أَن تَقُومُوا۟ لِلَّهِ مَثْنَىٰ وَفُرَٰدَىٰ ثُمَّ تَتَفَكَّرُوا۟ ۚ مَا بِصَاحِبِكُم مِّن جِنَّةٍ ۚ إِنْ هُوَ إِلَّا نَذِيرٌ لَّكُم بَيْنَ يَدَىْ عَذَابٍ شَدِيدٍ ﴿٤٦﴾ ﴾ (سبا: ٤٦).

کاتێ دەبینم بە هەڵوێستێکی یەزدان پەروەرانە ، بە توانا وهێزوبیرێکی ڕووناکە وەهەوڵ دەدەن ، بۆ گەیاندنی نامە پیرۆزەکەی ئیسلام بە کۆمەڵگەکەمان .

٢-کوڕەکانم گیانم زۆر شادە وبەختەوەرو ڕازی دەبێت ، لە دوای ئەوەی دەمرم وگیانم بە خزمەتی پەروەردگار شاد دەبێت ، ئێوە لە جیاتی ولە جێگەی من ئەو ئالآیە هەڵدەگرن کە من هەڵم گرتووە ، ئێوەیش وەك من ئەو داوایە لە نەوەکانی ئادەم بکەن کە پەیامبەران (ﷺ) داوایان کردووە ، ئەو کالآیە بخەنە بازاڕەکانەوە وپێش چاوی خەڵك کە پیاو چاکان پیشانی چاوی خەڵکیان داوە ، ئەم کارەیش سونەتی یەزدانییە کە لە دوای چین وتوێژێك ، چین وتوێژێکی دیکە جێگەیان دەگرنەوە ، بێگومان هەموو کات وزەمانێك چین وتوێژی خۆی هەیە ، لە نێو ئەو چین وتوێژانەدا پیاوی یەزدان پەرست وپیاو چاکان بە زۆری پەیدا دەبن ، ئەوەی ئاشکرایە زۆرینەی کۆمەڵگەکەمان ئیستا بە هەموو

توێژەکانییەوە بە کچان وبە کوڕانەوە ڕێگەی چاکە ویەزدان پەرستیان گرتووە ، ئەم وێنەیەش مایەی بەختەوەری کۆمەڵگەکەمانە ، لە ئێستادا ولەدوارۆژدا .

٣-ئەی نەوەکانم ، زۆر جێگەی دڵشاد وکامەرانییە دەبینن ئێستا مزگەوتەکانمان ڕازاونەتەوە بە ئەوە گەنج ولاوەکانمان بە دەمو چاوێکی ڕووناك وبەدڵێکی پڕ لە باوەڕەوە ڕوو لەیەزدان ولە ماڵەکەی دەکەن وادەردەکەوێت ئەم نەوانەی کۆمەڵگەی ئیسلام بیر وهزریان پڕبووە وڕێگەی ژیانی هەردوو جیهانیان دۆزیەوتەوە ، ئەم چین وتوێژە پاك وجوانە بەراورد دەکرێن ئەو ئاوە پاکەی کە یەزدان لە ئاسمانەوە مزگێنی بە ئەرز دەدات وئەو تۆوانەی پێی دەڕوێنێت کە لە خۆیدا لە باوەشی گرتون ، سەر ئەنجام دەبێ بەو ڕووەك ودارانەی کە جۆرەها میوەی بەتام بەم خەڵکە دەبەخشن ، هیوادارم ئێوە ببن بە پیاوانی دوارۆژی ڕێگە پیرۆزەکەی ئیسلام وبە چرای ڕووناکی ، ڕێگە پیرۆزەکەی ئیسلام نیشانی کۆمەڵگەکەمان دەدەن .

٤-کوڕەکانم زۆر شادمان دەبم ئەگەر ئێوەش ئاڵای جیهاد وخەبات هەڵبگرن ، لەم بوارەدا تێبکۆشن ، دەستان بخەنە نێو دەستم وشان بەشان هەوڵ بدەین ، لەو زانیار وتاقیکردنەوەی من لە ژیاندا وانەم لێیان وەرگرتووە ئێوەش سوودمەند بن وکەمێك لە ئازار وماندوو بونەکانی سەر شانم کەم بکەنەوە ، بەڕای من جیهاد تەنها مانای شیرو وتفەنگ ئامادەکردن نییە لە هەموو کاتێکدا ئەگەر بمانەوێت بەختەوەر بین وکۆمەڵگەکەمان بەختەوەر بکەین هەموو بوارەکانی ژیان ، بە تایبەتی لەم ڕۆژەدا هەموویان هەر جیهادە .

٥- نەوەکانم ئاشکرایە بە لاتانەوە هەر مرۆڤێك بیەوێت بڕواتە نێو ئایینی پاکی ئیسلامەوە بە ڕستەی (لا اله الا الله محمد رسول الله) تەواو دەبێ بەم وشە پیرۆزانە دەبێت بە براو ویەکسمان ، بەم شێوەیە دێتە ڕیزمانەوە دەبێت بە ئەندامێك لە خێزانە گەورەکەی ئیسلام دا ، ئەمیش ئەگەر لە پێشدا لەسەر

ئایینی ئیسلام نەبوبێت ، ئەی ئەگەر خۆی ئیسلام بێ وله دایك وباوكێكی خاوەن باوەڕی ئیسلام پەیدا بووبێت ! لەبەر ئەمە پێویستە هەموو برایەكی ئیسلام لەهەر چین وتوێژێك ویان لەهەر نەتەوەو گروپێك بێت به چاوی برایانەوە سەیری بكەین وهەڵسوكەوتی له تەكدا بكەین ، ئەوە زۆر چاك بزانن گەورەترین چەكی دوژمنی ئیسلام بەكاری دەهێنێت له دژی كۆمەڵگەكەمان ، ئەویش دوو بەرەكییە (التفرقه) ، دوو بەرەكی له ئایینی ئیسلام نییه ، ئەوەی جیاوازی له ئاییندا دروست بكات ئیسلام نییە

٦- كوڕەكانم ئەوانەی دژ به ئایینی ئیسلامن ، زۆر تێدەكۆشن بۆ بێبەشكردنمان له فێربوونی ئەو رێگە پیرۆزانەی كه یەزدان بۆمانی دیاریكردووە لەبەر ئەوە ژمارەیەك له ئەندامەكانی كۆمەڵگەكەمانیان لەم ئایەنە پیرۆزە دوور خستوەتەوە ، هەمیشە ئەم ئایەتە پیرۆزە بكەن به دروشمی خۆتان

قَالَ تَعَالَى: ﴿ ٱدۡعُ إِلَىٰ سَبِيلِ رَبِّكَ بِٱلۡحِكۡمَةِ وَٱلۡمَوۡعِظَةِ ٱلۡحَسَنَةِۖ وَجَٰدِلۡهُم بِٱلَّتِي هِيَ أَحۡسَنُۚ إِنَّ رَبَّكَ هُوَ أَعۡلَمُ بِمَن ضَلَّ عَن سَبِيلِهِۦ وَهُوَ أَعۡلَمُ بِٱلۡمُهۡتَدِينَ ﴿١٢٥﴾ ﴾ النحل: ١٢٥

## ئایینی ئیسلام لە سێ شتە پێك دێت

١- حیکمەتێ پەسند ولەبار .

٢- رێنمایی وئامۆژگاری جوان .

٣- روون کردنەوە بەو تویژ وسەلماندنی مەبەست بەوشەی راست وجوان .

٧- کوڕەکانم هەواو ولوت بەرزی ولەخۆبایی بوون کاری شەیتانە ئەو رەوشتە بە هیچ جۆرێ کارتان تێنەکات ، ئەم ئایەتە پیرۆزە بەنرخەتان لەیاد نەچێت قَالَ تَعَالَى: ﴿ وَلَا تُصَعِّرْ خَدَّكَ لِلنَّاسِ وَلَا تَمْشِ فِي الْأَرْضِ مَرَحًا إِنَّ اللَّهَ لَا يُحِبُّ كُلَّ مُخْتَالٍ فَخُورٍ ﴿١٨﴾ ﴾ (لقمان: ١٨)

منیش لەم بارەیەوە بەم جۆرە رێنمایتان دەکەم بەم هەڵبەستە ، دەینووسمەوە .

رێنمایی لوقمان لەسوورەی لوقمان — کردی بۆ کوڕی بە دڵوگیان

رێنمایی منیش ئەوەیە بۆتان — لە دوای مردنم دەستم داوێنتان

لەئایەت پانزە ، هەتا نۆزدەمین — وانەیە بەرزە ، زۆر گەورەومبین

بیکەن بەدروشم ، بەختەوەر دەبن — لە هەردوو جیهان ، برەوەدەبێن

رێنمایەکەم ئەمەیە بۆتان — لەبیری نەکەن گەورەی یەزدان

گەورەی یەزدان بگرنە بەرچاو — رێگەتان روونە وەك تیشکی هەتاو

لەهەردوو جیهان ، سەربەرزدەمێنن — بەرامبەریە کەس قەت دانامێنن

قورئان بێ پەیرەووپرۆگرامتان — لێی بکۆڵنەوە دەستم داوێنتام

ئەوەی بە گوێرەی قورئان رێبگات — لە هەردوو جیهان ، رێگە ون ناکات

وەسیەتی سێیەم بۆ ئێوەی نازدار — بۆ جگر گۆشەوبۆ کەس وئەغیار

نەکەن بڕۆنە ناو کوڕی سیاسەت — سەر بەخۆ بژین بەبێ عەلاقەت

نەکەن دین تێکەڵ سیاسەت بکەن — خۆتان روو زەردی قیامت بکەن

ئایین وسیاسەت دژواری یەکن — وەك ئاو وئاگر دوژمنی یەکن

سیاسەت فێڵە وهەم فڕیودانە — ئایین رێگەی راست رێگەی یەزدانە

رۆڵەی شیرینم رۆژێ لە رۆژان  ئەگەر دەستتان رۆیی ، بۆ کاروفەرمان
بوون بەکار بەدەست جێی پرس وەلآم  بیکەن بە پەیڕەو وفەرموودەی کەلام
ئەگەر هەر کارێ ، سپێردرا پێتان  هەڵی سوڕێنن بە گوێرەی قورئان
وەسیەتی چوارەم ، پڕ بەدڵوگیان  بەیانی دەکەم بەرزی نیشتمان
نیشتمان دایك هەرهەموومانە  رێز لێگرتنی ، فەرزی سەر شانە
هەر کەس لە پێناو ، دایکی نیشتمان  پێشکەش بکات سەروماڵوگیان
زیندوو وئەمینێ لەناو دڵ میللەت  ناوی دەمێنێ هەتا قیامەت
خودا لێی رازی وهەم پەیامبەران  جێگەی بەهەشتە ونێو باغی رضوان
هەمو کات دوژمن ، ولآت فرۆشبن  دژ ئیمپریالیزم وهەم داگیر کەر بن
مەبن بە نۆکەر لە بۆ بێگانان  لەناو دڵتان بێ گەڵ ونیشتمان
وەسیەتی پێنجەم ، لێبوردنتان بێ  وشەی لێبوردن ، دروشمتان بێ
لەگەڵ دەست رۆین ، بوردن تەواوە  ئەوە نیشانەی ئازایی وپیاوە
بەرامبەر زۆردار پیاوانی خراو  کەس ، ناکەس بەچە ، پیشە ناتەواو
واز لە ماف هێنان ، بۆ ئەم جۆرانە  پیشەی ترسنۆك وپیاوی جەبانە
وەك رەقی پۆلآ ، وەك زەقی حەقبن  بۆ چاوی زۆردار شیروچقڵ بن
ناڵێم هەڵە شەو زۆر لەسەرا بن  یان مات وبێدەنگ ئاگر ژێر کابن
رێگەی ژیرانە ، بۆ خۆتان دانەن  نەلەئەمیان بن ، نەلە ئەوەیان بن
وسیەتی شەشەم کردەی ناڵەبار  هاتە بە بیرتانا ، بۆ خزم وئەغیار
نامووسی ، خۆتان بهێنە بەرچاو  کۆتایی پێ دێ ئەو کارە تەواو
هیچ پێویست ناکات ، زۆر درێژەدان  ئاماژەم کردە ، بۆ بەرزی قورئان
وەسیەتی حەوتەم ، بۆ کوڕەکانم  بۆ خزم وبۆ کەس ، بۆ نەوەکانم
رێزی کەسوکار بابەرزبێ لاتان  ئەگەر ماموان بێ وئەگەرە خاڵوان
رێزیان لێبگرن بە گوێرەی پێویست  رووتان لێیان بێ لێیان مەکەن پشت

پیاو بەکەسەوە ، سەربەرزو باشە  تاك وتەنهای بۆ خودا باشە
خەڵکی بناسن ، خەڵك بتانناسیٚ  برادەری مەگرن لەگەڵ گشت کەسیٚ
بکەنە برادەر کوڕی ئازا وباش  دوای تاقیکردن وتەجروبەی زۆر باش
نەهێنێ ناو دڵ ، مەخەنە ژێر دەست  پارێزگاری کەن تاکاتی پێویست
ئامۆژگاریم کرد ، بە کورتی وگرژی  هیوام زۆر بەرزە کار نەکەن دژی
بالەبیرتان بیٚ ، ئەم وەسیەتانە  شیروخەنجەرە بۆ ڕێیی تەنگانە
گشت کات (ڕێبوار)ی ڕێگەی قورئانم  قەت لانادەم لێی تادەر چیٚ گیانم

عومەر حاجی عەلی زەنگەنە
١٩٩٧ / ١٠/١٩
گەڕەکی سەربازی

## سوپاس

سوپاسی وستایشی زۆر بۆ ئەو یەزدانە کە پەروەردگاری هەموو زەوییەکان وئاسمانەکانە وئەو بونەوەرانەی تێدا دروستی کردوون ، کە یارمەتیمیدا ، بۆ نووسین وتەواو بوونی پەرتوکی (بەهەشتی یادەوەری) کە لەرۆژی ٢٥ / ربیع الاول / ساڵی ١٤٢٧ کۆچی بەرامبەر بە رۆژی هەینی ٢٠٠٧/٤/١٣ زایەنی لەشاری خورماتوو ، لە گەڕەکی سەربازی لە ماڵی خۆماندا لە دوای خانەنشین بوونم لە بەرواری ٢٠٠٥/٧/١ دەستم بە نووسین کردووە ونووسیمەتەوە ، لەبەرواری سەرەوە وبەیارمەتی خودا تەواوم کردووە هەزاران دروودو سەڵاو لەسەر ئەو زاتە پیرۆزە بێت کە یەزدانی بێهاوتا وپێی فەرموە(وانك لعلى خلق عظيم ) کە محمەدی کوڕی عبداللە کوڕی عبد المطلب هاشمیە لەسەر ئەوو لەسەر هاوەڵە بەرزو پیرۆزەکانی بێت هەتاکو رۆژی دوایی

بەناوی خوای گەورەو میهرەبان

یەکێتی زانایانی ئاینی کوردستان

لقی کەرکوك ناوچەی دووز خورماتوو

ژمارە / ١٠٠

بەروار ٢٠٠٧/٦/٩

بۆ / سەرجەم زانایانی ئاینی ئیسلامی هەریمی کوردستان

بابەت / پشتگیری و دەس خوشی

دەس خوشی دەکەین لە (( مەلا عمر حاجي علي رضا زنگنە ) بۆ نوسینی پەرتـــــوکی (بەهەشتی یادەودری ) وە ئیمە وەکو لیژنەی فەتوای زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان دووز خورماتوو موتابەعەی ئەم پەرتووکەمان کرد کە ایەتەکانی تەواوە راستە لەگەڵ فەرموودکانی پێغەمبەر ( درودی خوای لەسەربێت ) وە ئەم پەرتووکە دوو بەشە بەشێکی ئیجتماعی وبەشێکی دینی وە لە پەرتووکەکە تێگەشتمان ئیخلاسو وەفایی بۆ کاك (وەستا محمد ) دەرخستووە ، وەپەرتووکەکە سوودی هەیە بۆ موسلمانان وەهەر وەها ئۆمێدەوارین شاری خورماتوو چەند قەڵەم بەدەستێکی تری وەکو کاك ( مەلا عمر حاجي علي رضا زنگنە )ی تێدا هەڵکەوێ بۆ خزمەتکردنی ئاینی ئیسلام لە شارەکەدا وگەشە پێدانی بوری رۆشنبیری ئیسلامی . لە کوتیدا داوا کارین لە خوای گەورە کەئەم ئامیلکەیە بکات هۆکاری ئەوەی کـــــە خاوەنـــــەکەی بەهـــــەشت شاد بکات .

امیـــن امیـــن یـــارب العالمین .

(وصلی الله علی سیدنا محمد واله وصحبه وسلم )

بەرپرس ناوچەی دووز خورماتوو
مەلا فؤاد جهانگیر عباس داوودی

ئەندامی لیژنە
شیخ مەلا هیوا طاهر عباس

ئەندامی لیژنە
شیخ مەلا محمد حمید محمود

٣ / د

وێنەك بۆ

- بەرێز یەکێتی زانایانی ئاینی ئیسلامی کوردستان لقی کەرکوك بو ئاگاداری.تکایە .
- بۆ بەرێز لیژنەی ناوچەی پارتی دیمکراتی کوردستان دووز .
- بۆ بەرێز (مەلا عمر حاجي علي رضا زنگنە ) پەرتووك نوس .
- فایلی ناوچەکەمان .

# پێرست وناوەڕۆك


| ژ | بابەت | لاپەڕە |
|---|---|---|
| ١ | پێشکەش | |
| ٢ | دەستپێك | |
| ٣ | کورتە باسێك | |
| ٤ | سەلماندنی بوونی خودا | |
| ٥ | سەلماندنی یەکتایی خودا | |
| ٦ | خۆشەویستی پەیامبەر (د.خ) | |
| ٧ | مەرجەکانی باوەڕ | |
| ٨ | مافەکانی دایك وباوك | |
| ٩ | مافەکانی دراوسێ وبرایەتی | |
| ١٠ | صلە الرحم | |
| ١١ | راست وراست گۆیی | |
| ١٢ | پایەی ئافرەت لە ئاییندا | |
| ١٣ | مرۆڤ وکار کردن | |
| ١٤ | هاوەڵی چاك | |
| ١٥ | نوێژ کۆڵەکەی ئایینە | |
| ١٦ | رۆژوو گرتن | |
| ١٧ | حەج کردن | |
| ١٨ | زەکات دان | |
| ١٩ | رێزگرتنی اهل البیت | |
| ٢٠ | رواتین بۆ ئافرەتی بێگانە | |
| ٢١ | خۆراگری ( الصبر ) | |
| ٢٢ | خووڕەوشتی جوان لەئایینی ئیسلامدا | |
| ٢٣ | کاری خاوەن باوەڕان | |
| ٢٤ | ابو ذر الغفاري | |
| ٢٥ | سزای گەورەووبەهەشتی بەرزەخی | |
| ٢٦ | کورتە ئامۆژگاری نیشتمانی | |
| ٢٧ | کۆمەڵایەتی وکۆمەڵگە | |
| ٢٨ | پرسیار کردن پێویستە | |
| ٢٩ | لەخۆبایی بوون تاوانە | |
| ٣٠ | چۆنێتی پۆشینی پۆشاك | |
| ٣١ | خێزانی خاوەن باوەڕ | |
| ٣٢ | پشت بەستن بە یەزدان | |
| ٣٣ | بێدەنگی رێزوگەورەیە | |
| ٣٤ | رێنمایەکانی ابن الجوزي | |
| ٣٥ | کاتی تووڕەبوون وشەیتان | |
| ٣٦ | کۆتایی بۆ کورەکانم | |
| ٣٧ | سوپاس بۆ یەزدان | |
| ٣٨ | دەست خۆش زانایان | |
| ٣٩ | پێرست | |

بسم الله الرحمن الرحيم

﴿ إِنَّ هَٰذَا لَفِي ٱلصُّحُفِ ٱلۡأُولَىٰ ۝١٨ صُحُفِ إِبۡرَٰهِيمَ وَمُوسَىٰ ۝١٩ ﴾ سورة الأعلى

ئەو سێ ئامۆژگاریە گرنگەی لە (صحف) پەڕاوی ابراهیم

پەیامبەردا(ع) هاتوە

١- هەوڵدانی زۆر بۆ یەزدان پەرستی و بەندایەتی کردن.

٢- هەوڵدان لە پێناوی بژێویدا.

٣- چێژ بینین لەو کارانەی یەزدانی مەزن ڕەوایانی بینیوە

ئەوانەیش لە (صحف) پەڕاوی موسی(ع) دا هاتون.

١- زۆر سەرم سووڕما لەو کەسانەی ئەم جیهانە بەچاو دەبینن کە

بەچی جۆرێك ئاڵوکۆڕ و خوارو ژوورو ژێروبان بە دانیشتوانەکانی

خۆی دەکات لە هەمان کاتدا بەدڵ ئارامیەوە تێدا دادەنیشن.

٢- زۆر سەرم سووڕما لە کاری ئەوکەسانەی کە باوەڕیان بە مردن

هەیە و لەهەمان کاتدا دڵشادن.

٣- زۆر سەرم سووڕ دەمێنێ کە باوەڕیان بە (قدر)ە کانی یەزدان

هەیەو لە ئەنجامدا بەرنامە بۆ کارەکانی دادەڕێژێ و ئەنجامیان دەدات

.

٤- سەرم سووڕما لە کاری ئەو کەسانەی باوەڕیان بە ڕۆژی

لێپرسینەوەی سبەینێ هەیە و سەرەڕای باوەڕەکەیان کاری چاکەیش

بۆ ناکەن